تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com



بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

# زەوی سەخت و ئاسمان دوور

(شێعر و چیرۆک)

مارف ئاغایی

١٣٩٤

سرشناسه : آقائی، معروف، ۱۳۴۳ - ۱۳۷۶.

عنوان و نام پدیدآور : زەوی سەخت و ئاسمان دوور

مشخصات نشر : تهران: کوله پشتی، ۱۳۹۴.

مشخصات ظاهری : ۲۳۰ص.: مصور؛ ۱۴/۵×۲۱/۵ س‌م.

شابک : ۹۷۸-۶۰۰-۷۲۱۷-۵۳-۵:

وضعیت فهرست نویسی : فیپای مختصر

یادداشت : فهرستنویسی کامل این اثر در نشانی: http://opac.nlai.ir قابل دسترسی است

شماره کتابشناسی ملی : ۳۷۸۹۰۹۳

## زەوی سەخت و ئاسمان دوور

**نووسەر:** مارف ئاغایی
**پیداچوونەوە:** ڕەهبەر مەحموودزادە
**پەڕپەندی:** محەمەدئەمین شاسەنەم
**ڕووبەرگ:** حامد حەسەنی
**شابەک:** ٥-٥٣-٧٢١٧-٦٠٠-٩٧٨
**نۆرەی چاپ:** یەکەم، ١٣٩٤ی هەتاوی
**ئەژمار:** ١٠٠٠ دانە
**نرخ:** ١٣٠٠٠ تمەن
**چاپ و بلاوکردنەوە:** سەقز،
فەرهەنگ‌سەرای هونەر و ئەندیشە، ٠٩١٨٧٧٧١٥٨٥

ناوەرۆک


**پێشەکی ........................ ٩**
مارف ئاغایی شاعیری تەنیایی و
ماڵئاوایی ........................ ١٠
وتوویژی ڕامان لەگەڵ مارف
ئاغایی ........................ ٢٥
ژیاننامەی مارف ئاغایی ....... ٣٧
**شێعر ........................ ٤٣**
بێتۆیی ........................ ٤٤
مانەوە ........................ ٤٥
تەنیا ........................ ٤٧
داوا ........................ ٤٨
گومان ........................ ٤٩
بەڵێن ........................ ٥٠
خەون ........................ ٥١
ناسنامە ........................ ٥٢
دڵنیایی ........................ ٥٣
تەرزە ........................ ٥٤
تینوو ........................ ٥٥
گەڕان ........................ ٥٧
قوربانی ........................ ٥٨
کۆچ ........................ ٥٩
باران ........................ ٦٠
من و تۆ ........................ ٦٢
بۆ کۆچی باوکم ........................ ٦٣
چارەنووس ........................ ٦٤
سەرگەردان ........................ ٦٥
قەفەس ........................ ٦٦
بۆ؟ ........................ ٦٧
شەپۆل ........................ ٦٨
تراویلکە ........................ ٦٩
پۆلا ........................ ٧٠
غەریب ........................ ٧١
ونبوو ........................ ٧٢
هیوا ........................ ٧٣
هەواڵ ........................ ٧٤
دیدار ........................ ٧٥
تەنگەبەر ........................ ٧٦
ڕووداو ........................ ٧٧
قۆناخ ........................ ٧٨
ئاوات ........................ ٧٩
ئەزموون ........................ ٨٠

شەهید.................... ٨١
چەواشە .................... ٨٢
بەر ئاگردان.................. ٨٣
موعجزە ..................... ٨٤
پرسە....................... ٨٥
ڕێگا ....................... ٨٦
چەمەر...................... ٨٨
بیر ........................ ٨٩
چەند کۆپلە شێعری سەربەخۆ ٩٠
هەرمان .................... ٩٢
مزگێنی .................... ٩٣
پێچەوانە.................... ٩٤
پرسیار..................... ٩٥
خەو ...................... ٩٦
پەنا ...................... ٩٧
یاد ....................... ٩٨
هاودەردی ................. ٩٩
ژوان...................... ١٠٠
تەعبیر .................... ١٠١
خۆزگە .................... ١٠٢
ئازادی..................... ١٠٣
پێنج کۆپلە شێعری یاغی ..... ١٠٤
توورە...................... ١٠٨
دڕدۆنگ .................... ١٠٩
بەهار ..................... ١١٠
خۆشەویستی ................ ١١١
وێنە ...................... ١١٢
ناو ...................... ١١٣
چاوەڕوانی .................. ١١٤
هاوار ..................... ١١٥
مەودا ..................... ١١٦
تەنیایی .................... ١١٧
غەم....................... ١١٨
زیندان..................... ١١٩
بای بسکان ................. ١٢٠
کۆچ ...................... ١٢١
ئەوینی ئەفسانەیی ........... ١٢٢
بەفر ...................... ١٢٣
ئاویلکە..................... ١٢٤
گڵکۆ ..................... ١٢٥
مان ...................... ١٢٦
ئاوێنە..................... ١٢٧
توانەوە ................... ١٢٨
دەستی خەزان .............. ١٢٩
ماچ ...................... ١٣٠
وەسیەت .................... ١٣١

نامۆ ........................١٣٢
شۆڕەبی ......................١٣٣
سێ هەنگاو تا مەرگ .........١٣٥
برووسک.........................١٣٦
خۆشم دەوێی، لێشت توورەم ١٣٧
سەفەری مەرگ و ژین .......١٤٣
پـــەیـــام ......................١٦٦
**چیرۆک ......................... ١٨٥**
ژیان ..........................١٨٦
پووکانەوە .....................١٨٨
زەماوەند .......................١٨٩
ماڵئاوا .........................١٩١
ڕاوچی .........................١٩٥
پرسە ..........................١٩٦
بەرەی داهاتوو ................١٩٩
...؟ ............................٢٠٣
...؟ ............................٢٠٦
هەڵبژاردن .....................٢٠٩
کوردستان......................٢١٣
پووڵدان ........................٢١٦
**ئاڵبۆمی وێنە ...................٢٢١**

# پێشەکی

# مارف ئاغایی
# شاعیری تەنیایی و ماڵئاوایی

محەمەد حەمەباقی *

مەرگی کتوپڕ و بەرودوای سێ شاعیری هەڵکەوتووی وەک: سوارە ئیلخانیزادە (١٩٤٢ـ ١٩٧٥)، خانم ژیلا حسەینی (١٩٦٤ـ ١٩٩٦/٩/٢٤) و مارف ئاغایی (١٩٦٥ـ ١٩٩٨/٢/١٩) لە هەرەتی لاوی و درەوشانەوەی شاعیرانەیاندا و لە ماوەی ٢٣ساڵی ڕابردوودا، لە هەمان کاتیشدا بە کارەساتی دڵتەزێنی ئۆتومبیل، ئەوەندەی جێی سەرسوڕمانە، ئەوەندەش کۆست و هەرەسێکی ئەدەبی و فەرهەنگیی چاوەڕوان نەکراوە بۆ شیعری ئەم بەشەی نیشتمان، کە پڕکردنەوەی جێگەی هەر یەکێکیان لە کاروانی شیعری هاوچەرخی کوردستانی ئێراندا، کارێکی ئەستەم و درێژخایەنی دەوێ ... لە لایەکی تریشەوە پێناسە کردنی شیعر و شاعیریتی هەر یەکێکیشیان، دەرفەت و مەودایەکی تری دەوێ، کە ئەم وتارە کورتە، تەقەللایەکی دەستپێشکارانەیە بۆ بەسەرکردنەوەیەکی خێرای شیعری یەکێک لە دوایین جوانەمەرگەکانی ئەم سێ کوچکە شیعرییە واتە شیعری مارف ئاغایی؛ بەڵام لە کلاوڕۆژنە و بە پێودانی نەخشەی شیعری کوردیی کوردستانی ئێران.

لە نێو خەڵک تەنیام و
بەتەنیاش خەڵکێکم
«مارف ئاغایی»

شێعر، ئاسکێکی کێوی و سڵۆک و سرکە و بە ئاسانی دەستەمۆ ناکرێ، بۆیە بە پێی بیروڕای زۆربەی ڕەخنەگرانی جیهان، باس کردنی شێعر، بە کارێکی دژوار و ناسک لە قەڵەم دەدرێ و هەر لەبەر ئەمەشە بە تۆپزی و زۆرەملێ سەری پێ نەوی ناکرێ و ناچێتە ژێر ڕکێفی هیچ تیۆر و پێوەر و پێناسە و قاڵبێکی مەند و وەستاوەوە ....

خۆ ئەگەر بەم سڵ و پارێزەوە لە پێناسەی شێعری مارف ئاغایی بگەڕێین، ئەوا ئەم شاعیرە، ئەو پێناسەیە هەڵدەگرێ کە هەر تایبەتمەندێتی شێعرەکانی دەیخوازێ.

ئەم شاعیرە، لە جوگرافیایەکی شێعری‌دا چاوی ئەدەبیی کردەوە، کە پۆلێک شاعیری وەک: سوارە ئیلخانی‌زادە، فاتیحی شێخولئیسلامی «چاوە»، عەلی حەسەنیانی «هاوار» و قاسم موئەییەدزادە «هەڵۆ»، زەمینەی یاخی‌بوونیان لە مەرجەکانی شێعری عەرووز دەست پێ کردبوو ... بەڵام دەست‌پێ‌کردنێکی هێواش و بێ بەرنامە و جیا جیا، کە تیایاندا سوارە درەوشاوەترینیان بوو؛ چونکە سوارە، بە هەموو مانای "نوێ‌بوونەوە"، نوێ‌بوونەوەی زۆربەی کەرەسەکانی شێعر بوو، کە لە شێعری عەرووزی کوردستانی ئێراندا، مێژووەکەی لە شاعیرانی کلاسیزمەوە دەست پێ‌دەکات؛ تا دەگاتە سەر سەیفولقوزات، هێمن، هەژار و هێدی؛ کە ئەم چوار شاعیرەی دوایی بە گشتی و بەتایبەتیش هێمن و هەژار، نوێنەر و بنەمای قوناغێکی تازەن لە شێعری ڕاچەنین و بەرخۆدان و بەرەنگاری و ... گەڕانەوەن بۆ سەرچاوە ڕوونەکانی ڕۆحی شێعری خانی و حاجی قادری کۆیی و ...

لە دوای سوارە، هاوار، چاوە و هەڵۆ چەند شەپۆل و دەستەیەکی جیاجیای تری شاعیران لەم ٢٠ ساڵەی دوایی‌دا سەر هەڵدەدەن، کە تەمەن و

تاقی‌کردنەوە و دەستە و پۆلبەندی‌کردنی ئەم چەند شەپۆلە تێکەڵ و جیاوازە، لە توانا و کاری ئەم نووسینە کورتەدا نییە و ... تەنیا وردەسەرنجی سەرپێیی لە بارەیانەوە بوترێ، ئەوەیە کە ئەگەر وەک ئاکام لە دەنگ‌دانەوەیان ورد بینەوە، دەزانین تێکڕایان جوگرافیای بەرینی شیعری کوردی لە ئامێزیان دەگرێ و لە هەمان کاتیش‌دا لە ئەزموون و بزاڤی سەرتاسەری شیعری کوردستانی عێراقیش جیا ناکرێنەوە؛ بەڵام وەک سروشتی هەموو بزووتنەوەیەکی شیعری، هەندێ لەم ناوانەی ئەم ٢٠ ساڵە، هەر زوو لە بەخشین و چالاکیی شیعر پێشکەش‌کردن کەوتن؛ هەندێکی تریشیان زۆر سارد و لاواز هەنگاو دەنێن؛ هەندێکی تریشیان هێشتا نەیانتوانیوە لە سنوری تەنگەبەری دیالێکت و بن دیالێکتی ناوچەیی خۆیان بێنە دەرێ؛ هەندێکی تریشیان ڕێچکەی مەیدانێکی تری ئەدەبی و هونەرییان گرتۆتە بەر و ... بە پێچەوانەشەوە دەستەیەکی تریان، بە تەوژم و تینێکی شاعیرانە، بەڵام هێورانە و هۆشیارانە و بە گیانێکی لێپرسراوانە، لە بەخشین و پێشکەش‌کردن‌دان، کە مارف ئاغایی لە ناوە درەوشاوەکانی ئەم دەستەیەیە؛ جگە لەمەش، ئەگەر وەک جوگرافیا سەیری ئەم چەند شەپۆلە بکەین، دەبینین ئەزموونی شیعری ئەم ٢٠ ساڵە، تا لە ناوەندی ناوچەی موکریان نزیک‌تر ببینەوە، کەش‌وهەوای تایبەتمەندیتی شیعری کوردی و باری ناوەرۆکی شیعر، زەق‌تر خۆی دەنوێنێ و ... بە پێچەوانەشەوە، تا لە موکریانەوە بەرەو ئەردەڵان بچین، لە باری شێواز و ڕوخسارەوە لە پەنجەرەکانی ئەزموونی شیعری ئێستای فارسی نزیک‌تر دەبینەوە.

لە نێوان ئەو دوو دەستەیەدا، کە سوارە و مارف تیایان‌دا درەوشانەوە؛ پردێکی بەهێز بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، ناوی جەلال مەلەکشایە ... کە پشووی درێژی جەلالی مەلەکشا، لای هەردوو سەری پردەکە، لە بەرچاوە و هێشتا هیچ دەستەیەکیشیان نەیانتوانیوە بەرە لە ژێر پێی دەربهێنن؛ چونکە جەلال ئاگادارییەکی تێروتەسەلی لە سەر ڕێبازگەکانی شیعری فارسی بەگشتی و بەتایبەتیش مێژووی شیعری کوردی هەیە، کە لەم مێژووەدا بە

دەنگ بانگەوازی شیعری «خانی» و «حاجی قادری کۆیی»یەوە چووە و جسیپەنجە و ڕەنگدانەوەی شیعری عەبدوڵلا پەشێوی، قوتابی ئەو قوتابخانەیەی بە سەرەوەیە ...

تەقەللای دژوار و بێ پشووی مارف ئاغایی لە نێو بازنە و شەپۆلی شیعری هاوچەرخەکانی‌دا، بۆ خۆ جیا کردنەوە و گەڕان بە دوای شوێنپێی خۆدۆزینەوەی‌دا، تینوێتی و پەژارەیەکی بێ ئۆقرە و بزۆزی دابوو بە مارف، بە جۆرێک کردبووی بە جوانوویەکی هەمیشە یاخی و تینوو، لە بیابانێکی قاقڕ و نادیاردا؛ کە هەموو دەوروبەری خۆی بە تراویلکەیەکی بێ سنوور دەزانی ... حەزی نەدەکرد بە سەر لاپەڕەکانی مێژووی چەندان بارەوەبووی خۆی‌دا غارغارێن بکات ... لە هەموو مێژووی خۆی تووڕە و دڕدۆنگ بوو ... هەرچۆنێ چیرۆکی شیعری خۆی دەنووسییەوە، هەستی دەکرد خۆی دووبارە دەکاتەوە ... بۆیە لە خۆیشی دڕدۆنگ بوو ... خۆی دەدڕاند و دیسانەوە ئەزموونی خۆنووسینەوەیەکی تری دەکرد ... لە ماوەی ئەم دە ساڵەی دوایی تەمەنی‌دا، کە شیعر خۆراکی ڕۆحی بوو؛ چەند جارێک کۆمەڵە شیعرەکەی خۆی بۆ چاپ کۆکردەوە ... لە هەموو کۆکردنەوەیەکدا، چەندان شیعری لێ هەڵدەبوارد و شادمان بوو کە زوو چاپی نەکردن ... ساڵی ١٩٩٤ ز، بۆ جارێکی تر بە ناوی پردی برووسکە کۆی کردنەوە و ودمی لە چاپدانی وەرگرت؛ ئەمجارەشیان هەر پەرۆشی لە چاپدانیان نەبوو ... تا سەرەتای ساڵی ١٩٩٨ ز، کە لە سەر تکای من و کاکە موحسینی خالیدی هاوڕێی شاعیر و هاوکاری، سەرلەنۆی دەستی تیوەردانەوە و هەندێکی تریانی هەڵپرتاوەتەوە و ئەمجارەیان ناوەکەیشی گۆڕی و کردی بە: زەوی سەخت و ئاسمان دوور.

ئەو ڕۆژانەی ئەم کۆمەڵە شیعرەی ئامادەی چاپ دەکرد، قەسیدەیەکی درێژی هێشتا تەواونەکراویشی بە دەستەوە بوو، بریتی بوو لە باری سەرنجی شاعیرانەی خۆی، بەرامبەر بە ڕووداوەکانی ئێستای نیشتمانەکەی ... دوو شەو بەر لە مەرگی، لە ماڵی خۆیان لە ورمێ، بۆمی خوێندەوە ... لەو قەسیدەیەش

نـابەدڵ بـوو ... حەزی دەکـرد زۆرتـر لەگەڵـیدا بـژی و جینگـڵ بـدات و دەستکاری زۆرتری بکاتەوە ... بە جۆرێک تا ئەندازەی ئەوەی حەزی دەکـرد لەو شیعرەدا بکەوێتە بەر مێژووی ئێستای نیشتمانەکەی ... چـونکە مـن پـێم وایە: شیعری گەورە، لە جیاتی ئەوەی مێـژوو بەجێـی بهێڵـێ، خـۆی مێـژوو بەجێ دەهێڵـێ ... تەنـانەت بە هـۆی بـزووتنەوەی ئەفرانـدن و داهێنـانیەوە، بزووتنەوەی مێژوو دروست دەکات ... لەبەر ئەوە ئەو جۆرە شـیعرە گەورانە، لە جیاتی ئەوەی ڕووداوێک بۆ ئێمە بگێڕنەوە؛ خۆیان دەبنە ڕووداو ... خۆیان دەبنە کارەسات ... هەر بۆیە لە جیـاتی ئەوەی لە ڕابـردووەوە قسـە بـۆ ئـێمە بکەن، لە داهاتووەوە بۆمان دەدوێن ... لەم جۆرە شیعرە گەورانەدا ـ کە خۆیان دەبنە مێژوو ـ مێژووی ئاسایی دەچێتە کەنار و داهێنان و ئەفراندنی نوێ دێـتە ئاراوە، بۆیە لەجیاتی زمانی مێژوو، زمانی شیعر دێتە گۆ؛ کە لەم لەدایکبوونە نوێیەدا، زمـانی شـیعر، زمـانی شـیعراندن و هونەرانـدنی مێـژووە ... زمـانی چڕکردنەوەی تیرۆانینە ... زمانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەردوون و نهێنییەکانە ... چـونکە زمـانی شـیعر، بە پـێچەوانەی بوارەکـانی تـری ئەدەب، زمـانی نوێکردنەوەی توانا و مەودای واژەیە ... لە کاتێکدا زمان لە بەشـەکانی تری ئەدەبدا، بۆ گەیاندن و ڕوونکردنەوەی مەبەست و پەیـامی نووسـەرەکە بە کار دێت ... کە بەمەش، زمان وەک سووتەمەنی لێ دێـت ... واتە: وەک چـۆن نەوت، بە نیـازی ڕووناکـایی و گەرمکـردنەوە، بە کـار دێـت، زمـانیش لە بوارەکانی تری ئەدەبدا، هەر تەنیا بۆ گەیاندنی پەیـام و مەبەسـتەکە بە کـار دێت ... بۆیە دوای گەیانـدنی مەبەسـتەکە، زمـانەکەش لە نێـو نووسـینەکەدا دوایی دێت ... بەڵام لە شیعردا، زمان لەو کاتەوە مانای بە بەردا دەکرێت، کە لە بناغە و هـەڵچنینی شـــیعردا بە کار دێت ...

هەر لەبەر ئەمەیە، کە لە زمانی خواستەمەنی و ئامرازەکانی شیعری مـارف ورد دەبیـنەوە، هەسـت دەکەیـن بە دوای کـۆمەڵە کەرەسـەیەکدا دەگەڕێ، جیـاوازتر بێـت لە کەشوهەوای شـیعری هاوڕێکـانی ... چـونکە دەیزانـی کەشوهەوای شیعری هاوڕێکـانی، جـگە لەوەی زۆربەیـان لاسـایی یەکتـر

دەکەنەوە، لە هەمان کاتیش‌دا زۆربەیان گیرۆدەی سێبەری هەندێ لووتکەی شیعر و ئەزموونی شاعیرانی ترن، کە توێژاڵێکی تەنکی ڕۆمانسییانە، کۆیان دەکاتەوە ... لەم مەیدانەدا تەقەللای مارف، تەقەللایەکی چەند لایەنە و پڕ تەنگ‌وچەڵەمە بوو ... تا بتوانێت خۆی لەو هەموو میراتە ئیقلیم‌گیرە دەرباز بکات ... بەتایبەتیش خۆدەربازکردن لە جێ‌پەنجە و سێبەری لووتکەی شیعری ... کە ئەم میراتەیان لە مێژووی شیعری هەموو گەلانی دنیادا، تا درەنگانێ بە سەر ئەزموون و مێژووی شیعری نەوەکانی دواترەوە جێ‌دەمێنێ ... وەک چۆن بۆن و بەرامە و هەوێنی شیعری دیالێکتی گۆران بەگشتی و بەتایبەتیش شیعری مەولەوی تاوەگۆزی، بە سەر شیعری «پیرەمێرد» و «عەبدوڵلا گۆران»ەوە دیارە؛ هەر بەو جۆرەش ڕەنگ‌دانەوەی شیعری حاجی قادری کۆیی و پیرەمێرد و عەبدوڵلا گۆرانیش، بە سەر ئەم قۆناغەی شیعری کوردییەوە دیارە و هێشتا خۆ ڕزگار کردن لە سێبەری ئەو چەند لووتکە بڵندە، ڕەنج و نەسرەوتنی زۆرتری دەوێ؛ کە مارف ئاغایی، بە ئاگادارییەکی زۆرەوە لە گەنجینە و ئەزموون و قۆناغەکانی شیعری دەروانی و پەندی زۆری لێ وەردەگرتن ... بەڵام بەو مانایە نا، کە لەم ئەزموونی ١٠ ساڵ شیعر نووسینەی‌دا توانیبێتی شەقڵ و مۆرکێکی تایبەت و جیاواز، بۆ دەنگ و ڕەنگی خۆی پێکەوە بنێ ئۆخژنی هاتبێ ... بەڵکوو گەڕان و سۆراخ و پشکنینی بێ ئارام و نەپساوی لەم پێناوەدا، توانیبووی سەرنجی شیعردۆستانی خۆی، بەرەو ئەوە بۆ لای خۆی ڕابکێشی، کە ئاوڕ لە تەقەلـلاکەی بدەنەوە ... بەتایبەتیش کورت‌کردنەوە و چڕکردنەوەی زمانی شیعری مارف، دیاردەیەکی ئاشکرا و بەرچاوی تەقەللاکانیەتی، کە دەیەوێ بە کەم‌ترین واژە و کورت‌ترین ڕستە و دەربڕین، فراوان‌ترین ڕوانینی خۆیمان پێ بڵێت، کە سەرتاپای ڕوانینەکانی بریتییە لە خوێندنەوەیەکی دووبارەی مێژووی خۆی ...لەم مێژووەش‌دا تەنیایی خۆی لە نێو بازنەیەکی گەمارۆدراوی چەق‌بەستوودا دەبینێ، کە گیانی بەرگری و دەربازبوون لەو بازنەیە، ڕۆحێکی هەمیشە سەنگەرگرتووی

تیـدا دروسـت کـردووە و ... لە بەرامبەریشـی دا، ئەوانەی گەمارۆیـان داوە، هەمیشە وای نیشان دەدەن کە گیانلەبەریکـی تەنیـا و تەریـک و سـەرچڵ و یاخی و دوورە ژیار و دەرکراوی مێژووە: (ئاسنامە، خەون، سەفەری مەرگ و ژین).

بەڵام مارف مێژووی خۆی بە دیدیکی شارسـتانییانە دەخـوێنێتەوە و هەر بەو دیدەشەوە لە سەرەتا و قووڵایی مێژووەوە، گـوێی لە بـانگەوازی مرۆڤـی ئەشکەوتنشینی نیشـتمانەکەی خـۆی دەگـرێ؛ تـا دەگـاتە مێـژووی ئەم رۆژگارەی، کە لە سەر شەقامی قیرتاو و سـاڵۆنی کۆبـوونەوەی فەرهەنگیـی جیاجیـای گەلان و نەتەوەکـانی دنیـاوە، قسـەی نـوێ و بیـری نـوێی مرۆڤدۆستانەی گەلەکەی، بە توانا و ئیرادەیەکی پتەوەوە بۆ گەلانی دنیا باس بکات و لە هەموو باسکردنەکانیشی‌دا بیەوێ ئەم پەیامەی، بە هونەری شیعر دەربخات، نەک بە قسەی ڕووت و دروشمی سیاسی و پـاڕانەوە و لالانەوەی ڕۆمانسییانە، کە بۆتە سـیما و ڕواڵەتیکـی زۆریـنەی شـیعری ئەم سـەردەمە؛ هەرچەندە من پێم‌وایە هەوێنی ڕۆمانسـییانە، لە هەمـوو شـیعریکی گەورەدا هەیە، بەڵام پاڕانەوە و کڕووزانەوە لە نـاو شـیعری ڕۆمانسـییانەدا، نیشـانەی بێ‌توانایی و تیکشکان و هەرەس‌هینانی ورەی مرۆڤە لە بەردەم چارەنووسـی خۆی‌دا، کە ئەگەریش مرۆڤایەتی ئاوریک لەو جۆرە کڕووزانەوەیە بـداتەوە، یـان گـوێی لـێ بگـرێ، هەر بەتەنیـا بە گیـانی بەزەیـی و سـۆزەوە لایەکـی لـێ‌دەکـاتەوە ... کە ئەمەش ئەوەنـدەی تۆسـقاڵیک چارەسـەریی بنچینەیـی چارەنووس و کیشـەی ڕەوا و خوازیـارە مرۆییەکـانی ناکـات ... بەڵام ئەگەر شیعری مارف توێژاڵیکی تەنکی ڕۆمانسییانەش لە ئامێزی گـرتبن، لە هەمـان کـات‌دا سـیما و ڕەگەزەکـانی شـیعری مـارف، ڕاچەنـین و بەرخـۆدانیکی تایبەتییان تێدایە و نایـانەوێ لاسـایی و چـاولیکەریی سـەرومڕی ئەو سـیما گشتییانە بن کە زۆرینەی شیعری دەوروبەرەکەی دەڕژینێـتە یەک ڕووبـاری هاوبەشەوە، بەڵکوو تەقەلـلایەکە بـۆ مەلە کـردن بە پـێچەوانەی ڕەوتـی ئەو ڕووبـارە ... تەقەلـلایەکە بـۆ جیـا بـوونەوە لە کـاروان و سـەرپێچی کردنـی

مەرجەکانی خێڵ ... تەقەللایەکە بۆ گۆرانی چڕین بە تەنیا؛ نەک لە ناو دەستە و کۆرسێکدا ... کە مارف ئاغایی بەوپەڕی دڵنیایی و هوشیارییەوە دەیزانی ئەم تەقەللایە، بەرەو تەنیایی و دابڕانی دەبات و لە هەموو قووڵایی هەستیەوە، هەستی بە تەنیایی دەکرد: (بێ‌تۆیی، تەنیا، تەرزە، تینوو، ونبوو).

ئەم گیانی تەنیایەی شاعیر، کە لە ئاکامی هەڵوەدایی و گەڕان بە دوای ناسنامەیەکی تایبەتی و جیاوازدا، لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بە ڕای من، ترس و گومانێکە کە لە نەستی شاعیردا دروست بووە.. ئەو ترس و گومانەش بەرئەنجامی ئەندازە و ڕادەی ورە و بوێری شاعیرە؛ بۆ جێ‌هێشتن و تێپەڕاندنی ئەو سنووری کەش‌وهەوایەی شیعری سەردەم و ئەو شەپۆلە شیعرییەی لە ئامێز گرتووە، کە ئەم شاعیرەی تێدا دەژی ... واتە: شاعیر چەند دەیەوێ لە یاسا و تایبەتمەندییە گشتییەکانی شیعری دەوروبەری یاخی بێت و دوور بکەوێتەوە، ئەوەندەش هەست بە تەنیایی و ترس و گومان دەکات ... وەک ئەوانەی دەیانەوێ لە زیندان هەڵبێن، یان ئەوانەی دەیانەوێ لە یاسا و نەریتی خێڵ یاخی بن، یان ئەوانەی دەیانەوێ لە کاروان دوور بکەونەوە ... کە بە دەم دوور کەوتنەوەیانەوە، بانگەواز و هەڕەشەیەکی نهێنی و شاراوە، لە قووڵایی ڕۆحیاندا ئابلۆقەی داون و بانگیان دەکاتەوە، بۆ گەڕانەوە بۆ ئامێزی ئەو کۆمەڵە پەیوەندی و بیرەوەری و پاشخانە فەرهەنگییەی پێی پەروەردە بوون؛ کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەم دیاردەیە لە ئەدەب و هونەر و بوارەکانی تری کۆمەڵایەتیدا، بەرئەنجام و دەرهاویشتەی ڕەنگدانەوە و جێ‌پەنجەی میرات و کولتوور و فەرهەنگی نەوەکانی پێشووتر بوون لە سەر یەکتری ... یان بە واتەیەکی تر: هەموویان بەرودوا لە منداڵدانی پێشینەی یەکتریدا لە دایک بوون ... بۆیە کاتێکیش بە شاعیرێک دەوترێت: خاوەنی دەنگی تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هێشتا هەموو لایەکانی ئەو دەنگە تایبەتەی، تایبەت نابێت بە داهێنان و توانای ئەو ساتەوەختە خێرایانەی ئەو شاعیرە، شیعریان تێدا دەنووسێ ... بەڵکوو پێی بزانێ، یان

نەزانێ؛ بیەوێ، یان نەیەوێ؛ زەبر و ڕەنگدانەوەی چەندان ئەزموون و کەلەپووری چەندان سەردەم و فەرهەنگی پێشینەی خۆیەتی؛ کە لە ئەستی شاعیردا، کەڵەکە بوون و لە ساتە برووسکەییەکانی ئیلهام و لەدایکبوونی بەرهەمەکانیدا، بە شێوەی نادیار و شاراوە، دەڕژێنە داهێنانەکانیەوە ... چونکە ئەدەب و هونەر، بەرینایی کۆمەڵە هەڵکشانێکی ئاسۆیی یە، لەگەڵ ناخی مرۆڤ هاوتەریب، وەڕێ دەکەوێ و هەرگیز و لە هیچ سەردەمێکدا دابڕانی تیناکەوێ و قۆناغی لێ نابێتەوە ... لەبەر ئەوە هەرچی ئەو قۆناغ و دابڕان و دەستەبەندیکردنانەی دروست کراون، ڕەخنە و دەقی ڕەخنەیی دروستی کردوون ... بۆیە بۆ وێنە کاتێ بە شاعیرێکی گەورەی وەک عەبدوڵڵا گۆران دەڵێین: شاعیرێکی نوێخوازە و ... لە سەرومڕی کەرەسە نوێخوازییەکەی ورد دەبێتەوە؛ سەرەنج دەدەین سەرەڕای ئەو هەموو دەسەڵاتە مەزن و ئاگادارییەی لە سەر شیعری تازەی ئەورووپا و گەلانی دراوسێ و یاخیبوونە جوان و گەورەیەی گۆران لە بەرامبەر کۆت و پێوەندەکانی شیعری پێشینەی خۆیدا ئەنجامی داوە ... کە چی هێشتا مەرج و مۆرک و یاساگەلی شاعیرانی پێش خۆی و بەتایبەتیش شاعیرانی دیالێکتی گۆران، بە سەرجەمی شیعرەکانیەوە ماون و ... لە سەروو هەمووشیانەوە، کۆت و پێوەندی کێش و سەروای سەدان ساڵی شیعر، کە ئەگەرچیش (هەندێ) لەو وەزنانەی گۆران بە کاری هێناون، بنەچەکەیان کوردییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەر بریتین لەو کۆمەڵە مەرج و ڕێسایەی لە دێرزەمانەوە، لە ئەستۆی شیعر بار کراون ... بۆیە گۆران، بۆ گوێڕایەڵی و پەیڕەو کردنی کێش و سەروا، قوربانی داوە بە زۆر کێشەی گەورەتر لە کێش و سەروا و ... تەنانەت ئەوەندەی پابەندی کێش و سەروایە، ئەوەندە دەربەستی ناوەرۆک نییە ... بۆیە لە زۆر شیعردا، ئەگەر کێش و قافیەی لێ بستێنیەوە، هیچی پێ نامێنێ ... لە کاتێکدا وەک دەزانین گەوهەری شیعر، بریتی نییە لە کێش و سەروا ... بەڵکوو بریتییە لە کۆمەڵێک شتی قووڵتر و مەزنتر لە کێش و سەروا ... بەتایبەتیش ڕوانینی تازە بۆ ژیان و ئازادی و

تەقاندنەوەی مانا و مەودای تازە بۆ واژە و ورووژاندنی کێشە بنچینەییەکانی مرۆڤی سەردەم بە گشتی ...

خۆ ئەگەر قۆناغی دوای "گۆران"یش، وردە تەقەلـلای تریان دابێت بۆ ئازاد کردنی شیعر، لە کۆت و پێوەندی کێش و سەروا، بەڵام هێشتا کێش، بارێکی گرانی جەستەی شیعری کوردییە و سەرومڕی شاعیرانی ئێستا، گیرۆدەی ئەم مەرجە ئەفسانەیی یەن و ... ئەو شەپۆلە شاعیرەش کە مارف تیایاندا دەبینرێ، هێشتا ئەم تەلیسمەیان پێ نەشکاوە ... لە کاتێکدا نزیکەی ١٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا، شاعیرانی وەک: شارل بودلێر (١٨٢١ز ـ ١٨٦٧ز)، لە فەرانسە و واڵت وایتمان (١٨١٩ز ـ ١٨٩٢ز) لە ئەمەریکا، سنووری نێوان شیعری کێشدار و پەخشانیان بەزاند ... چونکە کێش یەکێکە لە مەرجەکانی نەزم، نەک شیعر ... لە بەر ئەوەی کێش، چەند بریتییە لە مەرج، ئەوەندەش مەرجێکی ئاسایی و ئامادە و چاوەڕوانکراوە ... لە کاتێکدا گەوهەری شیعر، کێش ناخوازێ؛ واتە: کێشێکی دیاریکراو ناخوازێ ... بەڵکوو جۆرە مۆسیقایەک دەخوازێ، کە لە هەناوی ئاهەنگ و چرپەی شیعرەکەوە، زۆر سروشتییانە هەڵدەقوڵێت ... بۆیە ئەوانەی پێیان وایە: شیعر، بێ کێش نابێ، ئەوانە شیعر، لە نەزم نزیک دەخەنەوە؛ چونکە هەر نەزمە، بێ کێش نانووسرێ ... ئەمە، جگە لەوەی کە کێش کۆمەڵە ئەندازە و پێوانەی پێشتر ئامادە کراوە و هەموو کەسێک (ئەگەر شاعیریش نەبن) دەتوانن فێری ببن ... بەڵام ئەو مۆسیقا شاراوە و نادیارەی لە شیعری ئازاددا پێی دەوترێ: ڕیتم (Rhythm) و عبدوڵلا گۆران ناوی ناوە: ترپە، دەسەڵاتی داهێنەرانەی شیعر، دروستی دەکات و هەموو کەس فێری نابێت ... لەبەر ئەوە بە ڕای من، یاخیبوون لە کێش، ئازایەتی و هونەری زۆرتر گەرەکە، لەوەی چەند کێشێکی پێشتر ئامادە کراو بینە کەرەسەی شیعر! کە ئەمەش وەک ئەوە وایە بڵێین: کێش، کەرەسەیەکی ئامادەیە شاعیر لە کاتی شیعر نووسیندا پەنای بۆ دەبات، کەچی ڕیتم، ئەو کەرەسەیەیە کە لەگەڵ لەدایکبوونی شیعرەکەدا دروست دەکرێ.

واتە کێش، ئامراز و خواستەمەنییەکە، لە دەرەوەی شیعرەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ناوەوەی شیعرەکە ... بەڵام ڕیتم لە ناخی شیعرەکەوە لە دایک دەبێ ... لەدایکبوونەکەشی بە گوێرەی باری دەروونی شاعیرەکە و شێوەی هەڵچنینی پیت و واژە و ڕستەوە لە دایک دەبێ ... بۆیە شیعری ئازاد، ڕیتمی گەرەکە، نەک کێش ... کە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ هەرکەس لە کێش یاخی بێت، دەتوانێ شیعر بنووسێ! هەروەک چۆن هەرکەس شارەزای کێش بێت، ناتوانێ شیعر بنووسێت ... هەر لەبەر ئەمەشە، زۆر جار لە گریانێکی قووڵ و ڕاستەقینەدا، هەوێنی شیعر دەبینرێ ... یان هەندێ جار ئەوەندەی لە نامەیەکدا، شیعر هەیە، لە شیعرێکی کێشداردا نییە ... وەک نموونەی پێشەکی "تاریک و ڕوون"ی شاعیری گەل، مامۆستا هێمن، کە ئەوەندەی شیعر لەو پێشەکییەدا هەیە، ئەوەندە شیعر، لە شیعرەکانی سەرەتای شاعیریتی هێمندا نییە.

ئەگەر لەم بوارەدا، شاعیرانی دوای شەپۆلەکەی مارف، بوێرانە هەندێ تەقەللایان لەم مەیدانەدا دابێت، بۆ خۆرزگار کردن لە سام و ترسی کێش؛ بەڵام هاوکات هەست دەکرێ ئەم شەپۆلەی دواییش، دەسەڵاتی بوێرانەی بە سەر لایەنی زماندا هێشتا لاوازە و هێشتا چاوەڕوانیی کەمیان لێ دەکرێ، بۆ خۆرزگار کردن لەو زمانە دەقگرتووە چەقبەستووە باوەی، لە سەردەمی گۆران و پیرەمێردەوە تا ئێستا، خەریکە بڵێم: لە ناسنامەیەکی گشتی و ئیقلیمیگری هەموویان دەچێ!

ئەم ئاکامە گشتییانەی شیعری کوردیی ئێستا، ئەوەمان لا گەڵاڵە دەکەن بڵێین: ئەگەر هەندە تەقەللا کەم و دەگمەنانەی (لە چاو ژمارەی زۆری شاعیراندا) لەم چل پەنجا ساڵەی دواییدا، وەک بارانێکی بەهارانەی شیعری کوردی بن؛ ئەوا دەسەڵاتی دەنگ و ڕەنگ و ڕەگەزەکانی قۆناغی گۆران، هێشتا وەک پەلکەزێڕینەیەکی بەربڵاوی ئاسمانی ئەو بارانە شیعرانەن ... کە ئەگەر جیاوازی لە نێوان قۆناغی گۆران و تەقەللاکانی دوای گۆراندا بەراورد بکەین، دەبینین دیارترین و ئاشکراترینی ئەم جیاوازییانە، لایەنی "زمان"ە، کە

مانا و مەودای "واژە"، لە قۆناغی گۆڕاندا، هەر ئەو مانا سادە و باوەی هەیە، کە لە دێرزەمانەوە لە فەرهەنگ (قامووس)دا هەیە ... لە کاتێکدا لە تەقەللاکانی دوای قوناغی گۆڕاندا، تێکۆشان بۆ پشکنین و دۆزینەوەی مانای چەندین لایەنە و توانای دەربڕینی تازەی "واژە" دەدرێ ... بە واتایەکی تر: ئەزموونی ئێستای شیعری کوردیی ئەم ٢٠ ساڵە، وەک ئەو ڕووبارە درێژانەیە، تاڤگە و گێژەنیسان زۆر کەم بێت ... شیعری کوردیی ئێستاش، ئەزموونێکی لەیەکچووی یەکپارچەیە، کە ڕاچەنین و بوومەلەرزە و گرکانی تاقیکردنەوەی نوێ و دەگمەنی کەم تێدایە، تا مێژووی ئەم ئەزموونە، لە یەکتر دابڕێ و قۆناغی نوێ دروست بکات ... چونکە کە دەڵێین: قۆناغ، واتە مەبەستمان ئەوەیە دابڕانی ئاشکرا و بەرچاو لەو ئەزموونەدا هەبێت ... لە کاتێکدا دابڕان، بە مانای تێپەڕاندن و جێهێشتنی قۆناغ و سەردەمێک، لە هەموو فەرهەنگ و دید و تیوریکەوە؛ کە ئیتر ئەو ئەزموونە نەگەڕێتەوە سەر هیچ یەکێک لەو شتانە و پێویستی پێیان نەبێت ... یان ڕوونتر بڵێین: دەبێ ئەو ئەزموونە، لە سەرجەمی سیستەمی پەیوەندیگەلی کۆمەڵایەتی دابڕێت و پاشخان و سەرخانی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی بخاتە ئەولاوە ... کە بە پێچەوانەی ئەمەوە: ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی، دەرئەنجامی خرۆشان و هەڵچوونە زۆر دژوار و سەختەکانی ناخ و هەناوی مرۆڤە؛ کە ناخی مرۆڤیش هەمیشە و هەمیشە، شانازی بەو سەروەری و ڕووداوگەلە مەزن و دەگمەنانەوە دەکات، کە لە مێژینەی خۆیدا، پیرۆزن و یادگاری مەزنن ... لە سەروو ئەمانەشەوە، ئەدەب و هونەر دابڕاو نین لە ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی؛ کە گوتاری سیاسیی کوردی، لەم چل پەنجا ساڵەی دواییدا گۆڕانکاری و "دابڕان"ی تازەی لە مێژووی خۆیدا دروست نەکردووە ... بۆیە هەر بەم پێودانەش لەم چل پەنجا ساڵەی دواییدا، تێپەڕاندن و جێهێشتن و دابڕانێکی سەرتاسەریی زۆر کەم لە شیعری کوردیدا بەدی دەکرێ ... تەنیا ئەوەندە هەیە کە شیعری ئێستای کوردی (جگە لە گۆڕانکاری

لە بواری زماندا)، تا مەودایەکی کەمیش بێبەری و دابڕاو نییە لە حەز و خۆزگە و خەیاڵی سەردەمی نوێ و ... ئەمانەیشی هەر لە ڕوخساردا نیشان داوە، نەک لە دید و ڕوانیندا ... کە ئەمیش ڕێسای هەموو کولتووری دنیایە و ئەو لووتکە بەرز و نەمرانەش، کە لە ئەدەبی دنیادا هەڵکەوتوون، زۆربەیان شێواز و ئامرازی تازەی دەربڕینیان داهێناوە، نەک ناوەرۆکی تازە؛ کە هەر بۆ وێنە دەڵێین: ڕۆمانی "سەد ساڵ تەنیایی"ی گابریل گارسیا مارکیز، سۆنگەی ناوبانگەکەی لەوەدایە کە بە تازەترین شێواز و خوازە، قووڵترین ڕەگ و ڕیشەی خۆی لە ناو کۆنترین مێتۆدی گەلەکەیدا دۆزییەوە ... یان عەبدوڵلا گۆران، بە تازەترین شێواز و خوازەی نوێ، قووڵترین ڕەگی خۆی لە ناو مێژووی شیعری دیالێکتی گۆران بەگشتی و بەتایبەتیش لە شیعری مەولەوی تاوەگۆزیدا دۆزییەوە ... کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا، ئەوەندەی گەڕانەوەیە بۆ مێژوو؛ ئەوەندەش تەقەللای خۆڕزگارکردنە لە کۆت و پێوەندی مێژوو ... یان زاخاو دانەوە و ڕازاندنەوەی مێژووی کۆنە، بە شێوازێکی تازە ... کە لەمجۆرە داهێنانەدا، خوێنەر زۆر درەنگ و بە دژواری هەست بە پردی نێوان ئێستا و دوێنێ دەکات: یان هەر ناتوانێ بیکات، چونکە ناتوانێ بەراورد لە نێوان دەقێکی ئێستا و دەقێکی ڕابردووا بکات؛ بەتایبەتیش ئەگەر ئەو دەقە، دەقی نەتەوەیەکی جیاواز بێت، کە خاوەنی مێتۆد و کولتووری جیاوازن. لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە داهێنانە، دەرئەنجامی هەڵتەکاندن و ڕووخاندنی داروپەردووی ڕۆح و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی ڕۆحە، بە ڕۆح و خەونی تازە ... کە مخابن شیعری کوردی، زۆر کەم و دەگمەن توخنی مێتۆد و فۆلکۆر و مۆسیقا و بەیت و مێژووی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کوردی کەوتووە و لەم بوارەشدا بە پێچەوانەی ئەوەی ئەو شتانەی ڕابردووی خۆی لە ئێستادا بخوێنێتەوە و دووبارە لێیان تێپەڕێنێ و دابڕێ؛ کەچی لە بەردەمیاندا دۆش داماوە! ... هۆیەکەشی ئەوەیە، کە زۆر کەم ئاگاداری مێتۆد و کەلەپووری دێرینەی خۆیەتی، بۆیەش ناتوانێ بە شێوازی ئێستا، بیانڕازێنێتەوە؛ ... کە ئەمەش مایەی هێشتنەوەی شیعری کوردیی ئەم سەردەمەیە، بە هەمان

کەرەسـه و ئـامرازی قۆنـاغی "گـۆران"ەوە، بەڵام بە هەنـدێ جیـاوازی بەرچاوەوە، کە وەک وتمان دیارترینیان لایەنی "زمان"ە و ... خۆشـبەختانەش لە بواری باس‌کردنی زمان‌دا، دەبێ بڵێم: مارف تەقەڵلای بـوێرانە و جیـاوازی هەیە و ئەگەر بە وردی سەرنج لە شیعرە کورتەکانی بدەین، هەست دەکەیـن دەیەوێ بە کورت‌ترین و چڕترین واژە و وێنە، مانای قووڵ و ڕەمزاویمان پێ بڵێت ...

دیاردەیەکی تری شیعری مارف، بابەتی "مردن"ە، کە وەک تەم و تارایەکی تەنک، بە سەر زۆربەی شیعرەکانیەوە دەبینرێن؛ لەو نموونانە: (چـارەنووس، تەنگەبەر، ڕووداو، قۆناغ، بەرئاگردان، پرسیار، هاودەردی، تەنیایی، بەفر، سێ هەنگاو تا مەرگ.)

ئەمە لە کاتێک‌دا ئەوانەی وەک ئێمەومانان، کە ئاشـنای ئێجگـار نزیـک و دەرگا بێ کلیلەکانی ڕۆحی یەکتری بووین، هەرگیز و کەم و زۆر، هەسـتمان بەوە نەدەکرد، ئەم تارمایی مردنەی ناو شیعرەکانی، زەبـر و جـێ‌پەنجەیـان لە بەرنامە هەمیشە دەوڵەمەند و پڕ ئاوات و خۆزگەکانی‌دا هەبێت ... بەڵکـوو بە پێچەوانەوە؛ بە کوڵ و بە دڵ شەیدا و ئەویندارى ژیانی نوێ و کـاری نـوێ و پەیدا کردنی هاوڕێی نوێ بوو ... هەموو ڕۆژێک هاوڕێیەکی تازەی دەگـرت، کە لەم مەیدانەدا مـارف، لە چـاو ئێمە و لە چـاو هاوڕێکـانی نـاو دەسـتەی نووسەرانی گۆڤاری "سروە" ـ کە چالاک‌ترین و پڕکارترینیان بوو ـ زۆرترین هاوڕێی بووە و زۆرترین تەلەفوونیشی بۆ دەکرا و هەمووشمان ئێرەییمـان بە ڕەوشتی بەرزی دەبرد؛ کە لە دەمێکەوە زانیبوومان ڕەوشتی، پـێش ئەو تەمەنە لاوەی کەوتووە و ڕابووین لە سەلیقە و دڵسۆزیی و سنگی فراوان و سـادە و دڵی پـڕ لە ئاشـتی و ئەویـن و ڕاسـتگۆیی و مانـدوویی‌نەناسـی ... کە لەگەڵ هەموو ئەمانەش‌دا، هەموو ڕۆژێکیش بەرنامەیەکی تازەی لە خەیاڵ‌دا بـوو ... هەموو ڕۆژێکیش ڕەنگی کاری تازەی دەڕشت بۆ ساز کردن و بەستنی کۆڕ و دیـداری ئەدەبـی، لە نـاوچە جیاجیاکـانی کوردسـتان‌دا، هەر لە دامێنـی

لوڕستانەوە، تا ئەوپەڕی باکووری نیشتمانەکەی و ... لە هەمووشیاندا خەونی خستنە ڕێی کاروانی ئەدەب و فەرهەنگی نیشتمانەکەی دەدی ... تا لە سەنگەری فەرهەنگەوە، بە دید و توانایەکی پۆلاینەوە، هاوبەشی ڕازاندنەوەی فەرهەنگی نیشتمانەکەی بکات و بیسەلمێنێ کە ئەمیش ناسنامەیەکی مرۆڤانەی پێیە و بە تاسە و پەرۆشێکی بێ پشووەوە، نیشتمانەکەی ویردی سەر زمانی ڕۆح و زمانی دڵ و زمانی مێشکی بوو ... بە هەموو مانای واژەی عاشقەوە، عاشقی نیشتمانەکەی بوو ... خەونی دەدی: بۆ تەنیا ساتێکیش بێت، نیشتمانەکەی لەوپەڕی ئاسوودەیی‌دا ببینێ:

**هەور: کامێرا،**

**برووسکە: فلاش،**

**نم نمەی باران**

**بۆ شوشتنەوە،**

**دڵی منیش: قاپ؛**

**ئا...ی نیشتمانم!**

**هەتا یەک چرکە،**

**بۆ لێوەکانت**

**بزە قەرز کە.**

# وتوویژی ڕامان لەگەڵ مارف ئاغایی

ئامادەکردن: بەدرەدین ساڵح

□ مارف(٢ی ڕێبەندانی ١٣٤٣ هەتاوی، ١٩٦٦ زایینی)، کوڕی حاجی محەمەد ئاغایی لە بنەماڵەی «پاشایی»یە، لە گوندی «وەزنێ»ی ناوچەی «سندووس»ی سەر بە شاری نەغەدە لە دایک بووە.
□ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری نەغەدە تەواو کردووە.
لە گەرمەی خوێندنی ناوەندی‌دا، پشێویی لە نەغەدە داکەوتووە و ئەویش ناچار لەگەڵ بنەماڵەکەی‌دا چوونەتە شنۆ. لەوێش لە دواقۆناغی ئامادەیی‌دا، کە تیایدا ساڵێک زیندانی کراوە، لە خوێندن دابڕاوە.
□ لە ساڵی ١٣٦٤ هەتاوی (١٩٨٥ ز)، بە دواوە و هاوکات لەگەڵ دامەزرانی بنکەی ئەدەبی و فەرهەنگی سەلاحەددینی ئەیووبی و بڵاوبوونەوەی گۆڤاری «سروە»، دەستی بە بڵاوکردنەوەی شێعر و بەرهەم کردووە و دوو ساڵ دواتریش لە هەمان ناوەندی ئەدەبی و فەرهەنگی، بۆتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە. ئیتر زۆر بە پەرۆش و تاسە و گوڕ و تینەوە، هەست بە پەیامی پیرۆزی ئەدەبیی خۆی دەکات و هەموو توانا و ماندووبوونی خۆی بۆ پەرەپێدان و گەشانەوەی باری زمان و ئەدەب و فەرهەنگی نیشتمانەکەی تەرخان دەکات، ئاکامی ئەم تەقەللایانەش بووە مایەی بەرفراوانبوونی جوگرافیا و خوێنەرانی گۆڤاری سروە؛ کە لەم

ڕێگایەوە توانی ئەوین و پەیامی دڵسۆزانەی خۆی لەگەڵ دوورترین ڕووناکبیرانی کورد گرێ بدا.

□ ساڵی ١٣٦٧ هەتاوی (١٩٨٨ ز)، لەگەڵ خانم ئازەر سەمسامی ژیانی هاوبەشیان دەست پێ کردووە و کچ و کوڕێکیان بە ناوی شەونم و پەیام بووە.

□ لەو ساڵانەی دوایی دا بە تاسەوە هەوڵی خۆ فێر کردنی زاراوەکانی زمانی کوردی دەدا و لە هەمان کاتیش دا، لە ماوەیەکی کورت دا فێری زمانی ئینگلیزی بوو و ئاکامی ئەو تەقەلـلایەش وەرگێڕانی کتێبی «هەستی ناسیۆنالیستی کورد» لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی کوردی بووە.

□ ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٧٦ هەتاوی ( ١٩٩٨/٢/١٨ ز)، دوای گەڕانەوەیان لە پرسەی مینا خانمی خێزانی پێشەوا قازی، لەگەڵ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سروە، لە مەهابادەوە بەرەو ورمێ، لە کاتێکا لەگەڵ هاوڕێکانی، لە سەر ڕەوتی پەنجا ساڵەی ئەدەبی کوردی دەدوا، بە کارەساتی دڵتەزێنی ئوتومبێل، لەگەڵ دوو هاوڕێی تری دا، کاک جەعفەری قازی و کاک سەرتیپ مەنسووری دڵە سەوز و پڕ ئەوینەکەیان لە لێدان کەوت.

**مارفی ئاغایی دوای وەچەی سوارەی ئیلخانیزادە و هەژار و هێمن، وەک شاعیرێکی لاو لە سەر گۆڕەپانی شێعری کوردستانی ئەودیو دەجووڵێتەوە، لە ماوەی ئەم ساڵەی دوایی کە خەریکی بڵاو کردنەوەی شێعرەکانیەتی، بەهرە و توانایی خۆی سەلماندووە.**

**وێڕای ئەوەی وەک شاعیرێکی نوێخواز، لە ڕەوتی شێعری کوردیی ئەمڕۆی کوردستانی ئێراندا جێگەی خۆی کردۆتەوە. بە مەبەستی زانینی بیر و بۆچوون و بە سەر کردنەوەی ئەم شاعیرە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ ئەم شاعیرە ساز بدەین.**

***

**ڕامـان:** وەک شاعیرێک باش‌تر ئاگاداری بزووتنەوەی شێعری نوێن لە کوردستانی ئێراندا، بەتایبەت کە سەرجەمی شێعرەکانی «سوارەی ئیلخانی‌زادە»شت کۆ کردۆتەوە و بە پەراوێزیشەوە بڵاوت کردۆتەوە، تکایە لە سەرەتایەکانی شێعری نوێی لای خۆتان بۆمان بدوێ.

**مارفی ئاغایی:** لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی‌دا، خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی باسی سەر بوو. شێعر لە تریاکی قاچاخ‌تر بوو، بەڵام لە تاراندا ڕادیۆی بەشی کوردی هەبوو کە ئەویش نەیاندەهێشت نیوەرۆکێکی ئەوتۆی هەبێ. سوارەی ئیلخانی‌زادە یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە ڕادیۆدا کاری دەکرد و بەرنامەیەکی حەفتانەی دەنووسی بە ناوی "تاپۆ و بوومەلێڵ". لەم بەرنامەیەدا سوارە باسی شێعر و ئەدەبیاتی دەکرد و تەنانەت لە سەر مامۆستا گۆران و ڕەوتی شێعری نوێ لە کوردستانی عێراقدا وتاری بڵاو دەکردەوە. ئەڵبەت سوارە تەنیا نەبوو، (عەلی حەسەنیانی، فاتیح شێخەلئیسلامی) و چەند ڕووناکبیرێکی دیکەش کە بە قەد ئەم سێ کەسە ناویان دەرنەکرد، هاوڕێی ئەدەبیی سوارە بوون. سوارە ئاگاداری هەموو شەپۆلە نوێیەکانی شێعری دەوروبەری خۆی بوو. چونکە لە لایەک لە تاران دەژیا کە تارانی ئەودەمی، ناوەندی ئەو گۆڕانکارییە ئەدەبییە گەورەیە بوو کە نیما (باوکی شێعری نوێی فارسی) دەستی پێکرد و (شاملوو و فرووغ و ئەخەوان سالس و سپێهری و ...) درێژەیان پێدا، لە لایەکی دیکەشەوە، ئاگاداری بزووتنەوەی ئەدەبی لە کوردستانی عێراق و نوێخوازییەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح و مامۆستا گۆران و هاوڕێیانی بوو. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە داهێنان و نوێخوازییەکەی سوارە تێکەڵاوێک بووبێ لەو دوو ئەزموونە. سوارە کێشی عەرووزی نوێی، ئەو کێشەی کە نیما بۆ یەکەم جار هێنایە نێو شێعری فارسییەوە بۆ شێعرەکانی دەکار کرد.

لە عەرووزی کلاسیکی دا ئەگەر بۆ وێنە مەسرەعی یەکەم بە سێ "فعولن" ببڕێتەوە، هەموو مەسرەعەکانی دواییش دەبێ بە سێ "فعولن" تەواو بن، بەڵام لە عەرووزی نوێدا ئەوە مانای دێڕەکە بوو کە ژمارەی "فعولن"ـەکانی دیاری دەکرد. لەوانەیە بە شەش، حەوت، دوو یا چوار "فعولن" ببڕێتەوە. ئەو کێشە دەستی شاعیری ئاوەڵا دەکرد هەتا وەزن بە دوای مانادا ڕاکێشێ، نەک ئەوەی لە بەر وەزن، مانا بقرتێنێ. زۆربەی شێعرەکانی سوارە وەک "خەوە بەردینە"، "شار"، "کچی بەیان" و شێعرە فارسییەکانیشی لە سەر ئەم شێوە کێشەن. ڕەنگە ئەم دیدارە هەڵنەگرێ لەوە زیاتر لە سوارە بدوێین، بەڵام دەمویست بڵێم سوارە شاعیرێکی چاوکراوە، وریا، وردبین و بەهێز بوو. لە ئەدەبی کوردیدا مامۆستا «هەردی» و کاک «سوارە» کەمیان نووسی، بەڵام پوخت.

دوای سوارە، شێعری نوێ لە کوردستانی ئێراندا هەر درێژەی هەبوو، بەڵام سەیر ئەوەیە کە ئەو شاعیرە ڕێڕەوی نەبوو. یانی هیچ کەس نەیتوانی لە زمان و شێوە دارشتنی ئەو نزیک ببێتەوە ـ هەرچەند هەموو شاعیرێک ئەم سەرکەوتنەی بە ئاوات دەخواست ـ

تەنیا یەک شاعیر بە ناوی قاسم موئەییدزادە «هەڵۆ» کە خەڵکی شاری مەهابادە، توانیی خۆی لە قەرەی زمان و شێوە دارشتنی سوارە بدا، باقی شاعیرەکانی کوردستانی ئێران، زۆرتر لە ژێر کارتێکردنی ئەو شەپۆلە شێعرییەن کە لە حەفتاکاندا لە کوردستانی عێراقدا لە سەر دەستی (شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر، لەتیف هەڵمەت) ساز بوو. دیوانی ئەم شاعیرانە یا لە ئێراندا چاپ کراوە یا لە سەر پشتی ئەسپەکان سنووری تێپەڕاند و گەیشتە دەستی خوێنەرانی تامەزرۆ.

**ڕامان**: بارودۆخی ئێستای شێعری کوردی چۆن دەبینی؟ ئایا پێت وایە کاروانی شێعر بەردەوام هاوڕێی زۆر دەبێ؟

**مارفی ئاغـایی:** ئەوە دەگەڕێـتەوە سـەر ئەوەی شـێعر چـۆن تـاریف بکەین. بە بڕوای من شێعر بۆتە بەشێک لە پرۆسەی گەورەبـوونی مرۆڤـی کورد. چون هەموو کەسێک لە تەمەنی مێرمنداڵی یا لاوی‌دا جارێک عاشق دەبێ و حەزلێکردوویی دەکا، هەمـوو مرۆڤێکـی کـوردیش لە تەمەنێکـی تـایبەتی‌دا حەز لە شـێعر دەکـا، بەڵام ڕاسـت وەک ئەو لاوەی کە دوای ژن‌هێنان، حەزلێکردوییش وەلا دەنێ، کوردیش دوای ئەوەی بە شتێکەوە گیرساوە ـ ئەو شتە هەر شتێک بێ گرینگ نییە، دەتوانێ سیاسەت، ئیـدارە، وەرزێری یا ... بێ ـ ئیتر یەکدابەدوو لە شاعیرێکی بەگوڕو گوژمەوە دەبێـتە خوێنەرێکی ئاسایی کە دەبێ شێعر بە زاریەوە بکەی، دەنا بۆخۆی بـۆ لای نـاچێ. لێـرەدا بـا کارمـان بە هۆیەکـانی ئەم شـتەوە نەبـێ، بەڵام دەمەوێ عەرزتان بکەم کە ئێمە شـاعیری نێوەنجیمـان ئەوەنـدە زۆرە کە زۆر جـار دەبێ ڕوحممان بەو کەسەدا بێ کە بڕیـار دەدا ژیـان‌نامەیـان کـۆ بکـاتەوە (چونکە دڵنیام پـرۆژەکەی هەرگیـز پـێ تەواو نـاکرێ) بە پێچەوانەشـەوە شاعیری گەورەمان (مەبەستم لە شاعیرانی هـاوچەرخە) ئەوەنـدە کەمە کە دیسان دەبێ ڕوحممان بەو کەسەدا بێ کە ژیان‌نامەیان دەنووسێ (چـونکە دڵنیام ژمارەییان ئەوەندە کەمە کە بارستایی کتێبێکی بۆ پڕ ناکەنەوە).

**ڕامان:** کەوابوو دەبێ تاریفێکی تایبەتیت بۆ شـێعر هەبـێ کە ئەوەنـدە سەختی دەگری؟

**مارفی ئاغایی:** من پێم وایە شاعیرێکی کوردی هاوچەرخ دەبێ بەر لە هەر چەشنە خۆهەڵکێشانێک، وەڵامی سێ پرسیاران بداتەوە:

١. ڕابـردووی شـێعری کـوردی چـۆنە، ئێسـتا لە چ قۆناغێـک‌دایە و تایبەتمەندییەکانی چین؟

٢. شـێعری هـاوچەرخی دنیـا لە چ قۆناغێـک‌دایە و تایبەتمەنـدییەکانی چین؟

٣. ئێمە وەک شاعیرێکی کورد، چ ئاسۆیەک دەبینین بۆ ئەو شیعرانەی کە لە داهاتوودا دەیاننووسین؟

ئەم سێ پرسیارە دەبێ بە یەکەوە وەڵام بدرێنەوە، دەنا مەترسییان لەگەڵە. ئەوانەی تەنیا لە وەڵامی پرسیاری یەکەم دەگەڕێن، دەبنە شاعیرێکی خۆماڵی و ئاسایی کە لەوانەیە لە دنیادا کەس بە ڕەیان نەپێوێ؛ ئەوانەی تەنیا لە وەڵامی پرسیاری دووەم دەگەڕێن، دەبنە هێندێک لەو شاعیرە نوێخوازانەی کورد کە تووشی قەیرانێک بوون کە لە دین و دنیای کردوون، چونکە زمانەکەیان کوردییە و بێگانەکان لە زمانیان حاڵی نابن، فەزا و دارشتنەکەشیان دەرەوەیی یە و کوردەکان لێی تێناگەن. کەسێکیش کە وەڵامی پرسیاری سێیەمی بوێ، ناچارە دوو وەڵامی پێشوو بدۆزێتەوە و پاشان ئەو ئاسۆیە دیاری بکا.

ئێستا کاتی ئەوە نەماوە کە شێعر وەک سەرخەوی دوای نیوەڕۆیان، بۆ حەسانەوە و پشوودان بێ. شێعری ئێستا ئازارێکە کە دەبێ لە تەواوی تەمەنتدا لە نێو دیوانە شێعر و ڕۆمان و ڕووداوەکاندا لە دەرمانەکەی بگەڕێی. ئێستا ئەدەبیات بایەخێکی دیکەی هەیە. لەوانەیە ئەگەر هەروا بچێتە پێشێ هیچ ڕۆماننوسێک یا شاعیرێک نەوێرێ بەبێ بەڵگەی پتەو و بەهێز ئەکتەرێکی نێو ڕۆمان یا شیعرەکەی بکوژێ. دەزانی بۆ؟ چونکە ڕەنگە لەمەودوا قاتڵێکی ئاوا دادگایی و تەنانەت مەحکووم بکەن. چونکە ئەو کەسایەتییەی تۆ دەیخوڵقێنی، هەرچەند خەیاڵییش بێ، دیسانیش هەر نوێنەری تاقمێک لە خەڵکە. بە کردەوە و ڕەفتار و هەستان و دانیشتن وەک ئەوانە، کاتێک کە تۆ ئەو کەسە بەبێ تاوانێکی گەورە دەکوژی، نوێنەری ئەو خەڵکەت کوشتووە و تاقمێک لە خەڵکت پێ سووک کردووە! ئایا ئەو خەڵکە حەقی نییە دادگاییت بکا!؟

**ڕامـان:** ئێستا شێوە شێعرێک لە ئەدەبی ئورووپاوە هاتۆتە نێـو ئەدەبـی کوردیش. بـۆ نمـوونە شـێعر بە شـێوەی وێنەگـری دەنووسـن و شـکڵی سەیروسەمەرەی پێ دەردێنن. ئێوە لەم بارەوە ڕاتان چییە؟

**مارفی ئاغـایی:** سی چل ساڵ بەر لە ئێسـتا لە ئەدەبـی فارسـیش‌دا ئەم کارە کراوە، بەڵام جێی نەگرت. لەم شێوە شێعرانەدا من تاق و لۆق شێعری کاک «فەرهاد پیربال»م پێ خۆش بووە، بەڵام زۆرتـر وەک ئەوە دەچـێ کە وێنەگرێک بە وشە وێنە بکێشێتەوە، نەک ئەوەی شاعیرێک بە وێـنە شـێعر بڵێ!

شێعر لە سەرەتاوە هونەرێکی "بیسـتنی" بـووە نەک "دیتنـی". بـۆ نمـوونە ئەگەر تابلۆیەک نەبینی و بۆت بگێڕنەوە کە تابلۆیە چۆن کێشـراوەتەوە ـ هەرچەند ئەوەی دەیگێڕێتەوە گەورەترین تابلۆناسیش بێ ـ ئەو تام‌وچێژە وەرناگرێ کە خودی تابلۆکە ـ بە یەک جار دیتن ـ پێت دەدا. لە شێعریش‌دا بە پێچەوانەوە، ئەگەر گەورەترین میعماری، لە شـێوەی میعمـاری یۆنـانی کۆن و ئیتالیاش نیشان بدەی، ئەو تامەت پێ نـادا کە دوو وشـە پێـت دەدا. ئێمە تەنانەت کە وشەی شێعریش دەبینـین بە جـۆرێکی دەخـوێنینەوە کە بیبیسـین. یانی بە چاو لێی حاڵی نابین، بەڵکوو لە ڕێـگەی (گـوێ)وە تێـی دەگەین. ئەڵبەت ئەو شتانە موتڵەق نین. زۆر جار دەبینی کارێک لەو شـێوە کارانە یەکجار جـوان دەردێ. هەڵوێسـت‌گـرتن و پـێش داوەری، زیـانی زۆرترە لە قازانجی. با ئەم شێوە شێعرەش بێ، ئەگەر خوێنەری پەیدا کرد، ئەوە خۆ دەگرێ؛ دەنا بەبێ ئەوەی ئێمە پێمان خۆش بێ یـا نـاخۆش بـێ، دەبێتە ماسی بێ ئاو.

**ڕامان:** ئەگەر بڕیار بێ ئاڵوگۆڕ لە شـێعری نـوێی کـوردی‌دا پێکبـێ، پێت‌وایە ئەو ئاڵوگۆڕە دەبێ لە چ شتێک‌دا بێ؟

**مارفی ئاغایی:** ڕەنگە هەم لە فۆڕم و هەم لە نیوەرۆکدا ئەم ئاڵوگۆڕە پێویست بێ. شێعری نوێی کوردی ـ بەتایبەت لە کوردستانی ئێراندا ـ سەیر کەوتۆتە داوی کێشی دە، هەشت و شەش برگەیی. ڕەنگە هەم شاعیر و هەم خوێنەر لەو فۆڕمە دووپاتکراوەیە ماندوو ببن. ئەم فۆڕمە گۆڕانێکی پێویستە. باوەڕ بفەرموون هێندێک لە بەیت و حەیرانەکان کێشی ئەوەندە ڕەسەن و خۆماڵییان هەیە کە مرۆڤ لێی تێر نابێ. باشە با ئەوانەی شێعری بێکێش بە شێعر دانانێن، با هەر نەبێ ئاوڕێک لەو وەزنانە بدەنەوە. دەنا نا، با وەک زۆربەی زمانەکانی دنیا، وەزن وەلا بنێن. بەڵام ئەوەمان لە بیر نەچێ کە ئەم کارە زۆر دژوارە تۆ کە وەزن لە شێعر دەستێنیەوە ـ شتێک کە بە درێژایی سەدان ساڵ لەگەڵی ژیاوە ـ دەبێ شتێکی ئەوەندە گەورەی پێ بدەی کە نەهێڵێ ئەم بۆشاییە هەست پێ بکا. ئەم شتە دەتوانێ زمان، وێنە، داڕشتن یا هەر شتێکی دیکە بێ. هێندێک کەس ە بێ ئەوەی کێشی شێعریان تەجرەبە کردبێ، لە بەری هەڵدێن؛ بە بڕوای من ئەوە ناتوانێ گرینگ بێ. دەبێ ئەم کارە لە ڕووی زانین و ناسینەوە بێ، نەک لە ڕووی نەزانیین و نەناسین.

لە باری نیوەرۆکیشەوە حاڵەتێک لە سوان و دووپاتبوونەوە بە سەر شێوە ڕوانینەکاندا زاڵە. بۆ نموونە مرۆڤ لە شێعری کوردیدا ئەو بایەخەی پێ نەدراوە کە دەبێ پێی بدرێ. لە ئەدەبی فارسیدا شاملوو، فرووغ و نیما لەو شاعیرانەن کە ڕاستەوخۆ ـ بەڵام بە زمانێکی شاعیرانە ـ لەگەڵ مرۆڤ دەدوێن؛ لە حاڵەتێکدا لە شێعری کوردیدا تەنانەت ئەگەر لەگەڵ مرۆڤیش بدوێین، لە ڕێگەی سروشتەوە قسەی لەگەڵ دەکەین. (بۆ نموونە ئەدۆنیس کەسێکە لەگەڵ مرۆڤ و دەروونی ئەو دەدوێ) ڕەنگە ئەم هەوڵە بتوانێ لە ئەدەبی ئێستای کوردیدا جێ خۆش بکا. دیارە مەبەست ئەوە نییە ئێمەش وەک ئەدۆنیس ببین بە چەشنە عارفێکی سەدەی بیستەم، بەڵام هەر خۆتاقیکردنەوە لەم ڕێگەیەدا دەتوانێ گرینگ بێ. جگە لەوەش کەمێک

فەزای شیعرەکان بەربلاوتر بکەین. کە وتمان شیعری کوردی، پێویست نییە حەتمەن کەواوپانتۆڵ دەبەر وشەکان بکەین و جامانەیان لە سەر بنێین. شیعری کوردی تەنیا بەو شتە ڕواڵەتیانە نابەستریتەوە.

**ڕامان:** ئایا ئاگاداری ڕەوتی ئێستەی شیعری کوردستانی عیراق هەی؟ چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟

**مارفی ئاغایی:** من و زۆربەی هاوتەمەنەکانی من، چاومان بە شیعری نوێی کوردستانی عێراق پشکووت، هەر لە سەرەتاوە ئەوان دەستیان گرتین. مامۆستایانی ئێمە (شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر، لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر قادر محەمەد) و ئەڵبەت لە سەرووی هەموویان مامۆستا «گۆران» بوو. ئێمە هەر لەو کاتەوە، شیعری ئەودیومان بە وردی خوێندەوە. ئەڵبەت ئێستا ڕەنگە بیروڕای تایبەتیمان لە سەر هێندێکیان هەبێ، بەڵام ئەوەندەیان خزمەت پێ کردووین کە ئەمەگدار بین. شیعری ئێستای ئەودیویش دەخوێنینەوە. دوای ئەم قۆناغە شیعرەکانی «قوبادی جەلیزادە»ش لە کوردستانی ئێراندا جێگایان خۆش کرد. دواتریش «جەمال شارباژێڕی» (کە دیوانەکەی درەنگ بە ئێران گەیشت) و «جەلال بەرزنجی» و «سەعدوڵڵا پەرۆش» و لەم دواییانەشدا «محەمەد عومەر عوسمان» و «بەختیار عەلی» و «دڵسۆز حەمە» و چەندین شاعیری دیکە. ئەڵبەتە لە کوردستانی ئێراندا "گوڵەکانی دۆزەخ"ی مامۆستا «محەمەد حەمەباقی» و کۆمەڵە شێعریکی خوشکە «نەجیبە ئەحمەد»یش چاپ کران کە پێشوازییەکی باشیان لێ کرا و بە گەرمی وەرگیران. ئەزموونەکانی ئەم دوایییەی کۆمەڵێک لە نووسەرانی (سەراب) و هێندێک لە شاعیرانی (زناک) کە ئێمە پرۆژەکەیانمان بینی، وەک تەجرەبەیەکی جیاواز دەچێ، بەڵام هیوادارین ئەم جیاوازییە بە لا باشەکەیدا بکەویتەوە.

**ڕامان:** ئێوە بەرپرسی بەشی شیعری گۆڤاری (سروە)ن. ئەم شیعرانەی لە (سروە)دا بڵاو دەبنەوە یەکدەست نین. شیعری لاوازیان زۆر تیدایە. بە سەرنج دان لەو باسانەی لە بارەی شیعرەوە کردت، چۆنە ئەو بەرهەمە لاوازانەش بڵاو دەکەنەوە؟

**مارفی ئاغایی:** (سروە) گۆڤاریکە کە لە کوردستانی ئیراندا بڵاو دەبیتەوە و بەشی هەرە زۆری خوینەرانیشی هی ئەم ناوچانەن و شیعرەکانیش زۆرتر لیرەوە دین، هەر بۆیەش سروە ئاوینەی جوولانەوەی شیعرییە لە کوردستانی ئیراندا. ئیمە لە نیو ئەو شیعرانەدا بەشی هەر ژمارەیەک گوڵبژیر دەکەین.
لەوانەیە ئەو شیعرەی کە لە چاو شیعرەکانی بەردەستی ئیمەدا جوان بێ، بە شیوەیەکی گشتی و لە چاو شیعری هاوچەرخی کوردی بەهیز نەبێ، بەڵام مافی خۆیەتی کە بڵاو بکریتەوە. جگە لەوەش ئەگەر ئیوە تاریفیکتان بۆ شیعر هەیە، نابێ پیت وابێ کە هەموو شیعریک هەر دەبێ لەو چوارچیوەیەدا بێ، ئەوە تەنیا تایبەت بە (سروە) نییە، هەموو گۆڤارەکان ئاوان. باوەڕ بکە لە گۆڤارە بەناوبانگە فارسییەکاندا شیعری وا بڵاو دەبیتەوە کە تەنانەت شاعیرەکەشی سەرەدەری لێ دەرناکا، بەڵام بەرپرسانی شیعری ئەو لاپەڕەیە بڵاوی دەکەنەوە، چونکە دەیانەوێ نیشان بدەن کە لە شیعری ئیستای فارسیدا ئەو شەپۆلە شیعرییانە هەن. هەروەک لە (ڕامان)یشدا بینیمان کە شیعر خەریک بوو دامەی دەکردا!!

**ڕامان:** پیوەندیی نیوان سیاسەت و شیعر چۆن دەبینی؟

**مارفی ئاغایی:** شیعر قسەی هەمیشەیە، بەڵام سیاسەت قسەی کاتە. سیاسەت تاکتیکە و شیعر ئیستراتیژی. تۆ بڵێی بتوانن زۆر لیک نزیک ببنەوە؟

**ڕامان:** بە بڕوای ئیوە چ ڕووداویک لە میژووی کورددا، لە هەموو شتیک زیاتر کاری کردۆتەوە سەر شیعر؟

**مارفی ئاغایی:** هەڵەبجە؛ هیچ ڕووداوێک ئەوەندەی هەڵەبجە شیعری ڕانەتەکاندووە. تەنانەت ئەو شاعیرەی کە تەواوی تەمەنی لە ئاسمانان‌دا ژیابوو، بۆ ڕووداوی هەڵەبجە دابەزییە زەوی و شیعری بۆ نووسی!
ئەڵبەت ڕەنگە باش‌ترین شیعرەکانی هەڵەبجە جارێ نەنووسرابن. ڕەنگە ئەوانەی زووتر ئەو غەمەیان لە کۆڵ خۆیان کردبێتەوە، بەرهەمی خاوتریان نووسیبێ. ڕەنگە شاکار بە دەست ئەوانەوە بخولْقێ کە ئێستاش بەم ئازارەوە جینگڵ دەدەن، بەڵام هێشتا دێڕێکیان بۆ نەنووسراوە. ڕەنگە گەورەترین شاکار سەد ساڵی دیکە ـ ئەودەمی کە گیانی مرۆڤێک لە گرتنی سەییارەیەک پڕ بایەخ‌تر دەبێ ـ بۆ مەرگی پێنج هەزار کەس بخولْقێ. بەڵام لە نێو ئەو بەرهەمانەی‌دا کە بۆ هەڵەبجە خولْقان، دوو شت ئەمنیان زۆر ڕاتەکاند. یەکیان "لاوکی هەڵەبجە"ی مامۆستا «ڕەفیق سابیر» بوو، ئەوی دیکەشیان "فەرمانە"ی «دوکتور شوان».[1]

**ڕامان:** با پرسیارێکی لاوەکیت لێ بکەین. پێت وایە چ پێوەندییەکی قووڵ لە نێوان شاعیر و سروشت‌دا هەیە کە ئەوەندە لە یەکتریان نزیک دەکاتەوە؟

**مارفی ئاغایی:** هەموو شاعیرێک دەتوانێ خۆی لە سروشت‌دا بدۆزێتەوە. ئەوە زۆر گرینگە. کە چاو لە دیوانی هێندێک شاعیر دەکەی، پڕە لە بەهار و گوڵ و سەوزایی. ئەم شاعیرە دەروونێکی شادی بووە. ئەو لە دەروونی‌دا تەنیا وەرزی بەهاری بووە. ئەگەر پاییز لە شێعرەکانی بستێنیەوە، ڕەنگە یەک دوو شێعر ـ کە ئەویشی بۆ جوانی و دیکۆڕ وتووە ـ لە دیوانەکەی کەم بنەوە، بەڵام ئەگەر پاییز لە دیوانی شاعیرێکی دڵ‌پڕی

---

[1] مەبەست شوان‌پەروەری گۆرانی‌بێژە.

غەمبار بستێنیەوە، هیچی پێ نامێنێ. مرۆڤ هەموو شتێکی خۆی لە دیاردەکانی سروشتدا دەدۆزێتەوە و کوڵوکۆی پێ دادەمرکێنێ.

**ڕامان:** ئێوە (ڕامان) و (سروە) چۆن پێکەوە هەڵدەسەنگێنن؟

**مارفی ئاغایی:** وەک ئەوەیە کە لێم بپرسن خۆخ خرترە یا هاروێ درێژتر. ئەم دوو شتانە بە زەحمەت پێکەوە هەڵدەسەنگێنرێن. هەموو شتێکیان فەرقی هەیە. لە ئەزموون و بارودۆخەوە هەتا خوێنەر و نووسەر. من پێم وایە هەر دووکیان لە جێگەی خۆیاندا بەنرخن. لە سەرەتادا پێموابوو (ڕامان) سیاسییە، بۆیە زۆر بۆی حەول نەبووم، بەڵام کاتێک خوێندمەوە دیتم فەزاکەی ئازادترە لەوەی کە من پێم وابوو. ئەوە زۆر خۆشحاڵی کردم. پێم وایە گۆڤارێکی بەنرخ و جوانە و لەم ساڵانەی دواییدا گۆڤاری وا باشمان کەم بووە.

**ڕامان:** دەکرێ چەند نموونە شێعریشمان پێ بدەی تا لەگەڵ ئەم وتوویژەدا بڵاوی بکەینەوە؟

**مارفی ئاغایی:** دوای ئەو قسە زەلامانەی من کردمن، ڕەنگە نەوێرم شێعرتان پێ بدەم، چونکە ڕیسەکەم لێ دەبێتەوە خوری. ڕەنگە ئەو شاعیرەی بتوانێ لە شێعرەکانیدا هەموو ڕازە دەروونییەکانی بڵێ، هەرگیز حازر نەبێ وتوویژ لەگەڵ کەسێک بکا. ئەڵبەت هەروەک خۆت دەزانی جارێ من ۳۲ ساڵم تەمەنە و ئەگەر ئەجەل بیانووم پێ نەگرێ، ئەوەندەی دیکەش دەژیم. بۆیە ئەو شێعرانە بە مەشقێک دەزانم کە ڕەنگە بۆ ئیمتحانی داهاتوو ڕامبێنێ. بەڵام چەند شێعرێکی ساڵانی ڕابردووتان دەدەمە خزمەت. من دیوانە شێعرێکی ئامادەی چاپم هەیە بە ناوی "پردی برووسکە" کە بە داخەوە هەلومەرجی چاپی بۆ نەڕەخساوە، ئەگەر هەلێک هەڵبکەوێ پێم خۆشە ئەو کتێبە سەد لاپەڕەییە چاپ بکەم.

# ژیاننامەی مارف ئاغایی

(۱۳٤۳-۱۳۷٦)ی هەتاوی

ئامادە کردن و نووسینی: فەرهاد نامۆ

مارف ئاغـایی لە کرێـوەیێکی دووهەم ڕۆژی ڕێبەنـدانی سـاڵی ۱۳٤۳ی هەتاوی لە گوندی «وەزنێ»ی ناوچەی سندووسی سـەر بە شـاری نەغەدە لە دایک بووە و ناوی باوکی حاجی محەممەد لە بنەمـاڵەی پاشـایی‌یە و دایکـی گولاڵن خەلیلی‌یە.

سەردەمی منداڵی هەر لە وەزنێ تێپەڕ کردووە و تا پۆلی پێنجی سـەرەتایی لە قوتابخانەی ئەم گوندە خوێندوویەتی.

لە ساڵی ۱۳٥٦ ماڵیان دەچێتە شـاری نەغەدە و هەتـا پـۆلی دووی خـولی ناوەندی وێڕای بنەماڵەکەیان لەوێ نیشتەجێ دەبن.

دوای ئەو ماوەیە کە نزیک بە سێ ساڵان دەخایەنێت بە هۆی پشێوییێک کە لە شاری نەغەدە ساز دەبێت، بەناچار ماڵیان بـار دەکەن و بەرەو شـاری شـنۆ وەڕێ دەکەون.

ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە دوا قۆناخی خوێندنی ئامادەیی دەبێت کە لە لایەن هێزەکانی حکومەتەوە بەبێ دادگایی دەخرێتە گرتووخانەوە. ١٠ مانگ دواتر ڕزگاری دەبێت. دوای بەربوونی لە زیندان بە دیپلۆمی ئابووری، خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات و لە ئەزموونی هەڵبژاردنی زانکۆکان بەشداری دەکات و بە پلەیێکی باش بۆ زانکۆ دەردەچێت بەڵام بە هۆی ئەو پێشینەیەی کە لە گرتووخانە بۆی دروست کرابوو بەرپرسان پێش بە خوێندنی باڵای مارف لە زانکۆ دەگرن.

لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی و هاوکاتِ لەگەڵ دامەزرانی یەکەمین بنکەی ئەدەبی و فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری «ئورمیە» بە ناوی «سەلاحەددین ئەییوبی» و بڵاوبوونەوەی گۆڤاری «سروە» کە لەو سەردەمەدا مامۆستا هێمن وەکوو سەرنووسەری گۆڤارەکە خەریکی چالاکی بوو، دەست بە بڵاو کردنەوەی شیعر و بەرهەمەکانی خۆی دەکات.

دوو ساڵ دواتر و لەو کاتەوە کە ئەحمەدی قازی جێگای مامۆستا هێمن دەگرێتەوە، بە ماوەی دوو مانگ ئەزموونی، دەست بە وەرگێڕانی بەرهەمی فارسی دەکات و دوای ئەو ماوەیە وەکوو ئەندامێکی فەرمی ئەو بنکەیە دادەمەزرێت و بەشی شیعر دەخرێتە ئەستۆی «مارف ئاغایی»ەوە.

لە دوای نیشتەجێبوونی لەو بنکەیەدا، زۆر بە پەرۆشەوە بۆ پەرەپێدان و گەشانەوەی ئەدەب و فەرهەنگی کوردستان تێدەکۆشێت و بە تەنیایی دەبێتە باڵێکی ئەو گۆڤارە و ماندوو نەناسانە شەو و ڕۆژ لەم ڕێگایە هەنگاو هەڵدەگرێت.

لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ دەگەڵ خاتون ئازەر سەمسامی کە دەبێتە پـوورزای خۆی، ژیانی هاوبەشی پێک دێنێت و ئامانجی ئەو زەماوەندە کچێـک (ساڵی ١٣٦٨) بە ناوی «شەونم» و کوڕێک (ساڵی ١٣٧٦) بە ناوی «پەیام»ە.

مارف لە دوای هاتنی بۆ ئورمیە هەوڵ دەدات زمانی ئینگلیزی فێر بێـت و بڕوانامەی پێویستی لەم بەشـەدا پـێ دەدرێـت و بە باشـی کتێبـی ئینگلیـزی دەخوێنێتەوە و تەنانەت هەوڵـی وەرگێڕانـی کتێبـی (هەسـتی ناسیۆنالیسـتی کورد) لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ کوردی دەدات کە بە داخەوە دەستنووسـی ئەم وەرگێڕانە نادیارە.

گۆڤاری سروە بۆ مارف ئاغایی دەبێتە پردێک بۆ پەیوەندی کـردن دەگەڵ شاعیران و نووسەرانی گەورەی کورد.

ئەو سەردەمەی مارف دەست بە نووسینی شێعر دەکـات هاوکـاتە دەگەڵ گەشە کردنی شێعری نوێی کوردی کە کەسـانێکی وەکـو (شـێرکۆ بـێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، ڕەفیق سابیر و هتد) دەستیان پێ‌کردبـوو و مارف زۆر زوو پەیوەندی دەگەڵ شێعری ئەو شاعیرانە ساز دەکات و لە شێوە داڕشتنی شێعردا جێ‌پەنجەی شێعری پەشێو و لەتیف هەڵمەت دیارە بەڵام لە ڕواڵەتی شێعری‌دا زۆرتر کەڵک لە هەیبەر و بەژنی سروشـت وەردەگرێـت و لیرەش‌دا لە ژێر کاریگەریی سوڵتانی خولیا (شێرکۆ بێکەس) بووە. لە ئاکـامدا مارف بە تەمـای خولقانـدنی شـاکارێک بـوو کە مژارەکـانی تێکەڵاوێـک لە کەڵەشاعیرانی کوردی سـەردەمی خـۆی بـوون. مـارف لەو سـەردەمەدا و بە بڕوای زۆرێک لە ڕەخنەگران بەو پێچەوانەوە کە لاو بووە و تەمەنـی لە چـاو شاعیرانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمتـر بـووە، ئاسـتی شـێعری خـۆی

لەوانیش تێدەپەڕێنێت، سەرنجیان ڕادەکێشێت و بە هەرە باش‌ترینیان ناو دەردەکات.

پێم‌وایە غەدرێکمان لە مارف ئاغایی کردووە ئەگەر باسی دیمانە و چالاکییە ڕۆژنامەوانێکانی نەکەین کە لەم نێوەدا بەتایبەتی زۆر دیمانە و وت‌وویژی دەگەڵ شاعیران و نووسەرانی کوردستان ئامادە کردووە کە لە چەند ژمارەی جیاواز و ژمارەیێکی تایبەتی گۆڤاری سروەدا بڵاو بوونەتەوە کە دەتوانین ئاماژە بە دیمانە دەگەڵ (محەممەد قازی، ئیبراهیم یونسی، شێرکۆ بێکەس، حەسیب قەرەداخی، لەتیف هەڵمەت، مەسعود محەممەد و هتد) بکەین.

مارف ئینسانێکی زۆر هەست ناسک بوو، زۆر زوو هەستی بریندار و دڵی پڕ دەبوو، لە دوای کارەساتی هەڵەبجە و کۆچی سوورەوە، زۆری سەردانی کەمپی ئاوارەکان لە ناوچەی مەرگەوەڕی شاری ئورمیە کردووە و بە هاوکاری بنکەوە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و شەوەشێعریان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بەڕێوە بردووە و لە ڕەشەمەیساڵی ١٣٧٤دا سەفەرێک بۆ باشووری کوردستان دەکات و لە دوای چەند دیمانەیێک لە شاری سلێمانی دەگەڵ نووسەران و شاعیرانی ئەم شارە، سەردانی دایکی شارەزوور (هەڵەبجە) دەکات و لە هەشتەمین ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە بەشداری دەکات.

لە ساڵی ١٣٧٥دا مارف ئاغایی دەگەڵ هاوڕێیەکانی، هەوڵی دامەزراندنی «حەوتەمین ئەنستیتۆی کورد»ی جیهان لە تاران دەدات، کە ئەو ئەنستیتۆیە بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێک بە ناوی «کوردستان» دەست بە کارەکانی دەکات و

بە دوای بڵاوکردنەوەی ژمارەی یەکی ئەم گۆڤارە، وەزارەتی فەرهەنگ پێش بە بڵاوکردنەوەی دووبارەی گۆڤارەکە دەگرێت و چەند ساڵ دوای داخستنی گۆڤارەکە ئەنستیتۆش بۆ هەمیشە دادەخرێت.

مارف ئاغایی لە پەنا نووسینی شیعر، کورتەچیرۆکیش بەتاقیدەکاتەوە و چەند وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە گۆڤارەکانی ناوخۆی کوردستاندا بڵاودەکاتەوە. هەروەها وێڕای چەند هاوڕێیەکی هەوڵی وەرگێڕانی فەرهەنگی موعین (لغتنامه معین) دەدات. لە کۆتایی ساڵی ١٣٧٥ شیعرەکانی کۆ دەکاتەوە تا لە کتێبێکدا بە نێوی «پردی برووسک» چاپیان بکات بەڵام دوایی نێوی کتێبەکە دەگۆڕێت بە «زەوی سەخت و ئاسمان دوور» و هەموو شتێک بۆ چاپکردنی کتێبەکە ئامادە دەکات.

لە ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٧٦ی هەتاوی لەگەڵ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سروە بۆ پرسەی خاتوو مینای هاوسەری پێشەوا قازی بەرەو مەهاباد وەڕێدەکەون و دوای گەڕانەوەیان لە ڕێگای مەهاباد بەرەو ئورمیە تووشی کارەساتی دڵتەزێنی تڕۆمبێل دەبن و دەگەڵ جەعفەر قازی دڵیان لە لێدان دەکەوێت و سەرتیپ مەنسووری هاوڕێیتریان برینداردەبێت و دوای دوو حەوتوو لە نەخۆشخانە، ئەویش دڵی بەم دنیایەوە خۆش نابێت.

جێی ئاماژەیە کە مارف ئاغایی دەرفەتی لە چاپدانی کتێبەکەی ناکات و کتێبەکەی لە لایەن بنەماڵەی ئاغایی و دوای مەرگی شاعیر لە چاپ دەدرێت.

بە پێی وەسیەتی مارف ئاغایی تەرمەکەی لە گۆڕستانی هونەرمەندان و شاعیران لە شاری مەهاباد دەنێژن.

سەرچاوەکان:

١. دیمانەی خاتون گوڵان خەلیلی (دایکی شاعیر)

٢. دیمانەی بەڕێز ڕەسوڵ وەیسی (هاوڕێی ١٣ساڵە و هاوکاری ١٠ ساڵەی شاعیر)

٣. چەند پرسیارێک لە بەڕێزان کەریم ئاغایی و خەبات ئاغایی (برای شاعیر)

٤. زەوی سەخت و ئاسمان دوور (کتێبی شاعیر)

٥. کتێبی ڕازی مانەوەی خاک (کۆکردنەوەی هادی حەبیبی)

# شێعر

## بێ تۆیی

شەوەکانم پڕن لە تەنیایی من و بێ تۆیی تۆ.

شەوێک دووری لەگەڵدا بێ
درێژترە لە سەختەڕێی لەدایکبوون هەتا مردن.

ئەوە چرام کوژاندەوە، چاوم وێکنا، هەموو دونیام
فەرامۆش کرد،
ئـەوە خـەوتـم.

بەڵام چ بکەم، خۆ هەر شەو نا،
خەوەکانم پڕن لە تەنیایی من و بێ تۆیی تۆ.

١٣٧٥

# مانەوە

ئەم خۆشەویستە دڵڕەقە عیشق پەروەرەی
نە دەتوانم وەکوو کیژێک بیخەمە پاشتەرکی ئەسپ و
لە ژێر سایەی زێڕەوشانی تریفەی مانگەشەوێکدا هەڵیگرم،
نە دەشتوانم هەرگیز دڵی لێ بەردەم و
خۆم گیرۆدەی کۆلکەزێڕینەی شوێنێکی دیکە بکەم
ناوی: خاکە.

ئەم دەریایەی
نە دەتوانم لە جامی چاوەکانمدا ڕایگوێزم و
نە دەشتوانم لە دووریی ئەو
لە ئۆقیانووسی هیچ شوێنێکی دیکەدا قومە ئاوێک
بخۆمەوە،
ناوی: خەڵکە.

من دەزانم دارستانی هەموو شوێنێک
جریوەی گەرمی چۆلەکە و
ڕووباری هەموو وڵاتێک
دەنگی تاڤگە و ڕەنگی کەف و پێچوپەنای ڕێگەی بەرەو
دەریای هەیە

بەڵام چ بکەم، لێرە نەبێ
نە گوێم چاکیان دەبیسێت و
نە چاوم چاکیان دەبینێ و
نە گیانم چاکیان هەست دەکا.

١٣٧٥

# تەنیا

چەند ڕۆژێکە کوڵی گریانێکی خەستم هەڵگرتووە و
هیچ دڵپڕێک،

چەند مانگێکە گەرووم پڕە لە ئاواز و
هیچ بیسەرێک،

چەند ساڵێکە دیوانم پڕە لە شیعر و
هیچ خوێنەرێک،
نادۆزمەوە
کە فرمێسک و ئاواز و شیعرم جێ بێڵم.

## داوا

کاتێک شێعری خۆشەویستیی تۆ دەنووسم
ــ دەست بە تکا ــ

وشە دوای وشە چاوەڕێن،
دە پێم بڵێ ئەمن کامیان هەڵبژێرم:
خاک، نیشتمان، وڵات یا زێد؟

کاتێک فکری دوور بوون لە باڵای تۆ دەکەم
ــ دەست بە تکا ــ

یەک بە دوای یەکدا چاوەڕێن ،
دە پێم بڵێ ئەمن کامیان بەجێ بێڵم:
ژان و ئازار یا دەرد و ئێش؟

١٣٧٥

## گومان

دار ڕەنگە بتوانێ بڵێ
چەند فرمێسکی زەردی گەڵا
لە چاوانی هەڵوەریون.

هەور ڕەنگە بتوانێ بڵێ
چەند پەپوولەی سپیی بەفر
لە چاوەکانی فڕیون.

نا،نا، تۆ ناتوانی بڵێی
کە چەندە داری ئاواتت
گەڵایان لێ هەڵوەریوە.
چەندە هەوری چاوەڕوانیت
فرمێسکیان لێ باریوە.

# بەڵێن

ئەگەر ڕووبار،
گەڵای تەرمم هەتاکوو نێو دەریا ببا، -
من ئامادەی هەڵوەرینم.

ئەگەر ئاسمان،
مەلی ڕۆحم تا ئەوپەڕی بێ کۆتایی ڕێگا بدا،
من ئامادەی هەڵفڕینم.

من ئامادەی توانەوەم،
هەڵمی لەشم دەباوەشی‌دا ڕاگوێزێ
ئەگەر هەور.

١٣٧٥

## خەون

لەم مێژووە پڕ دووکەڵە
چۆن دووکەڵی ماڵسووتان و تۆپباران و کیمیاباران

لە نێو ئەم ڕووبارە لیڵە
چلۆن ئاو و فرمێسک و خوێن
لە یەک جیا دەکەیتەوە؟

تۆ لە نێو خەونی ژیاندا دەخولێیتەوە!

١٣٧٥

## ناسنامە

ڕەش‌ترین قولەی ئافریقام.

بۆ چی بە من پێدەکەنی؟ خۆ ڕەنگم نا،
باسی بەختم دەکەم، بەختم.

تەنیاترین مرۆڤی نێو قەرەباڵغی ئەم دونیایەم.
باسی ڕۆحم دەکەم، ڕۆحم.

بێکەس‌ترین لەدایک‌بووی سەر ئەم خاکەم.
دە بەس قاقام بۆ بکێشە،
باسی شێعرم دەکەم، شێعرم.

١٣٧٥

# دڵنیایی

چۆن دەتوانی لە نیشتمانی شێعردا سەر هەڵبدەی،
گەر نەتوانی متمانە بە وشە بکەی؟

چۆن دەتوانی سەر بنێیە سەر سەرینی خۆشەویستی و
نیگەرانی خەونی خەیانەتێک نەبی،
ئەگەر نیگا دڵنیاییت پێ نەبەخشێ؟

١٣٧٥

## تەرزە

لە مەرگەساتی نێوان دوو ڕووداوی لەدایکبوون و مردندا
ژیان کەپری ژێر تەرزەیەکی ناوەختە و
منیش نەوەی بێ ئاگری زەرتەشتی پیر.

هیچ کەس نییە بڕوا بکا
ئەم مەشخەڵە بێ ئاگرە سەراوەژوو هەڵواسراوە،
ڕۆژێک گڕکانی ئاگر و
ئەم خۆڵەمێشە ڕەشپۆشەی
وا خەریکە کفنی بەفر، غەمناکانە دایدەپۆشێ
ڕۆژێک سەکۆی سەمای کچی ئاور بووە.

لە تەنیایی بەربەرین و بێبڕانەوەی ڕۆحی خۆمدا
دەتلێمەوە،
هیچ کەس نییە خەونەکانم بڕوا بکا و
من دەترسێم با و بۆران
شانازیی سەر کێلەقەبری پێشینیانمان بسڕنەوە.

١٣٧٥

## تینوو

چۆن بەو شەپۆلە ویشکانەی
ڕۆحی ئاویان لێ دزراوە
تینوایەتیمان بشکێنین؟

چۆن بەو ئاورە بێ گڕفانەی
کە گەرمایان پێ نەماوە
لەم قالبە سەهۆڵینە بێینە دەرێ؟

ئەرێ دایە!
بۆچی هەموو ئاوەکانی ئەم دنیایە
بە قەد ماچێکی سەردەمی منداڵیی تۆ
تینوایەتیم ناشکێنن؟

بۆچی ئاورەکانی ئیمڕۆ
گەرمای دوێنێی
دەستەکانی تۆیان نییە؟

دایە! دایە! سەر هەڵدەگرم
مەڵێ بۆ کوێ؟
سەر هەڵگرتن شوێنێکی تایبەتی نییە.
هەر دێمەوە؛
مەڵێ کەنگێ؟
گەڕانەوە
کاتێکی تایبەتی نییە.

١٣٧٥

## گەڕان

لە نێو هەورا خۆت وەشێری، دەیبارێنم.
لە گەردەلوولدا لوول بخۆی، دەیوەستێنم.
لە ژێر باڵای شەپۆلێکدا، ماسی ئاسا پەنا بگری
دەیڕووخێنم.

تەنیا ئەگەر لە ئاوێنەی دڵێکی تردا بتبینم،
ناتوانم نا، بیشکێنم.

١٣٧٤

## قوربانی

ئاو شایەرە و
ئاوازێکی شاد دەخوێنێ.

با بۆ شاباش
دەست دەباتە نێو بسکی دار.

لەم نێوەدا گەڵایەک قوربانی دەبێ!

١٣٧٤

# کۆچ

خاک،
توانای کۆچی نییە.
ئەوەیە ڕازی مانەوەی هەمیشەی من
لەم وڵاتەدا.

## باران

باران! ئەی ئەزموونی لەدایکبوونێکی ئاسمانی و
مەرگێکی دەریایی؛
بۆ زەوی وادەی چی پێدابووی،
کە هەوری دڵدارت بەجێهێشت؟

باران! ئەی کۆچکردووی
وڵاتی ئەستێرە و هەور و با؛
کێ هەیە بۆ لاوکە ئاسمانییەت
گوێ هەڵخا؟

باران! تۆ خاچێکی سەرگەردان:
سەرێکت لە ناخی سووڕانی زەویدا و
سەرێکت لە نێوان گەڕانی هەوردا.

## شێعر ٦١

باران! ئەی
ڕێبواری ڕۆژانی بێ خۆر و
شەوانی بێ مانگ و ئەستێرە!

باران! ئەی پاکترین هاوڕەگەز بۆ گریان!
منم من
بۆ مەرگی تۆ گریام
ئەی مرۆڤترینی دڵداران

١٣٧٤

## من و تۆ

زەوی سەرسەوز و ئاسمان ساف،
وە تۆ سەرخۆش
لە نێوان ئەرز و ئاسماندا.

"زەوی سەخت، ئاسمانیش دوور"
وە من ماندوو
لە نێوان بەرد و باراندا.

١٣٧٤

# بۆ کۆچی باوکم

بەر پەنجەرە، دەست بە ئەژنۆ، سەر لە سەر دەست،
گوێم بۆ ئاهەنگی دیداری باران و خاک ڕاداشتووە.

چەند دڵۆپێک بە گۆنامدا دەڕژێتە خوار؛
دڵۆپەی باران!؟
نا بابە گیان،
ئەوە یادی مەرگی تۆیە
ئەمنیشی خستۆتە گریان.

١٣٧٤

# چارەنووس

بە ڕواڵەت: گەنجی گەنج،
بە دەروون: پیری پیر،

دەترسێم زۆر زووتر ناچار بم
دەروونم،
لەو دیوی ڕواڵەتم بنێژم.

بە ڕواڵەت: گەنجی گەنج،
بە دەروون: پیری پیر.

١٣٧٤

## سەرگەردان

دیتنەوەت چ سەختە،
تەنانەت ئەو دەمەی پێکەوەین.

ونبوونت چ دژوار،
تەنانەت ئەو دەمەی لێک دوورین.

١٣٧٤

## قەفەس

بەر لەوەی زەینی ئاسمان
لە بیرەوەریی هەڵفڕین
بە تەواوی پاک بێتەوە،
دەرگای قەفەسم کردەوە؛
هەڵفڕینی لە بیر چووبۆوە!

## بۆ؟

دار نیم،
لە هەر شوێنێک ڕوابام
نەیانتوانیبا ڕامگوێزن؟

با نیم،
بۆ هەر شوێنێک ڕۆیشتبام
نەیانتوانیبا ڕامگرن؟

١٣٧٤

## شەپۆل

بەستێنێک بووی و تەمەنێک
چاوەڕوانی ئاوی زەریا.

لە نیوەڕێی ژیانتدا شەپۆلێک هات تۆی کردە ژێر؛
ئای کە نەتزانی بەستێنی زەریایەک بووی،
ئەوەندە سوێر!

١٣٧٤

# تراویلکە

بە تینوایەتی خۆم ڕادێم،
ئەگەر سەمای بریقەداری تراویلکەکان لێم گەڕێن.

لە تەنیاییمدا دەپشکوێم،
ئەگەر هەناسەی پاییزی ئەم ئاشنا نامۆیانەم
لێ دوورکەوێ.

هەر بە یادی تۆوە دەژیم ئەی ئازادی!
ئەگەر یادە تاڵەکانی ڕۆژانی نێو زیندانەکان
دەست لە ئازارم هەڵگرن!

١٣٧٤

# پۆلا

پۆلایە پۆلا
-بەرز و یەکپارچە-
ئەم دارە ناسک و
کورت و ڕاڕایە
لە پێش چاوانی بێ‌گوناهی تۆ:
مەلی نێو قەفەس!

١٣٧٤

## غەریب

ناتناسم نا،
هەرچەند وەکوو هەناسەی و
دە ڕۆح و گیانم خزیوی.

بە تۆ نامۆم،
هەرچەند وەک خۆم
لە ئاوینەی ڕووبەڕووم‌دا ڕاوەستاوی.

بۆ تۆ دەگریم،
ـ ئەی شاعیرە غەمبارەکە ـ
بۆ بە چارەنووسی منا گرێ دراوی؟

١٣٧٣

# ونبوو

خەونەکانم ونیان کردووم.
ڕۆحێکی سەرگەردانم و چاوەڕوانم
کە یا خنکان و یا سووتان،
بە بڵێسە
یا بە شەپۆلم بسپێرن.

١٣٧٣

# هیوا

چرایەک کوا،
کە "با" نەتوانێ فووی لێ بکا؟

شکۆفەیەک،
خەزان هەرگیز نەیژاکێنێ؟

وە مرۆڤێک،
کە چارەنووس نەتوانێ بیتوێنێتەوە؟

١٣٧٣

## هەواڵ

من قورسایی غەمێکی بێ بڕانەوەم
لە سیمای داربەڕوودا دی،
وە لوورەی با، چیرۆکی سەختە پاییزیش.

چ غەمبارە،
لە چاوانی داربەڕوودا
هەڵوەرینی
فرمێسکی زێڕینی گەڵا.

١٣٧٣

## دیدار

ژوورەکەی تۆ
لە نێو گەرووی پەنجەرەیەکی کراوە
هەوای تازەی هەڵدەکێشا
وە من تەق ......تەق
لە دەرگام دا.

چاوڕەێ بووم دەستێک دەرگا بکاتەوە
دەستێکم دی: پەنجەرەش دادەخاتەوە.

١٣٧٣

# تەنگەبەر

بارانی مردن
لە دەوروبەرم بەخوڕ دەبارێ؛

"با"ی زەمان بەلەز
لە بەری هەڵدێ؛

«بە با و بە باران
هەر عومری بەفر
کەم دەبێتەوە.»

١٣٧٢

## ڕووداو

بەردی سروشت
مەلی گەڵا
لە لانەی لک هەڵدەفڕێنێ.

سێبەری شەو
تا سەر سینگی ڕۆژ دادەکشێ.

پەنجەی سەرما
دەمی پەنجەرە دادەخا.

لە سەر تەختی وەرزێکی زەرد دادەنیشێ:
میری پاییز.

ئا......ی چ پاییزێکی ناوەخت!

١٣٧٣

# قۆناخ

شین، زەرد و سپی
ڕەنگی تەمەنی یەکساڵەی سروشت.

منداڵ، لاو و پیر
ڕەنگی تەمەنی یەکجاری مرۆڤ.

ئا......ی لە کوێی، لە کوێ،
تازەبوونەوە؟

١٣٧٢

## ئاوات

ماسی، میوانی خەونی گۆمێک بوو.
ڕێبوارێک بەردی هاویشتە نێو گۆم؛
گۆم توند ڕاچەنی:
خەونم هاتە دی؟!

١٣٧٢

# ئەزموون

تەنیا یەک جار
هەڵفڕین تەجرەبە دەکا
گەڵا؛
لە پاییزدا
لە لکەوە هەتا زەوی.

ئەمنیش تەنیا یەک جار ژیان،
لە گریانی کاتی لەدایکبوونەوە
تا فرمێسکی دەمی گیاندان.

## شەهید

گەلایەک وەری.
خەستە بارانێک،
تەرمی شوشتەوە.

قەڵشێکی زەوی:
مەرقەدێکی ون؛

شەهید دەنێژرێ:
بێ کفن و دفن.

١٣٧٢

## چەواشە

ڕێگایەکت
پێوا، پێوا.
گەیشتیە بەردەم تابلۆیەک:
بن بەست.
بە کۆتایی گەیشتووی و
بەڵام چەندە ڕێیەکی دوورە
تا بگەیتەوە سەرەتا.

١٣٧٢

## بەر ئاگردان

سوار چاکی "گەرما"
سواری ئاگرە،
کەمەندی دووکەڵ
دەخاتە گەرووی دیوەزمەی سەرما.

دەسکیشی سپیی بەفری سەر پەنجەم
دەبێ بە ئاو و
خوێنی گڕ بە نێو کۆڵانی ڕەگما هاتوچۆ دەکا.

سووتان! لە مێژ بوو بە دواتدا وێڵ بووم.
تۆش ئەی خۆڵەمێش!
چ ڕۆژگارێکە شوێنت هەڵگرتووم!

۱۳۷۲

## موعجزه

فاڵگیر:
ڕۆژێک دێ دنیا دەگۆڕێ،
ئاگر لە سەرمان دەیبەستێ،
ئاگربەندان!

سەهۆڵ وەک ئاگر گڕ دەگرێ
سەهۆڵ سووتان!

چارەنووس هەروا تاڵ نابێ.

۱۳۷۳

## پرسە

هەور دەگری
بە سەر ڕەش‌پۆشیی بێشەدا

چەمەری با،
دەخزێتە نێو
گەرووی ژەنگ‌گرتووی ئەم دۆڵە.

لە سەر پاشوو دەحیلێنێ:
ئەسپی سەرکێشی شەپۆلێک،
بۆ مەرگی سوارچاکی دەریا.

۱۳۷۲

# ڕێگا

زین و لغاوی ئەسپی "با" فڕێ دەدەم.
بە کۆڵانی خۆڵەپۆتینەی زەمانا چوارناڵ دەڕۆم.
لە پشت سەرم بارانی تۆزە دەبارێ.
لە کانیاوی تراویلکە دەڕوانمە خۆم:
تراویلکە، ئاوێنەیەکی تێکچڕژاو.

کەمەندی دەست ڕەیاڵ دەکەم،
لە قەدی ئاسۆی باڵێنم:
ئاسۆیە و ئاسکێکی ڕەوەک.

دە ئەسپی هەنگاوم دەخوڕم:
ئاسۆیە و قەڵای سەهۆڵین.
توند باوەشی پێدا دەگرم:
ئاسۆ، چیایەکی هەورین!

ئەرێ ئاسۆ ڕووبارێکە،
هەر ماسی سەربەستی خەون
دەتوانێ مەلەی تیا بکا؟!

ئاسۆ گەواڵە هەورێکە،
هەر بای خەیاڵ
دەکرێ باوەشی پیا بکا؟!

١٣٧٢

## چەمەر

بەژن و باڵا:
دارستانێکە پاییزی؛
ڕوخسارەکان، زەردەگەڵا.

بای کارەسات:
پڕ گەرووی قووڵی گورگی شەو
دەلوورێنێ.
وەری، وەری، یەک دوو
سێ چوار، گەڵا وەری.

شینگێڕییەک لە جەنگەڵ دەنگ دەداتەوە:
لە شەڕی نێوان دار و با
لک، زۆرترین زیان دەبا!
وەیڕۆ، وەیڕۆ
گەڵا گەڵا!

١٣٧٢

## بیر

دارتاش داری قەفەسێکی دادەتاشێ،
ڕاوچییەک داوی دەتەنێ؛

شاعیرێکیش
به دەم بیری:
شکانی شوولی قەفەسێک،
پسانی ڕایەڵی داوێک،
هەڵفڕینی باڵندەیەک.
دەتلایەوە.

١٣٧٢

# چەند کۆپلە شیعری سەربەخۆ

(١)

لیوم پەنجەی باغەوانیک،
چاوەڕوانە:
بەری ماچێ
لە داری بەژنی تۆ بچنێ.

(٢)

هەوری یادت
بە سەر داربەڕووی بالآما ڕادەبووری.

ناتوانم دەست لە دەستت نیم؛
بریا هەور دەستی بوایە!

(٣)

من بەروبووی داری گریان؛
تۆ ڕێبواری نێو باغی سەوزی پێکەنین.

چەند زەحمەتە بە یەک گەیین!

(٤)

سینگی هەور
کاغەزی زۆر نامەی من بوو.

بۆ پەژارەم:
هەور گریا،
کاغەز بە دەستت نەگەیی!

١٣٧٢

## هەرمان

فریشتەی بەفر
لە پاش سەفەری دوور و دریژی باوەشی ئاسمان،
لە سەر سوورگوڵی گۆنای تۆ نیشت و
زوو توایەوە.

سەرپەنجەی نەرمی بۆنی ڕیحانە
دوای شەوی زولفت،
دە نیو بیستانی سینەی تۆ گەڕا و
قەت نەبڕایەوە.

زەردە گەڵایەک
لە نیو کۆڵانی پڕ بیرەوەریی دەنگی خوسپەی پێت
خۆی کردە پێخوست،
بە لکی سەوزی هیچ درەختیکدا
نەلکایەوە.

١٣٧٢

## مزگێنی

که "با"ی شوان
مێگەلی هەوری هەڵپێچا،
دە بلوێری برووسکی توورپاند.

بێریی سروشت،
سەتڵی زەوی
تەژی کرد لە شیری هەور.

وە من قاسپە قاسپی کەوم
لە داوێنی هەواری دڵم،
گوێ لێ بوو.

پڕ بە گەرووم
هاوارم کرد:
بەخێر بێیەوە ئەی بەهار!

١٣٧٢

# پێچەوانە

هەتا ئێستا
ئینسان دونیای — بۆ باڵندە —
لە قەفەسێکی بچووکدا
دەبریەوە.

بەڵام تۆ ئەی پەرەسیلکەم،
باڵندەی و
لە قەفەسی چاوەکانتا
من
زیندانی!

١٣٧٢

# پرسیار

ئەوە کێ بوو
بەردی گرتە ئاوێنەی نێو چاوانی من
چرژی تێ‌خست؟

ئەوە کەنگێ وەرز گۆڕا
تووکی سەرم
لە داری بەژنم هەڵوەری
گەڵا، گەڵا؟

ئەوە لە کوێ
زەریا دڵی وەکوڵ هات و
لێرە هەور
بە سەر باڵای منا گریا؟

١٣٧٢

# خەو

ئەی چاوەکانم،
من بێشکەی سەرم
تا کەی ڕاژینم؟
سواری سەر باڵی خەیاڵتان کەم
ئێوە بنوێنم؟
هەرچەند ئەزانم
کە بای هەناسەم
تۆزی خەرمانی خەمی دەروونم
بۆ ئێوە دێنێ؛
بەڵام گوێ بدەنە
ئاهەنگی دڵی ماندووم کە دەڵێ:
«هەی لایە لایە، ڕۆڵە لای‌لایە
دە بنوون درەنگە، بۆچ خەوتان نایە.»

١٣٧٢

# پەنا

ئەو دەمانەی هەوری هەستێک
لە دەروونما دەگرمێنێ و
بە ڕێژنە
بارانی وشە دەبارێنێ،
پەنا دەبەم
بۆ ژێر چەتری ئاوریشمینی شێعرێکی نوێ.

١٣٧٢

## یاد

گەر بارانی بیرەوەریی ڕابردووی دوور
لە پێدەشتی وێشکەڵانی
دڵی تینوومانەبارێ،
ڕەگی داری خەو سیس دەبێ و
بەری خەون
ناگرێتە خۆی.

تۆ ئەو هەورە خەیاڵینەی،
شووشەی تیژی هیچ سنوورێ
ناتوانێ زامدارت بکا.
من مرۆڤم و
ناشتوانم
لەم سنوورە لۆکەییەش دەرباز ببم!

١٣٧٢

## هاودەردی

کە دەستی دار
یەک یەک،
گەڵاکانی وەری،

کە ئاسمان
کلوو کلوو،
بەفر لە چاوی هەڵوەری،

منیش لێرە
لە تەنیایی ژوورەکەما
تار تار مووی سەرم هەڵوەری.

١٣٧١

## ژوان

لە سەر کانی دانیشتووم:
چاو لە چاوی تۆ دەکەم.

ئەم ئاسمانە شینە
ئاوێنەیەکە گەورە،
لە بەرامبەری زەریای
چاوانت ڕاگیراوە.

لە سەر کانی دانیشتووم:
چاو لە چاوی تۆ دەکەم.

١٣٧١

# تەعبیر

ئەمشەو بینیم
بۆ هەمیشە لێک هەڵبڕاین:

دەڵێن خەون
به پێچەوانەی ڕاستییە!

١٣٧١

# خۆزگە

لەم سنوورانە قەڵسم:
گشت لایان لێ تەنیوم.

خۆزگە توانیبام لە نێو
جیهانی بێ سنووری چاوانی تۆدا بژیم.

١٣٧١

# ئازادی

کام ئازادترین:
من
یا
باڵندەی قەفەس؟

بستێکە بەینی:
ئەو و ڕزگاری،
پەت و گەردنم.

۱۳۷۱

# پێنج کۆپلە شیعری یاغی

(١)

تا چاو بڕ دەکا
ئاڵقەی پرسیارم
بە هەودای ڕێدا هەڵپەساردووە.
بەڵام ئاڵقەکان
تەنافی دارن،
تەرمی وڵامم
پێ نیشان دەدەن.
ئەرێ ئەمن کێم؟
تا زیاتر لە خۆم نزیک دەبمەوە
زیاتر لە بوونم،
دڵسارد ...... ناهومێد.

بڵێی ڕۆژێک بێ
بەو ڕاستیە بگەم:
من تراویلکەم!

(٢)

هەر تەنیا من نیم.

زەمانیش کاتێک سەرەڕۆیی کرد
لە نێو چوارچێوەی "سەعات"یان خست و
وەک کەڵی گیرە
خولیان پێ لێ دا.

هەر تەنیا من نیم!

(٣)
ئاوێنەی ڕۆحم
قوڕ و چڵپاوی ڕێگەی دژواری
پێدا پرژاوە.

ترپەی دڵیشم
دەنگی دەفێکە
لە نێو چەمەریی
ناشتنی تەرمێک.

(٤)

دەزانن خوێنم
دەگەڵ چ ئاوێ،
تێکەڵ کردووە؟

ئاوی ئەو بەفرەی
لە لەپی دەستما
گیانی بەخت کرد
تا تێراوم کا.

چاوم بە دەشتی قاقڕ هەڵنایە،
خوێنم پێشکەشتان،
ساڵی داهاتوو
ڕۆحم دەنێرم
بۆ باغەوانیی
گوڵزاری لالە.

(٥)

لە ڕۆژی ڕوونیش
چرای دڵ هەڵکەن
ـ بە گڕی برووسکە ـ
ئەودەم تێدەگەن
کە ئەو هەتاوە
چەندە بێ تیشکە!

١٣٧١

# تووڕە

لە ئێوە تووڕەم،
چاوێ لە گنجی نێو چاوانم کەن:
وەک هەوری پڕن.
ها ...... کە تووڕەییم
پەرەبستێنێ و
برووسکەی هەور
بتانسووتێنێ.

١٣٧١

# دڕدۆنگ

هەورەکان بە یەکدا نادا:
نەک برووسکە بیسووتێنێ.

بێ بارانەش،
تینوایەتی دەیخنکێنێ!

۱۳۷۱

## بەهار

ئەی خونچەی دەمت
تاقانەخونچە:
لە پاییزیشا شکۆفە دەکا.
ئەی گوڵی کوڵمت
تاقانە گوڵێک:
لە زستانیشا
سووری شەڕابی.

ئیستا چ وەرزە؟
لێم نادیارە؛
هەر کات کە خونچەی دەمی تۆ پشکووت
بۆ من بەهارە.

١٣٧٠

## خۆشەویستی

ئاسمان بە قەد من
ئەستێرەکانی خۆشویستبایە،
هیچ ئەستێرەیەک
دانەدەڕژا.

زەریا بە قەد من
ماسییەکانی خۆشویستبایە،
هەرگیز دەنووکی ماسیگرەکان
نەدەبووە تابووت.

چیا بە قەد من
بەفری خۆشویستبا،
یا هەر چوار وەرزان بەفری دەماوە،
یا خۆیشی لەگەڵ ئەوا دەتواوە.

بەڵام داخەکەم
ئاواتم: ئاسمان، زەریا و چیایە
خۆیشم: ئەستێرە و ماسی و بەفرم.

١٣٧٠

## وێنە

هەور: کامێرا،
برووسکە: فلاش،
نم نمەی باران
بۆ شوشتنەوە و
دڵی منیش: قاپ.

ئا...ی نیشتمانم!
هەتا یەک چرکە،
بۆ لێوەکانت
بزە قەرز کە.

١٣٧٠

# ناو

که بووم به باوک و
هاوسەرم ناوی
کۆرپەکەمانی
"شەونم" دیاری کرد،

له نێو دەفتەری شێعرەکانما
من ناوی شێعری "شەونم"م گۆڕی.

ئاخر چۆن دەبێ:
هەر دووک منالم
یەک ناویان هەبێ؟

١٣٧٠

# چاوەڕوانی

دەرگاکەتان لێم توورەیە:
ئەوەندەی بێم بە تیشکی چاو لێی بدەم و
تۆ نەیە دەر.

ئەمجارە دێم:
با دەرگاکە بە نیگاکەی
ئەوەندەم بەردەباران کا
هەتا بە هاوارم دەگەی.

١٣٧٠

# هاوار

ئەنگوستم لە سەر
ماشەی تفەنگی هاوار داناوە،

هەتا لە گەرووی
ئەم بێدەنگییەدا
بیتەقێنمەوە.

١٣٧٠

## مەودا

بۆ شکۆفەی گەشی بەهار
باسی خەزان:
لە باوەشی گەرمی ژینا
توانەوەیە.

بۆ گەڵای زەردی پاییزی
باسی بەهار:
ئەفسانەیە.

ئا.....ی سروشت، دەس بە داوێنتم!
مەودای وەرزەکانت کورتە.

١٣٧٠

## تەنیایی

لەو دیوی پەنجەرەکەدا:
چنارێکی گەڵاوەریو،
هەڵدەلەرزێ و
بایەکی سرِی پاییزی
لە پێش چاوی،
گەڵاکانی
نوقمی گەردەلوولێ دەکا.

لەم دیوەی پەنجەرەکەدا:
کەسێ دیارە؛
دوایین دەستەچیلەی یادی،
بە ئاگردانی تەنیایی خۆی دەسپێرێ و
وردە وردە
خامی سپی
بە سەر خۆیدا هەڵدەکێشێ.

١٣٧٠

## غەم

غەمی خۆم وەکوو
شوولێکی ساوا
بە چەند دڵۆپێ فرمێسکی بەسۆز
خاو دەبێتەوە و
هەڵدەکێشرێ.

غەمی تۆ بەڵام:
دار بەڕوویەکە
ریشەی پشتێندە و
چەند قەد لە دەوری زەوی ئاڵاوە.

١٣٧٠

# زیندان

ئا لەو ڕۆژەوە
چاوم لە بەند و
زیندان ترساوە،
دەرگای زیندانی ئەم ترسەم لە سەر
گاڵە دراوە.

١٣٧٠

# بای بسکان

هەتا شنەبات شێت نەکردووە و
نەبوو بە تۆفان،
لێچکەکەت لادە،
با لە ڕەشماڵی بسکەکانتا بگیرسێتەوە.

نەکەی جڵەوی بسکی ڕەش شل کەی،
کە من زۆر ترسم لە ڕەشەبایە!

# کۆچ

مانگی چاردە،
ــ تا نیوە شەو ــ
چاوەڕوانی تەرمی تۆ بوو.

من ترسی دوارۆژم هەبوو،
گەورەیی تۆ
کوا بە هیلال هەڵدەگیرێ؟

١٣٧٠

## ئەوینی ئەفسانەیی

گڵۆپێک و ئەو گوڵەی وا
لە ژێریا پشکووتبوو،
ڕاز و ڕەمزی
ئەوینێکی ئەفسانەیی یان لە دڵدا بوو.

هەموو شەوێ
گڵۆپەکە
لە نێو ڕۆحی تیشکەکانیا ئەتوایەوە و
بە سەر باڵای گوڵا دەکشا.

گوڵیش لە سۆزی ئەم عیشقە
هەر بە سەما
بۆ باوەشی گڵۆپەکە هەڵدەکشا.

زۆری نەبرد
گوڵ بە دەستی خەزان ژاکا.
هەر ئەو شەوە
گڵۆپەکەش
لە نێو گڕی خەزانی ئەوینا سووتا.

١٣٦٩

# بەفر

مرۆڤ کە مرد،
لە نێو کفنێکی سپی‌دا
دەیپێچنەوە.

سروشت کە مرد،
لە بەفرێکی زستانی‌دا
دەیشێرنەوە.

١٣٦٩

## ئاویلکە

گۆڕستانی وڵاتی من
سەدان گۆڕی
چاوەڕوانی تەرمی لێیە.

زیندوو بوونتان بسەلمێنن،
دەنا لێرە
وەنەوزیش هەر
ئاویلکەیە.

١٣٦٩

# گڵکۆ

مەرگی شەهید
وەکوو مەرگی خۆرەتاوە.

دەمەوئێوارێکی درەنگ
کە پەنجەی چڵکنی هەور
خوێنی هەتاوی لێ دەتکێ،
تەرمی لە خوێن گەوزاوی خۆر
بۆ باوەشی گڵکۆ دەخوشێ.

بەربەیانی
لە سەر کێلی ڕۆژهەڵاتی ئەم گڵکۆیە
هەر دڵۆپێک
دەبێتە پەیکی گزینگ و تاریکایی دەشواتەوە،

مەرگی شەهید
وەکوو مەرگی خۆرەتاوە.

١٣٦٩

## مان

شووشەی پەنجەرەی ژوورەکەم
بوغ گرتبووی،
ئەمنیش وێنەی ڕوخساری تۆم لێ کێشاوە.

ئێستە ئیتر
هەرچی ڕۆژە ئەم پەنجەرە هەڵم دەگرێ و
وەک قابێکی کە تابلۆکەی لێ دزرابێ
بۆ وێنەی ڕووی تۆ مان دەگرێ.

١٣٦٩

# ئاوێنە

که گرژ و توورەت دەبینم،
دەڵێم بریا ئاوێنە بام:
هەر جارێ که چاوەکانت
وێنەی تۆیان
لە ڕوخسارما پێ‌دەنواندی،
هێندە گرێ و خەمەکانتم دەخواردەوە
تا لە ڕوخساری من دەنیشت
پەژارە و گنجی نێوچاوان؛
تۆش دەبوویە
ئاوێنەیەک:
بێ گنج و جوان.

١٣٦٩

## توانەوە

تۆ وەک شەمێک دەچی
ئەمنیش وەک بەژنی ئەم شەمەم.

دڵنیا بە، هەر کاتێکی
هەموو گیانم لە عیشقتا بتوێتەوە
گڕی ژینت
ئەکوژێتەوە.

١٣٦٩

# دەستی خەزان

کە پاییز هات
هەموو شەوێ
وەک گلۆپێ
بە سەر لکی دارەکانا شۆڕ دەبمەوە.
دەبمە چاوی ئەو گەڵایەی
دەستی خەزان
لە دەفتەری ئەم دارستانە دەیدڕێ،
با کوێرانە
بەرەو مردن
ڕێگە نەبڕێ.

١٣٦٩

# ماچ[٢]

گۆناکانم:
گەڵای زەردن
پاییزانی
لە داری ژیان وەریون.

لێوەکانت:
دوو شکۆفەی شللێرەن و
بە سەر گەڵای پاییزانا
ناچەمنەوە.

١٣٦٩

٢. سێبەرێکی تەنکی شیعرێکی "شاندور پێتۆفی"لە سەرە.

## وەسیەت

شاعیرێکیان، بە تاوانی "شێعر وتن" لە دار دەدا،
وتیان: وەسیەت
بۆ دوایین جار؛
شاعیر لێوی لێک هەڵبڕی
دوا باڵندەی شێعری تازە ... لە شەقەقەی باڵی دا و، فڕی ...

۱۳۶۸

## نامۆ

مەلەی زەریا
ژیانی نێو دارستان و
هەڵگەڕانی قەدی چیا
چەندە سەختە:
زەریا، دڵۆپ
دارستان، دار
چیا، گاشە
دەبوغزێنێ.

١٣٦٨

## شۆڕەبی

ڕووبارێک بوو ... ساڵیانی ساڵ ... لە ئاوینەی
ڕوخساریدا
بسکی شۆڕەبییەکی دەشوشت.

ڕۆژێک ڕووبار ... لە شۆڕەبی بە ڕقدا چوو ...
تووڕەییەکەی بوو بە لێلاوێکی سووڕ و
ڕەنگی سەوزی بسکەکانی لە خۆی هاڵاند.
کە شۆڕەبی پرسیاری کرد:
بۆ لێم تووڕەی؟!
وتی کاتێ قەمچییەکەی ڕەشەبای دڕ
لە بەژنی دارستان هاڵا
تۆ لە ترسا
بە سەر شۆڕی دۆش دامابووی.
کە ئەمەی وت ... گەردەلوولێک هەڵیکرد و
شۆڕەبییەکە خۆی وێک هێنا

لە نەکاوا
وەک دەروێشێکی جەزمبوو
پرچی بە سەر شانیدا دا
ڕووبارەکە کەوتە لەرزە،
کاتێ دیتی کە نێودڵی شۆڕەبییەکە
لانی شێرێکی سەربەرزە.

١٣٦٨

## سێ هەنگاو تا مەرگ

خەونووچکە کایەی پێ دەکا:
وەک چۆن ڕێبوار
لکی داری
بەرەو زەوی ڕادەکێشێ و
لە نەکاوا بەری دەدا.

شەو قاقا بەم پێدەکەنێ:
وەک چۆن لمی قەراغ زەریا
بە دوا پەلەقاژەی شەپۆل.

مردن دەرگای دەکاتەوە:
وەک چۆن گورگێکی چاوبرسی
بۆ نێچیرێ
زار لەبەریەک دەباتەوە.

١٣٦٨

## برووسک

شیرین!
ئیمرۆ دەبێ،
هەموو هەورە گەرۆکەکان کۆکەیەوە،
برووسکەیەک دەستەمۆ کەی.

زۆر لەمێژە ئەم وڵاتە بێ بەهارە
بەرگی سەوز ناکاتە بەر.
تەشی بادە،
برووسکەکەت لە ڕانی ئاسمان بخشێنە و
ڕیز ڕیز باران
ــ وەک داوە بەنی بادراو ــ
لە کەڵافی ئەم هەورانە ببارێنە،
با کیژی تۆریاوی سروشت
بۆ بەهاری ساڵی تازە
بەرگی سەوز
بۆ بەژنی ئەم خاکە بچنێ.

# خۆشم دەوێی، لێشت تووڕەم

"بۆ دۆستی شاعیرم جەلالی مەلەکشا"

(١)

دیسان دووکەڵێکی ڕەش و هەناسەی تۆ،
دیسان کۆڵانی غەریبی و سێبەری تۆ،
دیسان جانتای ئاوارەیی و سەرشانی تۆ،
دیسان، دیسان
زاری کراوەی کەلەبچە و
دەستانی تۆ.

تۆ چەندە بارێکی قورسی
بە سەر لاشانی غەمەوە.
چەمۆڵەیەکی چەند مۆنی
بە نێوچاوانی تەمەوە.

(٢)

هەور وەک تۆ
بە گریان ئاشنا نییە.
ژان وەکوو تۆ
بە ناخی هیچ برینێکدا ڕۆنەچووە.
هیچ بیشەیەک
لە خەزانی تەمەنیدا
نیوهێندی تۆ
گەڵا و لکوپۆی ئازاری
نەوەریوە.

تۆ چەندە بارێکی قورسی
بە سەر لاشانی غەمەوە.
چەمۆڵەیەکی چەند مۆنی
بە نێوچاوانی تەمەوە.

(۳)

ئاویەر نەیتوانی غەمی تۆ لە کۆڵ بنێ،
ناردی بۆ سەر شانی دمدم.
زرێبار لە دەستی نەهات
تۆزی غەمی سەر سیمای ونبووی تۆ بشوا،
لە نێو زەریاچەی ورمێی خست.
لەو کاتەوە
من ئاوارەم
بە شوێن چیا و دەریایەکی ئەفسانەیی!

(٤)

چۆن کۆڵەکەی ساوای بەژنم
ئەم ئاسمانەی غەمی تۆی پێ ڕادەگیرێ؟
کوا بە کانیاوی چاوانم
دەریای فرمێسکی غەمی تۆ
هەڵدەگیرێ؟

(٥)

لە نێو لەتی ئاوێنەی چارەنووستدا
خۆت لێ ون بووە،
بیر و هەنگاوی تۆ، هەرگیز
یەکتریان پێ نەدۆزراوە،
ڕێگا لەگەڵ
ڕێبواری ساڵانی پێشووی
ئاشت نەکراوە.

(٦)

ناتوانم دەست لە دەستت نێم:
پۆلوویەکی گەشاوەیە، دەمسووتێنێ.
ناتوانم نا، نزیکت بم:
ئەم هەناسەت
تەنوورێکی قانگ دراوە
دەمخنکێنێ.
خۆشم دەوێی، لێشت تووڕەم.
خۆشەویستیم دەریایەکە

تووڕەییم: دڵۆپ.
زۆر جار دڵۆپ،
ئەم دەریایە هەڵدەلووشێ.

خۆشەویستیم: ئاسمانێکە
تووڕەییم: پەڵەیەک هەور.
زۆر جار هەور،
ئەم ئاسمانە دادەپۆشێ.

(٧)

تا کەنگێ مێرووولەی لەشت
باری قورسی سەرت لە سەر شان دابنێ و
لە ئاوارەیی بۆ زیندان
لە زیندان بۆ ئاوارەیی
بتلێتەوە؟
کەی چاوانی بێ تاوانی کۆرپەکانت
دەرگای پێلوو
لە سەر نیگای باوکانەی تۆ بکەنەوە؟
ئیزن مەدە

لەوە زیاتر ئاوری ڕۆژگار
دووکەڵەکەی لە هەناوتا جێ کاتەوە.
گۆشەی زیندان
بۆشاییەکەی
بە لەشی تۆ پڕ کاتەوە.

(٨)

ئەوە چەند جار
خۆشەویستیم کرد بە هەتاو،
دووکەڵێک بوو بە سیبەرت؟!
با ئەو جارەی سیبەری خەستی تووڕەیی
بە سەر باڵای تۆدا بکشێ!
ڕەشەبای شیعرێکی سەرکێش
بۆ نێو هەناسەی تۆ بخوشێ.

١٣٧٢

# سەفەری مەرگ و ژین

بارانە و دەبارێ، سەرتاپای ڕۆحی من تەڕ بووگە و
لە پەڵەی هەورێکی چڕ زیاتر
هیچی تر شک نابەم کە بیکەم بە چەتر.

تۆفانە و هەر تەنیا ژێر باڵی شەپۆلێکی یاخی،
زریانە و سەرشانی قامچییەک،
گریانە و هەر فرمێسک
شک دەبەم کە پەنای بۆ ببەم.

ئەم ڕێیە هێندە دوورە، وەک باڵای باران بێ
لە زەوی ڕاخرابێ.
ئەم ڕێیە بەستەڵەک،
وەک باڵای تەرزە بێ.
ئەم ڕێیە بەرتەسک،
وەک پردی برووسکە.
هەنگاوم هەر ئەڕۆن.

وەک ئاوێک کە تازە لە دەستی بەنداوێک
ڕزگاری هاتبێ.
چرای چاو، گەش دایسێ
وەک تازە چەخماخەی لێدرابێ.
دەبێ تیژ وەک خەون، ڕێ ببڕم
دەستانێک دەبینم خەریکن کە ئاسۆ ڕاگوێزن.

ئەم ڕێگا درێژە
تۆمارە و
چیرۆکی شکانی لە سەر سینگ نووسراوە.
لە ڕەگی لەش زیاتر
چەمی خوێن بە نێویا گەڕاوە.

ڕێگایە و هەر ڕێگا، هەر ڕێگا
هەڵدێم و کەرویشکی بازەی هەنگاوم
سێبەری تفەنگی چەند ڕاوچی لە سەرە:
ـ ناتوانن بتگرن، ئاو دەتکا بە ئاو و دار بە دار
بەرد بە بەرد
تۆ هی ئەم خاکەیت و
لە تیرەی بەرد و ئاو و خاکیت ـ

سەرمامە و کرێوە
لە بەژنم ئاڵاوە.
برسیمە و سەهۆڵی کەشکئاسا
بۆ توێشووی ئەم ڕێیەم دانراوە.
بێ پەنام،
هەر ڕنوو مەنزڵمە.
تەنیام و هەر تەمەن هاوڕێمە.

ئەم سیما ماندووەم لە قابی ئاوێنەی سەهۆڵا دەبینم.
بە ناچار جاروبار
پێ لە سەر سەری خۆم دادەنێم.
جارجارە وێنەکەم دەیبەستێ و ناتوانم کە دەریبهێنم،
جاروبار سەهۆڵە دەشکێت و
گنجێکی تازەتر، ڕێی پیری
لە دەشتی نێوچاوان خۆش دەکا.

بەرەو خۆر ڕێ دەبڕم، لە سەرمان کەم ماوە ڕەق هەڵێم.
وەک کانیی ویشک کراو
لە حەسرەت چەند دڵۆپ ئاودامە پێی بگریم!
ئەم ڕووحە تینووەم بە ڕووباری ئاگر ئاو دەدەم.
هەر تەنیا پێنووسی برووسکە دەتوانێ

ئەم مێژووە پڕ هەڵس وکەوتانە بنووسێ.
هەر هەور دەتوانێ ڕایگوێزێ.

مێژوومان شیعرێکە: لە هەوەڵ بۆ ئاخر، لە ئاخر بۆ هەوەڵ،
خوێندنەوەی هەر یەکە.
مێژوومان دەستێکە دەیان جار، لە یەک کون
مار پێیان وەداوە.
ڕێبواری نێو مژێکی خەستە و
دەیان جار هەر دەوری خۆی داوە.

هەرێمی مەرگ و ژین دەپێوم

ئەم دڵە تەنیایەم پێم دەڵێ:
چلۆن گوڵ ناتوانێ بۆن بە "با" نەسپێرێ،
چۆن سنوور ناتوانێ ڕێی خەون ببەستێ،
چۆن تاڤگە ناتوانێ دەنگی خۆی بێدەنگ کا،
منیش قەت ناتوانم
کە هەنگاو بەم ڕێیە نەسپێرم.
کە کێڵگەی ئارەزووم بە تیشکی خۆرەتاو نەدێرم.

تەرزەیە و دەبارێ، هەر دەنکەی خەنجەرێک

ئەم ڕۆحە زامدارەم دەجنێت.
زریانە و خەرمانی خۆی بە سەر برینمدا دەکا.
زیندوومە و تەمتومان خەڵاتم بۆ دەبڕێ.

هەنگاوم بە دەریا دەسپێرم:
دەریایەک بەرهەمی ڕووباری تراویلکە.
چاوەکان بە ڕەنگی خۆڵەمێش ڕادێنم،
چووک دەشتی سەر گۆنا بە فرمێسک.

دەڕۆم و هەر دەڕۆم، دەبارێ و دەبارێ

نازانم ئەم هەورە لە کێهە داپیرەی جەرگسووتاو
ئەم گریانە فێر بوو؟
ئەم چەمەی سروودی لایلایە بۆ کەنار دەخوێنێ
لایلایەی دایکانەی بۆ خەوی کام هەتیو بیستووە؟
ئەم دۆڵەی کە گەرووی دەکاتە شمشاڵی شوانی با
"لاوکی هەڵەبجە"ی[٣]
لە دەنگی کام مناڵ بیستووە؟

٣. مەبەست شێعرە بەرزەکەی رەفیق سابیرە کە بۆ کارەساتی دڵتەزێنی هەڵەبجەی نووسیبوو.

کۆلانم کۆلانی شەوگارە و تاریکی شوورەیە.
گەرووی شەو، ڕوانینم قووت دەدا
کەند و قوولک: هەنگاوم
نیشتمان: ئەندێشەم.
زریانە و شێت بووە
داو بە داو مووی سپیی ئەم ئاسمانە پیرە دەردێنێ.
زریانە و تاوانی سەر زەوی
لە ئاسمانی دەستێنێ.

ڕێ دوور و ماوە کەم:
کات بۆتە بەفرێکی بەر هەتاو
هەر لە ژێر سێبەری باڵاما ڕایدەگرم.
ڕێ بۆتە هەرێمی بەستەڵەک
هەر لە ژێر هەتاوی ڕوخسارما
گڕی تێبەر دەدەم.

دەڕۆم و دەپرسم:
ڕیشەی ئاو هەتا کوێ لە ناخی خاکدایە
کە دەستی هیچ شێتە شەماڵێ ناتوانێ لە خاکی هەڵبڕێ؟
ئاو چلۆن خۆی کردە خواوەندی نیشتمانی هەور؟
ئەی من چۆن دەتوانم ببمە ئاو؟

دەڕۆم و خەیاڵی داهاتوو هەنگاوم خۆش دەکا:
هەتاکوو موعجزەت پێ شک بێ
قەت مەحاڵ ناتوانێ بە چۆکتدا بێنێ.
هەتاکوو سۆمایەک بۆ چاوانت مابێ،
تاریکی ناتوانێ هەرەست پێبێنێ.
ئەگەرچی جارجارە ئاوازێک پێم دەڵێ:
چۆن ڕێژنەی هاوینان تینویتی خاک و خۆڵ ناشکێنێ،
وەک چۆن کارگ بە تاقە برووسکێک
سەر وەدەر ناهێنێ،
خۆ پۆلووی دڵی تۆش
هەر بە نەرمە بایەک گەش نابێ!

دەڕۆم و بە سەر تەرمی زۆر خەونی سەوزا ڕێ دەبڕم،
ڕەشەبا، پێنووسی گەردەلوول
لە سەر ڕووی مێژوودا تاو دەدا.
کارەسات بە ئەسرین، تەسبیحی پەژارە
بۆ زکری داپیرەی مێژووومان
ساز دەکا.
دەڕۆم و دەبینم:
برووسکە و
داری هەور
تەکاندن.

تەرزەیە و:
بەری دار
وەراندن.

دەرۆم و دەبیسم:
ئەم شوێنە، مەڵبەندی گومانە

لە یەقین دەگەڕێی،
مەیدانی گیاندانە
لە هەرمان دەگەڕێی!
چەمیت و دەتەوێ دەریاکان بە دواتا ڕێ ببڕن.

دەرۆم و شەڕابی ڕابردوو
ئێستاکە دەنۆشم،
بۆ مەستیی داهاتوو.
چاوەکان بەش دەکەم:
چاوێک بۆ ڕابردوو
چاوێک بۆ ئێستام و
مەخابن، ئەی کوانێ
چاوێک بۆ داهاتوو؟

دەڕۆم و دڵنیام چیرۆکی دڵداری
قەت دوایی پێ نایە:
ڕێبوارم،
دڵدارم ڕێگایە.
ڕێبوارم،
هاودەنگم، گۆرانی:
گەرمایە بۆ لەشم

هاوارە بۆ گەروو
ڕێگا بۆ هەنگاوم،
گۆرانی.

دەڕۆم و دەپرسم چ سەختە بە پردی سەهۆڵینی شەودا
تێپەڕین.
چ سەختە بێ چرا ڕێ بڕین!
لەش ماندوو
ئەندێشەم بەرزەفڕ.
وەک "تیری تاریکی"
نادیارە چارەنووس.

پاش هەموو هەنگاوێک
تابووتی بەفرێکی خۆڵئاسا دەبینم
هەنگاوی پێشترم دەنێژێ.
مژێکی سامناکیش بە سەرما تەپیوە،
تاوێری سەهۆڵین لە چیای بەفرەوە دێنە خوار.
پەنجەرەی بچووکی نێو گەرووم
بەرەو ڕووی ئەم کۆچە دەخەمە سەر پشت و
هەنگاوم بە گەرمای بەیتوباو، لاوک و حەیرانان
دەسپێرم:

«بڵێن بە سەری سەفینێ
دەگەڵ من گەلێک یار بێ
سەری خۆم بۆ نەوی کا،
کەلێنی دەربەندێ
لە منڕا دیار بێ»

دەڕۆم و دەخوێنم:
«ئازیز، ئەرێ ئازیز لە من ئازیز خانێ
ئەمن ئاورێکم بەربۆتە دەروونێ
ئەوی دیکەم بەربۆتە دەروونخانێ
نە بە بایە دەکوژێتەوە

نە بە بارانێ،
نە بە پێمەڕەی
نە بە گۆڵ وێهەڵدانێ،
نە بە بەفرێ، نە بە کڕێوەی دە جستانێ،
خۆ نە بە غەمی دە نیوەشەوانێ،
نە بە فرمێسکی دە گریانێ»[٤]

دەڕۆم و هەر دەگریم.
هەر ئاسمان و بەفرە
چاوم و
    بارانە.
بارانە دەبارێ، سەرتاپای ڕۆحی من تەڕ بووگە و
لە پەڵەی هەورێکی چڕ زیاتر
هیچی تر شک نابەم
کە بیکەم بە چەتر.

دەڕۆم و دەڕوانم: هەر بە قەد تابووتێک بۆ دیتن ڕێ هەیە،
لە نێوان ئاسمان و زەوی‌دا
هەر بە قەد بەرزایی تابووتێک مەودایە،
ڕۆ دەچم، هەر بە قەد تابووتێک تا ناشتن،

٤. فۆلکلۆرن: هەر کام سەر بە دەقێکی فولکلۆرین.

دەڕۆم و چەند هەزار تابووتێک
هەتاکوو کۆتایی ڕێ ماوە.
دەڕوانمە شوێنی پێم
زۆرتر وەک: چاوەڕێی هاتنەوەی کەسێک بێ،
نەک هاتن!

دەس‌بەسەر کردنم هەر تەنیا خەونێکە:
هەوری ڕۆح
گشت ڕۆژێ بە دەستی وەردیان
زیندانی دەکرێت و
پاش تاوێک چوارچێوە جێ دێلێ.
فڕینم عیشقێکە:
هەوری ڕۆح
گشت ڕۆژێ، هەناسەی ئازادی
لە ژووری زیندانا هەڵنەمژێ، ناسرەوێ.

دڵۆپی نێو چەمم،
ڕۆژ نییە بە سەر چەند هەڵدێرا نەڕووخێم،
شەو نییە خەو لە نێو وەخەبەر بوونمدا نەنێژم.

له داڵانی بێدەنگی شەودا
شێتۆکەی شیعرم و وڕێنه هاودەممه.

چەند سەده پشت سەرم:
شۆقێکی ڕابردوو
چەند هەنگاو پێش سەرم:
سێبەرم خۆی به گژ مەترسیدا دەکا
هەر ئەوه پێشمەرگەم.
لەم ناوه هەر منم و دەروونم:
نەمزانی کۆڵانی دەروونم
دوورترین کۆڵانی جیهانه و له ناویا ون دەبم.
نەمزانی زەمان، وەک زەمانی سەر پەردەی سینەما توند دەڕوا.
زستانه و بەهاری دەبینم!
سەهۆڵ: دار، قەندیل: لک، تەرزە: بەر،
من پەیکی نەوبووکی پێکەنین بۆ زاوای گریانم.
نامەوێ گشت خەونه تاڵەکان، دووپاتی دوێنێ بن
گشت خەونه خۆشەکان خەیاڵی سبەینێ.
دەزانم ئاسمان سنووره بۆ فڕین، کەناریش بۆ مەله
نه مەله، نه فڕین، به سەر خاک، ئەم خاکه پاکەدا ڕێ
بڕین،

دەڕۆم و دەمهەوێ بە ناخی ڕووداودا ڕەها بم:
وەک باران لە نێوان ئاسمان و زەوی‌دا
دەڕۆم و دەمهەوێ کە لە نێو قامووسی مێژوودا
هەرەس و خیانەت
بدەمە دەستی با

دەڕۆم و بانگ دەکەم:
من هەموو تەمەنی خەوتنم دەفرۆشم
بە ساتێک بێداری،
بە خەیاڵ چەند زاری ئاوەڵا دەبینم.
لە دووررا بڵێندگۆی هاوار، و
لە نزیک
ئەشکەوتی باوێشکن.
قیامەت لە دڵما ڕابووە:
ڕەشەبا، دوو باڵی پەپوولە دەبڕێت و
هەڵفڕین: ئەفسانە.
ڕەشەبا هەنگاوی ڕێبواران دەدزێت و
ڕۆیشتن: ئەفسانە.
قیامەت لە دڵما ڕابووە
لە جەرگەی وڵاتی گریانا
فرمێسکم.

لە نێو خەڵک تەنیام و
بە تەنیاش خەڵکێکم،
زەمان وەک گۆڕکەنێک
کاتەکان دەنێژێ
چۆلەکەی بەفر دێ و لە ترسی باشووی با
خۆی لە نێو باوەشمدا دەکا.
بە خەیاڵ هەڵدەفڕم:
لە چیندا دوو دەستم لە کورسی دەبەستن.
دوای تیرێک لە پشت سەر
هەروەکوو پەیکەرەی پاشای دوای دەسەڵات
بە عەردمدا دەدەن
لە وڵاتی عەرەبان
تیژایی شمشێرێک، نەرمایی گەردنم شەق دەکا و
گرگانێک لە خوێنی چیای لەش
لە سەری بێ سەروشوێنی من دەگەڕێ؛
فەڕانسە و گیۆتین،
گۆی سەرم و
پێی هەمووی ئەوانەی
تۆپی پێی پێ دەکەن؛
ڕۆژئاوا و بێدەنگیی یەکجاری
لە سەر ڕووی کورسیلەی کارەبا،

ولاتانی هاوسێ و ئازادی:
لە نێوان سێدارە و تیر باران.
بە خەیاڵ، سەرسوورماو دێمەوە:
ئەو هەموو شێوەیە بۆ مەرگی من هەیە و
هەر تەنیا یەک شێوە بۆ ژینم؟

سەردەمی منالی! تۆ لە کوێی:
کێلە شین:
جل و بەرگ، لە بەفر
پشتێندی، لە مژ و
جامانەی لە هەور؛
ئێستا کە گەورەم و
کێلەشین:
بێ بەفر و بێ مژ و بێ هەور!

دەڕۆم و لە دەریای بەفردا
ماسییەکم بێقەرار
بەڵام نەک وەک ماسی،
هەر تاوێک
ڕووی هەنگاو لە لایەک.

هەست دەکەم مژێکی نادیار
بە سەر ڕووی ساوترین کاتەکان کێشراوە
دەڕۆم و لە کلوە بەفرەکان دەڕوانم، ئاشنان،
فرمێسکی سەرسپیی ڕابردوون؛
دەلەرزم، بە پۆلووی ئەو یادە گەرمانەی
لە کوانووی مێشکما ڕامگرتوون؛
لەش گەرم دادێنم،
دەپرسم ئەی دایە تۆ لە کوێی
زللەیەک لەو کۆرپە لاسارەی خۆت بدەی
کە لە نێو کۆڵانی زستانا
ونبووە و
هەورەکان دەکاتە نیشانە؟!
بەفرەکان،
خۆ هاڕەی ماشینی نێو شەقام
نەیهێلا لە ڕازتان حاڵی بم؛
دوندەکان،
خۆ دووکەڵ نەیهێلا
باسکی چاو لە باڵای بەرزتان باڵێنم؛
ڕێگاکان،
خۆ دیوار نەیهێلا خۆم هەڵتانبژێرم.

ئیستاکە دەزانم
چەند تاڵە تەمەنیک تیفکرین
لە یەک کات بڕیار دان؛
چەند تاڵە تەمەنیک بڕیار دان
بێ یەک کات تیفکرین؛
کون بە کون لە مەرگی هەڵاتوو لە ترسی بێباکیم
دەگەڕیم
بە پرتاو بە پشت سەر گوللەیەکدا دەڕۆم
کە گیانی ئەنگاوتووم،
مردنی ئەو شوینەی کە هیچ کەس لەوێدا نەژیاوە
چ خۆشە!
ژیانی ئەو شوینەی کە هیچ کەس لەوێدا نەمردووە
چ شیرین!
چ سەیرە لەم شوینە
سەفەری مەرگ و ژین!

نازانم کە چاڵی تەنیایی چەند قووڵە
بەڵام تا زیدەتر ڕۆدەچم
هەڵچوونم زیاترە،
خوایە تۆ تەنیاکەی ئاسمان و
من تەنیای سەر زەوی،
لە کویدا بتبینم؟

دڵم بۆ خەونەکان دەسووتێ:
خەونەکان دەریان و
هیچ کەسێک تێیاندا ناخنکێ؛
خاکن و
هیچ کەسێک پێی داگیر ناکرێن؛
هەورن و
ناتوانن لە هیچ کوێ بسرەون؛
ڕێگان و
بێ هەنگاو دەپێورێن.

بەڵام من داهاتوو دەبینم
کە مرۆڤ بە خاتری خەونەکان
دادگایی دەکرێت و
ناتوانێ حاشایان لێ بکات؛
داهاتوو دەبینم:
خەونەکان وەک شاهید
دێنە نێو دادگاکان؛
گوڵ وەکوو دایناسۆر
دەبێتە ئەفسانە و
ئازادی
دەخزێتە نێو زیندان.

دەمهەوێ
ڕێگەیەک بە تاقی کەمەوە
نە هیچ کەس لەم لاوە پاڵم دا
نە هیچ کەس لەوسەری بانگم کا.
دەگەڕێم:
تا تەمەن ئیزنم دا
لە شتێکی ونبوو نا:
لەو شتەی کە دەبێ کەشفی کەم
بۆ توێشووی ئەم ڕێیە
یا دەبێ لە دەستی چارەنووس هەڵێم و
یا دەبێ چارەنووس
لە دوندی بەرزترین کێوەوە
وەک تاڤگە
هەڵدێرم.
دەزانم،
ڕۆیشتن، تاقانە یارێکە
دەتوانێ لە غوربەت دەرمخا؛
دەزانم،
تا لە نێو ڕووداو بم
دووکەڵی ئاگرەکەی
ناهێڵێ ببینم؛

دەڕۆم و لە ولام دەگەڕێم،
ئەوەیە فەلسەفەی ئەوانەی
پریسکەی ئەندیشەم دەگەڕێن!
دەمەوێ تازەتر بڕوانم
ئەوەیە فەلسەفەی ئەوانەی خەریکن کوێرم کەن!
بەلام ئەی ڕێگای پیر
ناهێلم منی گەنج
بکەیتە گاڵتەی خۆت؛
دەزانم تابووتێک بە سەرتا دەرباز بێ
سەد تابووت
سیبەرت لێ دەکەن؛
دەزانم یەکەم جار
تۆ بە پێی پەپوولە لێدراوی،
ڕێبوارێک هەر تەنیا:
ئەسپی با و بۆنی گوڵ.
بەلام من
هەڵوەدای عیشقێکم
کە مێژوو نەتوانێ بیسوێنێ:
وەک عیشقی نێوان زەوی و تاو؛
شێتی ئەو ئاوێنەم نەتوانێ نیشان دا
زۆرتر وەک هیتلێری دەچم تا
ماندێللا

دەڕۆم و دەزانم
ئاوردوو بۆ گەرما
شەم لە بەر ڕووناکی و
ئەمنیش بۆ "نەوەستان"
دەسووتێین.
دەڕۆم و دەزانم، لە ئاسۆ
ئەم ڕێیە لەم زەوییە لەچەرە هەڵدەبڕێ و
دەتوانم لە ئاسمان
باران و بەفر و نوور دابەش کەم؛
بەڵام ڕێ، ڕێگای پیر
جارجارە دەترسێم
کە زەوی، پاش عومرێک هەڵسووڕان
گێژ ببێ و بکەوێ،
دەترسێم لە ڕۆژی جێژنێکدا
ئەندێشە قوربانی بکەن و
هەر بەشەی بەرێکەن بۆ شوێنێک،
دەترسێم
لە حیلەی ئەو ئەسپەی پێم دەڵێ:
بوولەرزە لە ڕێیە،
دەترسێم لە چرکەی سەعاتێک کە دەڵێ:
سێ میلەی نێو سەفحەم
بە وێنەی سێدارە دەوەستن.

دەترسێم لەو چاوەی پێم دەڵێ:
ڕوانینم دەبێتە ئامرازی جاسووسی.
دەترسێم ناچار بم (بۆ تاوێک)
لە شوێن و لە زەمان هەڵبڕێم
تا بەڵکوو بزانم کێمە! کێم؟

ڕێگای پیر!
تۆ بڵێی فەوارە
هەر هەتا بەرزترین شوێنێکی بتوانێ هەڵکشێ
جوان بێت و
هەناسە،
هەر هەتا ئەو کاتەی بتوانێ
لە فەزای ئازادا بیکێشێ.

١٣٧٣

# پەیام[5]

هەوا نییە،
دوا هەناسەی سوورە گوڵە.
باران نییە،
ئەوە فرمێسکی تێکەڵی منالی سەرپشتی لانک و
پیری سەر لێواری گۆڕە.
بەفر نییە،
ئەوە باڵی پەپوولەیە هەڵدەوەرێ.
تەرزە نییە،
ئەوە سەری سپیی کۆترە
وڵاتی لەشی جێهێشتووە.
شێعر نییە،
ئەوە ڕۆح و ئەوە گیان و ئەوە لەشی شاعیرێکە
تک تک، تک تک
دەتوێتەوە و هیچ کەسێک هەستی پێ ناکا.

---

٥. شاعیر بەر لە مەرگی، دەستی بە نووسینی ئەم قەسیدەیە کردبوو. کە بە داخەوە مەرگ مەودای پێ نەدا تەواوی بکات. بۆیە بەبێ دەستکاری، وەک خۆی بڵاوی دەکەینەوە.

***

لای مرۆڤ هیچ،
لای باڵندەش ئابڕوومان چوو؛
کاتێک حاجیلەی میوانی پەنا قەڵای هەولێرمان کوشت.
لای زیندوو هیچ،
لای کۆچ کردووش ئابڕوومان چوو؛
کاتێک پەیکەری "حاجی"مان
دا بەر گوللە.
لای خەڵک هیچ،
لە لای خۆشمان ئابڕوومان چوو؛
کاتێک بە دەستی خوێناوی،
خۆمان پیشانی یەکەمین ئاوێنە دا.
لای ئەمڕۆ هیچ،
لای سبەینێش ئابڕوومان چوو؛
کاتێک نیشانمان دا شەهید
قەدری ژیانی نەزانی و
خۆی بە کوشت دا.

***

ئەم ئاسمانە بۆ هێندە بێ باڵندەیە!؟
نەکا فڕین لەم وڵاتە کۆچی کردبێ!
ئەم باغە بۆ هیچ گوڵێکی لێ ناپشکوێ!؟
نەکا بەهار ئەو وڵاتەی جێهێشتبێ!
ئەوە چەند ساڵە ئەم شارە لە جێی باران
خۆڵی بە سەردا باریوە،
ئەی ئەم شارە بۆ ئەوەندە تۆزاوییە؟
ئەم شەقامە چەند لەمێژە برینداره،
ئەم کۆلانە چەند لەمێژە گوێی بۆ سرتەی
کوڕ و کیژە دڵدارەکان هەڵنەخستووە،
ئیمە بۆ هێندە پێک نامۆین؟
ئەگەر ڕۆژێک ئاشتی بێ و بمانپشکنێ بڵێین بۆ چی؟

***

چاومان پڕە لە کەلاک و
دەستمان پڕە لە تاوان و
دڵمان پڕە لە کەمین و
گوێمان پڕە لە ڕەمزی شەڕ؛
هەر کەس لە دەروونی خۆیدا ڕووخاو،
سەیرترین کەلاوەی سەر ئەم جیهانەین.
حاکمی یەکدەست و یەکلاق،
دوژمنی دەست و قاچێکی دیکەمانین.

ئیمە سەیرترین حاکم، سەیرترین دوژمنی سەر ئەم دونیایەین.
هەر کەس لە تابووتی لەشی خۆیدا نێژراو،
ئیمە سەیرترین مردووی ئەم جیهانەین.

فیفتی هابیل، فیفتی قابیل
ئیمە دوژمن‌ترین برای ئەم دونیایەین.
ئیمە بێ‌کەس و بێ‌پەناین،
تازە بادی خۆش‌مرووریش
بە شارەزووردا ڕانابرێ
تا "نالی" خۆی بە قوربانی تۆزی پێی کا؛
تازە «شێخ»یش ناچێتە نێو خەونی موریدەکانیەوە و
چاپخانەکەی «پیرەمێرد»یش لە ڕووی نایە
تاقە یەک وشە بنووسێ.
***
بمبوورە ئەمشەو برینت دەکولێنمەوە هەڵەبجە گیان!
ئەرێ زامی پێنج هەزار شەهیدی یازدەی ئازار
پڕ ئێش‌تر بوو
یا یەک کەسی براکوژی؟
ئەرێ دووکەڵی کیمیاوی هەڵمژین ناخۆش‌تر بوو
یا هەوای ئێستای شارەزوور؟

هەڵوەرینی هەموو چرۆی "باغی میر" و دار هەناری
ئەو سەردەمی ناخۆش‌تر بوو
یا ژاکانی تاقە یەک گوڵی ئیستاکە؟

من لەم ڕۆوە گوێ بۆ ڕادیۆکان هەڵناخەم
با هەواڵی شەڕ نەبیسم؛
هیچ ڕۆژنامەیەک وەرناگرم
با باسی شەڕ نەخوێنمەوە؛
چاو لە تەلەویزیون ناکەم
با مەیدانی شەڕ نەبینم؛
من لەم ڕۆوە
دەڕۆمەوە بۆ چەند سەدەی بەر لە ئیستام؛
بۆچی نەڕۆم؟
هەرچی گوڵ و پەپوولە و کیژ و جوانییە
دونیا بردی بۆ شیعری خۆی،
تەنیا خوێن و شەڕ و مەرگ و گریان ماوە
بۆ شیعری من؛
هەور هەموو بارانی ئاسمانی هینا،
گوڵێک نەبوو پیشکەشی کەین؛
تازە چۆن هەور
باران بۆم وڵاتە دینێ؟

شنە هەموو بۆنی خۆشی دونیای هێنا،
پەنجەرێکمان نەکردەوە تاوێک تیا بحەسێتەوە؛
تازە چۆن شنە بۆنی خۆش
بۆ ئێمە بە دیاری دینێ؟
ئێمە نەبووین لە جێی گەنم، فیشەکمان چاند؟!
لە جێی کێلان، تۆپمان لێ دا
بە جێگای ئاو، خوێنمان پێ دا؟
ئێستا منالآنی ئێمە هیچیان نانی گەنم ناخۆن،
دەبێ هەویری بارووتیان بۆ بشێلین.
***

ئێمە مەلین:
بە قەفەسەوە هەڵدەفڕین،

مرۆڤین و
بە زنجیرەوە ڕێ دەبڕین،

شاعیرین و
بە چەکەوە گوڵ دەنووسین.
شەڕ نەیهێشتووە بە لاوی دڵداری بکەین،

ڕەنگە لە سەردەمی پیری
لە پیرێژنێکی جیرانمان، ماچێکی حەرام بفڕێنین؛
گوڵلە نەیهێشتووە چریکەی بولبولێکمان گوێ لێ بێ،
ڕەنگە لە ئاگربەسێک‌دا بۆ نەوای دەنگی بولبولێک
گوێ هەڵخەین؛
دووکەڵ نەیهێشتووە گوڵ بۆن کەین
ڕەنگە بە ناچاری، عەتر
بە سەر گوڵە نایلۆنییەکان‌دا بپژێنین.

***

من ڕاگەیەنراوێکم دی لێی نووسرابوو:
ئێمە کۆمەڵێک ڕووناکبیر، بڕیارمان دا حیزبێکی نوێ دامەزرێنین، بەڵام تا ئێستا نەکراوە هیچ ڕەنگێ بدۆزینەوە، کە پێش ئێمە حیزبێک نەیکردبێتە ئاڵا، داوا لە خەڵکی کورد کەین، ئەگەر کەسێ ڕەنگێکی تازەی پێ شک دێ پێوەندیمان پێوە بگرێ!

***

ڕەش ڕەش، ڕەش ڕەش،
ئەوە ڕەنگێکی لەبیرچووی ئاڵایەکی هەڵنەدراوە.

سوور سوور، سوور سوور،
ئەوە چۆمێکی نەسرەوتووی
لە کێوی لەش هەڵبڕاوە.

***

من لە تەنیشت گۆلی ورمێ
هەست ڕادەگرم،
لە جیاتی گوێ
هەموو جارێ کە گوللەیەک پێکەوە دەنێن، ڕادەچەنم،
کە لەشی یەکتریان پێکا
ترپە لە گیانم هەڵدەستێ؛
کە دڵۆپێک خوێنیان ڕژا
"دڵ وەختە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور."

***

خوایە تۆ لە گشت شوێنێک هەی،
بمانبوورە؛ ئێمە میوانداری چاک نین.
فریشتەکان، بمانبوورن؛
بمانبوورن مناڵانی نوتفە بەستووی شەوانی پڕ ترس و شەهوەت؛
بمانبوورن منالانی لە منداڵدانی دایکدا
باوک کوژراو؛
بمانبوورن منالانی پاکی ئەمڕۆ و
براکوژانی سبەینێ؛
ماچی ئەمڕۆ و تفی سبەی؛
بمانبوورن دڵۆپ دڵۆپ خوێنی ڕژاو؛
مسقاڵ مسقاڵ
گۆشتی لە ئێسقان جیاوە بووی
لەشی شەهیدی نەناسراو!

***

خۆ ئێوە وەرزی ساڵ نین
کە زەرد و سەوز، هەرگیز بە یەکتری نەگەن،
ڕۆژ و شەو نین
نوور و تاریکی نەتوانن پێک هەڵبکەن،
مار و پڵنگ نین
نەتوانن جیرانی یەک بن.

نا ببورن،
کورد و کوردن
کە ناتوانن، بەبێ مەرگی یەکتر بژین!

*

هەر کێلە و کێلە و کێل، دەڕوێ لە جیاتی گوڵ
من دەترسێم کە گۆڕستان
هەموو خاکمان لێ داگیر کا!
هەر خوێنە و خوێنە و خوێن، دەڕژێ لە جیاتی ئاو،
من دەترسێم خوێن، ڕووبارمان لێ داگیر کا!
هەر ڕۆحە و ڕۆحە و ڕۆح، دەفڕێ لە جیاتی مەل،
من دەترسێم کە باڵی ڕۆح
سێبەر لە سەر ژینمان بکا

***

ئەم ئێوارە پەپوولە سولەیمانەیەک دەیخوێند:

بۆ ئاگاداری:

حاجیلەیەکی نێو شاری هەولێر شەهید کراوە، کۆڕێکی پرسەی بۆ دانراوە. تکایە هەموو مەلانی گەرمێن بەشداری بکەن. هەر مەلەش، ئاگای لە گیانی خۆی بێ. بولبول بێ چریکە، کۆتر بێ تەقڵە و کەو بێ قاسپە بێ.

شوێن: هێلانەکەی حاجیلەی شەهید،

کات: دوای خەوتنی هەموو خەڵکی شار.

***

ئێمە هێندەمان ئەم خاکە ئازار داوە

تازە خەڵکی وڵاتی دیش وەرمان ناگرن

where are you from?

I'm from kurdistan.

ـ تۆ کوێندەرێی؟

ـ کوردستانیم.

من لە چاوی‌دا هەست دەکەم

یەکدابەدوو دەنگ و باسی ڕادیۆکانی بیر دێتەوە،

ئەو دەبێتە کاریلەیەکی سەر زەرد و

ئەمن دەبمە گورگی سەر ڕەش؛

خۆی لە نیگام دەدزێتەوە!

*

ئێمە بە تەمای ژیان بووین
گەرچی تووشی مەرگێکی بەسپایی هاتین:
ـ ئەوەندەش بەختەوەر نەبووین
لە کورتە کاتێکدا بمرین.

من دەترسێم ڕۆژێک پیرەمەگروونەکان
سیروان و تانجەڕۆ بکەن بە دوو باڵ و
وەک سیمورغ بە جێمان بێلن؛
ئەودەم ئێمە بۆ پەناگا و بۆ ئەشکەوت و
بۆ لێقەومان ڕوو لە کوێ کەین؟
دەترسێم ڕۆژێک دارستان
پەنجە دە پەنجەی هەورەکان بهاڵێنێ و
ئێرە چۆل کا؛
ئەودەم دەبێ،
بۆ میوە و بۆ ژوان و سێبەر
دڵ بە چ شوێنێک خۆش بکەین؟

دەترسێم ڕۆژێک خوداوەند
فریشتەکانی ڕابگوێزێ و فەرمان بدا:
نابێ هیچتان لە مەداری ٣٦ دەرەجە نزیک بن

ئەودەم ئێمە بەبێ خودا و بێ فریشتە
چۆن بوێرین بچینەوە بەر ئاوێنە؟

***

ها خاڵۆ سپی پۆشەکەم!
تۆ چت دەوێ
ئەمشەو لە خەونەکانی من؟

سڵاو ڕۆڵە شاعیرەکەم،
ـ من ئەو کەسەم بۆ یەکەم جار
وشەی پێشمەرگەم بۆ چەکدار
پێشنیار کرد.
هاتووم، هەتا وشەکەم وەرنەگرمەوە،
ناڕۆمەوە.

ها دایکە پرچ کوێستانییەکەم!
تۆ بۆ ئاوا غەریبانە
لە بەردەرگای خەونەکانی من وێستاوی؟
ـ من ئەو کەسەم کە یەکەم جار، وشەی شەهید
لە سەر ڕۆڵە کوژراوەکەی من دانرا
هاتووم هەتاکوو ئەم ناوە
لە سەر ڕۆڵەم نەسڕمەوە، ناڕۆمەوە.

ئەی ئێوە بۆ چی وێستاون هاوڕێیانم؟!
ـ کۆڕی زکری دەروێشانە ئەمشەو، بەڵام
مانگ هەر تەنیا یەک دەفەیە و بەشمان ناکا؛
هاتووین بچینە سەر سیروان
تا هەر دەروێشەی دەفی خۆی لێ وەربگرێ.

ئەی ئێوە بۆ کۆبوونەوە منداڵەکان؟!
ـ ئەمشەو مەیلی پاکبوونەوەی ژێر بارانمان هەیە بەڵام
دڵۆپدڵۆپەی بارانە تەڕمان ناکا
هاتووین بچینە ژێر تاڤگە
گوناهەکان بشۆینەوە.

*

جارانی زوو،
لە سەر گردی مامەیارە دارێک هەبوو
کە پاییزان گەڵاکانی هەڵدەوەری،
پۆلپۆل چۆلەکەی لێ دەڕوا؛
لە سەر کێوی پیرە مەگروون دوندێک هەبوو
کە هاوینان کچی بەفری، ڕەدووی ڕووبارێک دەکەوت،
پۆلپۆل کەوی لە سەر دەنیشت؛
لە داوێنی شنرویش‌دا شاعیرێک بوو
گەر منداڵێکی پێخواسی چاو پێکەوتبا

شیعرێکی بۆ دەکرد بە کەوش؛
گەر دایکێکی ڕۆڵە کوژراوی دیتبا
شیعرێکی بۆ دەکرد بە کوڕ؛
گەر وەنەوشە لە ژێر تووتڕکا خامۆش با
شیعرێکی بۆ دەکرد بە دەنگ؛
بەڵام ئێستا لە گشت شوێنێک
هەر شیوەنە و هەر واوەیلا؛
منی شاعیر، یەک شیعریشم بۆ نانووسرێ.
دەزانی بۆ؟
"مەزاجی کوردەواریم تێک چووە، دەروێش عەبدوڵڵا"

ئێمە لە نێو تابلۆیەکی پیکاسۆئاسادا دەژین:
سەرمان بۆتە لاقی کەسێکی نەناسراو،
هەر بە شەق تێمان هەڵدەدا؛
دەستمان بۆتە دارەدەستی کەسێکی تر،
هەر کۆترێک بە لایدا بڕوا تێی هەڵدەکا؛
دڵ بۆتە زەبتی جاسووسی،
هەر خەیاڵێ بە دەروونماندا تێپەڕێ
بۆ نەیارانی باس دەکا.
ئێمە لە نێو تابلۆیەکی پیکاسۆئاسادا دەژین:

مەمکی دایکان وشک بووە و
مناڵ گوانی مانگا دەمژن؛
سفرەی ماڵان بەتاڵ بووە و
منال لەگەڵ باڵندەکان چینە دەکەن؛
شەو بەشی خەویان ناکات و
بۆ خەوی دووری زستان تەمرین دەکەن.

منالەکان! کە بەیانان لە خەو هەستان،
هەتاو بۆ نێو دەروونتان بانگێشتن بکەن؛
کە خەوتان هات،
سەر بنێنە سەر کەرویشکەی گەنمەکان و
مانگ بنێنە نێو خەونەکانتان؛
ئەگەر بۆ شوێنێک ڕۆیشتن،
پێ لە ڕووبار قەرز بکەن، دەنگ لە تاڤگە،
رەنگ لە بەهار.
ئەگەر لە شوێنێکدا ون بوون،
لە پەپوولە پرسیار بکەن.

منالەکان ئێوە هەر زوو
رەنگ لە ئالا وەرگرنەوە و
بیدەنەوە بە وەرزەکان؛

دەنگ لە تفەنگ وەرگرنەوە و
بیدەنەوە باڵندەکان؛
هەر لە پێش چاوی ئاسمان،
هەموو چەترەکان بشکێنن؛
بەڵکوو هەور ئاشت بێتەوە و
تینوایەتیمان بشکێنێ؛
هەرکەسێکتان چاو پێکەوت
نیگایەکی منداڵانەی پێ ببەخشن،
خۆی لە بەر گەرم دابنێ؛
کۆڵان بە کۆڵان ڕاکەن و
لە دەرگای هەموو ماڵێک دەن،
بڵێن فەرموون:
وشەی ونبووی برایەتیمان دۆزییەوە
تکایە چاک بیپارێزن،
با ئەمجار لێتان ون نەبێ!
بە شەقامەکاندا ڕاکەن،
هەر کیژێکتان چاو پێ کەوت
چەپکێک گوڵی ڕەنگاوڕەنگی
لە کراسە ڕەنگ مردووەکەی دەن.
منداڵەکان! ئەمشەو بۆ ئێوە دڵپڕم.

***

نا، نامەوێ ئەمشەو بگریم، بەڵام چ بکەم؟
خۆ فرمێسک پرسم پێ ناکا!
نامەوێ شێعر بنووسم،
وشە تەگبیرم پێ ناکا!
شێعر بۆ هەتاو دەنووسم،
سێبەر وڵام دەداتەوە؛
شێعر بۆ ئاگر دەنووسم،
دووکەڵ وڵام دەداتەوە؛
شێعر بۆ باران دەنووسم،
تفەنگ وڵام دەداتەوە.

خۆ من ناڵێم؛ شێعر دەڵێ:
چەکی نێو دەستی پێشمەرگە
ئێستا ئیتر تفەنگ نییە، بابۆڵەیە،
گەر داینێ لە برسان دەمرێ.

خۆ من ناڵێم، شێعر دەڵێ:
فیشەکی نێو خەشابەکەی، فیشەک نییە،
کاکڵە گوێزە؛
فڕێی دا، بێ پێخور دەبێ.

خۆ من تاوانێکم نییە،
شێعر پرسیارم لێ دەکا:
ماڵ، زیندانی تاکە کەسی،
نیشتمان، زیندانی گشتی،
ڕۆژئاوا تاراوگەیەکی هەمیشەیی،
ئەتۆ کامیان هەڵدەبژێری؟

ئیمە گەڵاین
هەر بە سەوزی هەڵدەوەرین؛
منالین و
هەر لە لاوی‌دا پیر دەبین.

جاران خەڵکی وڵاتێک بووم،
پاشان بووم بە خەڵکی شارێک،
دواتر گوندێک، پاشان ئەشکەوت؛
ئیستا خەڵکی قوژبنێکم کە لەشم بشارێتەوە.

جاران عاشقی فیعلێک بووم بە ناو "بارین"،
کاتێ دەمبیست بە تاو هەڵدەهاتمە شەقام،
یا بەفر بوو یانیش باران

بەڵام ئێستا، کە بارینم گوێ لێ دەبێ
سام دەمگرێ،
چونکە نازانم گوللەیە یا تۆپباران!

١٣٧٦

# چیرۆک

❑ ئەگەرچی ئەم کتێبە لە سەرەتادا، بەتەنیا تەرخانی کۆمەڵە شـیعرێکی هەڵبژاردەی شاعیر بوو، بەڵام دوای جوانەمەرگبوونی شاعیر، بە چـاک زانرا ئەم کورتە چیرۆکانەشی بخرێتە تەک.

## ژیان

لە سەر دارە مەیت درێژیان کرد. کفنیـان دەبەر کـرد. فرمێسـکیان بە سەردا باراند. لە نێو ئامبولانسیان نا. دەرگایان لە سەر پێوەدا. ئـامبولانس، ئاژیری کێشا و وەڕێ کەوت. پاش ماوەیەک، ماشێن ڕاگیرا. دەرگا کراوە. کفنی لە سەر لادرا. دەنگێک پێی کوت: هەستە، تەواو بوو!

ئەوە یەکەم جار بوو کە دەمرد. ئەم مەرگەشی بۆ خۆی هەڵنەبـژارد. برسی و بێ پەنا و دەستەوەسـتان بە نێـو کۆڵانەکـانی شـاردا دەخـولاوە. سەری وەک کێوێک بە سەر لەشی دا ڕووخابوو. بیری لە هەمـوو شـتێک دەکردەوە، تەنانەت خۆ کوشتن! بۆ خۆی ئازایەتی ئەوەی نەبـوو خـۆی بکـووژێ، بەڵام بـێ شـک ئەگەر کەسـێکی دیـکە کوشـتبای هیچـی نەدەکوت. غەرقی ئەم خەیاڵاتە بوو. لە سەر پێچـی کۆڵانێـک، تووشـی دەستەیەک هونەرمەندی سینەما هات. کارگێڕی فیلمەکە لیی هاتە پێش.

"پێویستمان بە کەسێک هەیە بۆ ماوەیەکی کورت لەم فیلمەدا بمرێ. پارەیەکی باشیشی دەدەینێ".

ئەم بێ یەکودوو خۆی بە دەستەوە دا.

لە سەر دارە مەیت درێژیان کرد. کفنیان دەبەر کرد ... هەسـتە، تەواو بوو!

پارەکەی بــژارد و وەڕێ کەوت. حەوتــوویەک بە باشــی ژیــا، بەڵام دیسان برسی و بێ پەنا و دەستەوەستان کەوتەوە نێو کۆڵانەکان؛ ئێســتا لە هەر شوێنێک قەرەباڵغی ببینێ، لێیان دەچێتە پێشێ:

ـ کاکە ببوورن؛ کەستان ناوێ بۆتان بمرێ؟!

# پووکانەوە

جنێوی بە هەتاو دەدا. بەردی تێ هەڵدەکرد. گوڵی دەشێلا. گوڵپەڕی هەڵدەوەراند. لە مناڵ تووڕە دەبوو. لیی هەڵدەقورینجاند. کانیاوی قــوڕاو دەکرد. بەردی تێداویشت. بە بۆنی گوڵاو قەڵس بوو. خۆی لێ دەبــوارد. بۆگەنی پێ خۆش بوو. پڕ بە سییەکانی هەڵیدەمشت.

بە هەر کردەوەیەک نەختێک بچووک دەبـۆوە. تەمەنــی بەرەو ژوور دەچوو. پیرتر و چکـۆڵەتر. جـاران بە تەواوی خـۆی لە ئـاوێنەدا دەدی، وردەوردە بەشێک لە ڕوخساری بــزر بــوو. دوای بەینێـک نەدەگەیشــتە ئاوێنەکە. خۆی لێ ون بوو. بە سەر کانیاوێکدا کەوت، پێش‌تر قــوڕاوی کردبوو. چاوی لێ کرد. لە خۆی ترسا. سیمایەکی گڵاو. بێـزی لە خــۆی هەستا. ڕووی وەرسووڕاند. تازە هەرگیز ڕووی دە هیچ ئاو و ئاوێنەیەک نەکردەوە. تـاقەتی قـاچی کەم بــوو. خــۆی لە ســەر لاق پــێ ڕانەگیــرا. پێویستی بە گۆچان هەبوو. وەگیــری نەکەوت. کەم‌کەم داهــاتەوە. بەری دەستی نیشتە سەر زەوی. چوار دەســت و پــێ ڕێگــای بــڕی. برســیەتی تەنگی پێ هەڵچنی. تاقەتی لێ بڕی. تفی لە زاریدا ویشک بوو. قسەی بۆ نەکرا. ناچار بوو بوەڕێ. دەنگی نووسا. نووزەی لــێ دەهــات. چکـۆڵە و چکۆڵەتر بۆوە. وردەوردە تواوە و بێ ئەوەی بمرێ لە بەرچاوان ون بوو.

## زەماوەند

زاوا، تارای لە سەر بووک هەڵگرت، بزەیەک لە سەر لێوی نیشت. دەنکێک شیرنییان لەگەڵ یەک گۆڕییەوە. هەرچەند یەکتریان باش دەناسی، بەڵام شەرمیان دەکرد پێکەوە قسە بکەن. هەر دووبەدوو مابوونەوە. لە ئاوێنەکەدا چاویان لە یەکتر دەکرد.

ماوەیەک تێپەڕی. زاوا تینووی نەبوو، بەڵام بە دەنگێک کە دیار بوو دەیهەوێ لاسایی پیاوان بکاتەوە دەستووری بە بووک دا لیوانێکی ئاو بۆ بێنێ. بووک ئیشتیای لە هێنانی ئاو نەبوو، بەڵام لە کاتێکدا بە بێ‌وازی نیوە لیوانێکی ئاو بۆ زاوا دێنا، دە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن ئەویش فەرمانێک بە زاوا بدا.

بووک کە هێشتا لەم فکرەدا بوو بە زاوای کوت ئەو ئاوێنەیەی لێرە هەڵگرە با نەشکێ. زاوا ویستی بە قسەی بکا، بەڵام وەک ئەوەی لەنەکاو وەبیری هاتبێتەوە کە پیاو نابێ بە قسەی ژن بکا، دەستی کێشاوە و کوتی: بۆ خۆت هەڵیگرە.

بووک کوتی: دەبێ ئەتۆ هەڵیگری و زاوا کوتی: نا.

قسەیان لێک چەپ هات. زاوا دەستی دە قژی بووک نا و بووک گەرووی زاوای گرت و بێ ئەوەی ئاگایان لێ بێ، خۆیان لە ئاوێنەکە دا و

شکاندیان. بەو دەنگە وەخۆ هاتنەوە، پێش ئەوەی شەڕەکەیان قورس تـر بێ، بووک بە زاوای کوت:

ـ هەتا دایە و بابە نەهاتوونەوە، وەرە با کایەیەکی دیـکە بکەیـن. ئەم کایەیە هیچ خۆش نەبوو!

# ماڵئاوا

(١)

چەند ڕۆژە کە دوای تەواوبوونی کاتی ئیدارە، بەم گەرمای نیوەڕۆیە لێرە دێیتە خوارێ و نزیـک بە سـەعاتێک لە دەوری ئەم مەیـدانە خـۆت دەخافڵێنی. دەتەوێ تـا کەی وا بـکەی؟ کـوا ئەوە ڕێگـایەتی؟ بەڵکـوو ماڵەکەی لێرە گوێستبێتەوە، بەڵکوو لە سەر سەفەر بێ. هەر نەبێ بچۆ بەر سێبەرەکە. سووتام ئەوەندەی لە بەر ئەم خۆرەتـاوە لەگەڵـت ڕاوەسـتام. لەوێشەوە سەری کۆڵانەکەیان دیارە.

مەترسێ، ئەو تۆ نابینێ. ئاخ من دەبێ نووسەرێکی چەند کڵـۆڵ بـم کە تووشی قارەمانێکی وەک تۆ هاتووم. تۆ پێت وایە ئەوە کڵۆڵی نیـیە کە من تـا ئێسـتا تەنـانەت یەک قارەمانیشـم نەبـووە، کە کـۆک و پۆشـتە و تیروتەسەل بێ. نووسەرە دەر و دراوسـێکان، هەمـوو قارەمانەکانیـان لە کابارە و مەیخانە و پارک و گوڵزارەکاندا خەریکی کەیـف و نەهەنگـن، بەڵام ئەمن ڕۆژ هەتا ئێواریێ دەبێ یـا لە ژێـر سـێدارە دەرتـانبێنم، یـا لە زیندان، فکری هەڵاتنتان بۆ بکەم، یـا لە نەخۆشـخانە بتـانلاوێنمەوە، یـا ئەوەتـا دە ڕۆژان لە بەر ئەو سـوورەتاوەی بە زگـی برسـی لەگەڵتـان ڕاوەستم. چی؟ خەتای منە؟ من ئێوەم تووشی ئەم چارەنووسە کردووە؟

هەقتە وام پێ بڵێی. ئەگەر من نەبوایەم، ئێوە پەناتان بۆ کێ دەبردا من ڕۆژێ سەدان کەسی وەک ئێوە دەبینم کە برسی و بێ پەنا بە کۆڵانەکاندا دەخولێنەوە و خەریکن خۆیان دەخۆنەوە. چی بکەم؟ ناتوانم خۆمیان لێ نەبان کەم.

باشە با لەو قسانە گەڕێین، بۆ لە جیاتی ئەو چاوەڕوانییە ڕاستەوڕاست ناچی پێی بڵێی پارەکەت بداتەوە؟! خۆ دەزانی لە کوێی بدۆزیەوە. شەرمێ دەکەی؟ دەتەوێ کاتێک سەعات سێی دوای نیوەڕۆ دەچێتەوە ماڵێ، بە شێوەیەک لە دەوری مەیدان خۆتی نیشان بدەی، کە ئەو پێی وابێ بە ڕێکەوت تووشی هاتووی، جا ئەودەم، ئەو قەرزەکەی وەبیر بێتەوە و بتداتەوە؟! چەند کارێکی منالانەیە. ڕەنگە ئێستا خوێنەر پێی وابێ ئەم پارەیە چەندە کە تۆی ئاوا هەڵوەدا کردووە. بە کەس نەڵێم؟ من زگم عەمباری کەس نییە. دەیڵێم و چی دیکەشیان لە چاوەڕوانیدا ناهێڵمەوە. هەمووی چوار هەزار تمەنە کاکی خوێنەرا ئەگەر تۆ پێت وابوو ڕووداوێکی چەند میلیۆن تمەنی دەخوێنیەوە، هەر لێرەوە لە خۆت حاڵی بە. دەتەوێ لێی بپرسی کە بەوەندە پاریە دەیەوێ چی بکا؟ باشە تۆ پرسیارەکەی خۆت لە بیر نەچێ، ڕەنگە بە وڵامێک بگەی.

بە قسەم بکە. ئێوارێ بچۆ بەر دەرگای ماڵەکەی. ئەمنیش لەگەڵت بێم؟ جا تۆ چیت لە من داوە؟ با ئەمنیش لە ڕووم هەڵنەیە تۆ بۆ خۆت بچۆ. دوایی کە هاتیەوە بۆم بگێڕەوە چیت کردووە. تۆ نابێ بە ئاوری منەوە بسووتێی. من هەر لە سەرەتاوە مردەلۆخە و شەرمێون بووم. هێشتا تۆ لە من باشتری. حەوتووی پێشوو توانیت سێ هەزار تمەن

قەرز بکەی. با، با، ئاگام لێت بوو کە چۆن لە شەرمان ئـارەقەت دەردەدا. لە لای خێزانت باسی ئەو قەرزەت هەر نەکردووە. هیچ لە بیرتە کە دەبێ بەیانی پارەکەی بدەیەوە. من بیدەمەوە؟ ئەگەر تۆ نەتبـێ، مـن لە کـوێی بێـنم؟ تـۆ لە هەر شـوێنێک پێست خۆشـە پەیـدای بـکە، دانەوەکەی لە ئەسـتۆی مـن. هەر کەس لە فکـری خـۆی‌دایە. تـۆ دەتەوێ بە هەر شێوەیەک بێ، من قەرزەکەت لە جیاتی بدەمەوە. نازانی کە ئەگەر ئەمـن هەر لەخـۆوە ئەوە بـدەمەوە، هەزار ڕەخـنەم لـێ دەگـرن. دەزانـم تـۆ چارەیەکت نییە، بەڵام نابێ چاوەڕوانیی کاری ئاواشت لە من هەبێ. ئەوە دامنـا قەرزەکەشـت داوە، ئەدی پرتەوبـۆڵەی خێزانـت چ لـێ دەکەی؟! هاواریەتی و دەڵێ هیچمان لە ماڵێ‌دا نییە؟ باشـە مەگـری. گریـان هـیچ دەردێک دەرمان ناکا. ها ئەو دەسرەیەم لێ وەرگرە و فرمێسکەکانت پاک کەوە، من چی دیکە دڵم بەرەدایە نادا لە لات بمێنمەوە. تـازە نیوەڕۆیـان لەگەڵت دانابەزم. تۆش وەرە با بڕۆین. نایەی؟ لێرە دەمێنیەوە؟ باشە. مـن قسەیەکم نییە. لێرە بە. ڕۆیشتم ماڵ ئاوا.

(٢)

تۆ بۆ چی خۆت لەو پەنایە مات کردووە. تا کەی دەتەوێ خۆتی لێ بشاریەوە. ئەو ڕۆژەی منـاڵەکەت نەخـۆش بـوو، ئەگەر ئەو، پـارەکەی نەدابایەی، بە چی نوسخەکەت دەکڕی؟ لە بیرتە کاتێک نوسـخەپێچەکە پێی کوتی دەکاتە چوارهەزار و چوارسەد تمەن، چۆن لە جێـوە وێشـک

بووی. تا ئەوکاتە دەستی چەپت بە نایلۆنی دەرمانەکانەوە و دەستی ڕاستیشت لە نێو گیرفانتدا خەریکی دەرهێنانی پارە بوو. کاتێک ئەوەت بیست، دەستی چەپت شل بۆوە و نوسخەکەت لە سەر مێزەکە دانا. دەستەکەی دیکەشت بە بەتاڵی دەرهێنا. دڵنیا بووی کە لە شەش سەد تمەن زیاترت پێ نییە. بە داماوی کەوتیە شەقام پێوان و چاوگێڕان. بۆ چارەڕەشی، ئەم کەسەی لە بەر ئەو سوورەتاوەی دەوری مەیدانەکە ڕاوەستاوە، تووشت بوو. یەکترتان باش دەناسی. ڕووداوەکەت بۆ گێڕاوە. دەستی برد بۆ باغەڵی و بە جوامێرییەکی پڕ لە دڕدۆنگییەوە پارەکەی بۆ ژماردی. تۆ هیچ دەزانی ئەو پارەیەی بۆ چی پێ بوو. پێت ناڵێم، با چی دیکە برینت نەکولێتەوە. ئێستا هەرچی بووە تەواو بوو. زووکە بڕۆ لای. خەریکە لەو گەرمایەدا دەپیشێ. بڕۆ هەر نەبێ لەو چاوەڕوانییە تاڵەی دەربخە. بڵێ نیمە و هەر کاتێک هەمبوو دەتدەمەوە. چ دەڵێی؟ من بیدەمەوە؟ من ئەگەر پارەیەکم شک بردبا، قەرزەکەی ئەوم پێ دەداوە. بەڵام تۆ پێم بڵێ ئەدی ئەو پارەیەی سەری مانگ وەرتگرت، چت لێ کرد؟ بەشی زۆریت دا بە کرێی ماڵ؟ من کرێماڵەکەت بۆ کەم کەمەوە؟ باشە ئەوە من بۆ تۆم کەم کردەوە، ئەی چ لەو هەزاران کەسە بێداهاتەی دیکە بکەم؟ مەگری. گریان هیچ دەردێک دەرمان ناکا. ها ئەو دەسرەیەم لێ وەرگرە. فرمێسکەکانت پاک کەوە. ئەگەر ناچی بۆ لای، کەیفی خۆتە. تۆ هەر لێرە دەمێنیەوە؟ باشە. من قسەیەکم نییە. لێرە بە. من ڕۆیشتم. ماڵ ئاوا.

# ڕاوچی

راوچییەک لە بۆسەدایە. بەفر وڵاتی داپۆشیوە. زۆر برسییە. بە خەیاڵی خۆی دەبێتە باڵندە. هەڵدەفڕێ. لە ئاسمان برسیەتی تەنگی پێ هەڵدەچنێ. چاوی بە ڕەشایی یەک دەکەوێ. لیی نزیک دەبێتەوە. ڕاوچییەک سیرەی لێ دەگرێ. لە نەکاو ڕاوچییەکە دەبینێ. دەیەوێ بگەڕێتەوە. دڵی وەک چۆلەکە لێ دەدا. تەقە لە تفەنگی ڕاوچییەکە دێ و ترپە لە لەشی باڵندەکە دێ. ئەم وەخۆ دێتەوە. تفەنگەکەی فڕێ دەدا. ئەوە ئاخرین جار بوو کە ڕاوی دەکرد.

## پرسە

رَحِمَ الله لِمَن قَرأَ الفَاتِحَه

ئەوە قسەی سەر زاری فەقێیەک بوو کە لە سەر کورسیلەیەک دانیشتبوو، بۆ هەرکەس کە وەژوور کەوتبا و لە شوێنێک دانیشتبا، دووپاتی دەکردەوە و خەڵکەکەش لەگەڵ ئەو کەسەی تازە هاتبوو، فاتحایان دەخوێند. لە سەرەوەی هەمووان، ڕۆحی پاک و پەپوولەئاسای خوالێخۆشبووەکە، لە نێو مێحرابدا بوو. لەنەکاو کەسێک وەژوور کەوت. سلاوی کرد. بە سلاوەکەی نیشانی دا کە لاڵە. بە خواروخێچی بە ڕێگادا ڕۆیشت. خەڵک پێیان وابوو شێتە.

فەقێ چاوی پێ کەوت. بە سەر خۆیدا ڕووخا. خۆی لێ ون بوو. حەجمێنی لێ هەڵگیرا. مزگەوتەکە بێدەنگ بوو. هەستی کرد تەواوی خەڵکەکە چاوەکانیان بەش کردوون. بە چاوێک لە کابرا دەڕوانن و بە چاوێکیش لە ئەم. لەو چاوانە ترسا. خۆف دایگرت. نیگای شۆڕ کردەوە. چاوی بە هەنگاوەکانی کابرا کەوت. پاش چەند هەنگاوی دیکە دادەنیشت. نەیدەزانی چ بکا. فاتیحای بۆ دادا یا نا؟ بڵێی خەڵک پێی پێبکەنن؟ بڵێی خۆی بتوانێ بێدەنگ بێ؟ بڵێی ... بڵێی...؟

کتێبێکی فەقییانەی بە دەستەوە بوو. لەپڕ لێکی کردەوە. سەری دەنێو کتێبەکەدا شاردەوە و وای نیشان دا کە خەریکی خوێندنەوەیە و بەم شێوەیە نەیهێشت کە هیچ کەس فرمێسکەکانی ببینێ.

لاڵە جێگایەکی بەتاڵی دیتەوە و دانیشت. بە سیلەی چاوی، سەیری زار و لێوی دانیشتووانی کرد. هیچ کەس لێوی نەدەبزووت. زانی کە هیچ کەس فاتیحای لەگەڵ ناخوێنێ. بە تەنیایی بێدەنگییەکەی شکاند. فاتیحایەکی لالانەی خوێند: وە وە وە وە ... بە بە بە بە ...

فاتیحای تەواو کرد. هەستا سەر پێ. دەستی بۆ خاوەنپرسەکان بڵیند کرد و دانیشتەوە.

ڕۆحەکە گوێی بۆ فاتیحاکە ڕاداشت. لێی حاڵی بوو. ئەوە تەنیا فاتیحایەک بوو کە دەیبیست.

ماوەیەک بە سەر چوو. مزگەوت ئارام بۆوە. لەنەکاو مەلایەکی کوێر وەژوور کەوت. چاوساغێک دەستی گرتبوو. بە دەنگێکی بەرز ـ بەرزتر لە مامۆستایانی پێشوو ـ سڵاوی کرد. تەنیا چەند کەسێک وەڵامیان داوە. هیچ کەسیش لە پێشی هەڵنەستا. فەقێ دیسان لە سەر کورسیلە ویشک هەڵگەڕا. نەیدەزانی لە بەری هەستێ یا نا؟ چاوێکی بەنێو خەڵکەکەدا گێڕا. لە خۆی پرسی: ئەی بۆ لە پێش مامۆستاکانی دیکە هەستان؟ دیسان پرسیار دەرزیئاژنی کرد. دوودڵی ڕۆحی ئەنجنی، پەژارە دایگرت، دڵی پڕ بوو، گریان هەڵیپێچا، نیگای شۆڕ کردەوە، چاوی بە هەنگاوەکانی کەوت، تا چەند هەنگاوی دیکە دەگەیشتە لای، سێ هەنگاو، دوو هەنگاو، یەک هەنگاو، گەیشتە لای. یەکپێ لە پێشی هەستا. خەڵک

جۆرێکیان چاو لێ کرد. لە داخان دانەنیشتەوە و یەکڕاست وەدەر کەوت ...

مامۆستایان لە گۆشەیەک دانا. ڕۆحەکە چاوی پێی کەوت. ئەوە تەنیا کەسێک بوو کە دەیدیت.

سەرەخۆشی تەواو بوو. ڕۆحەکە گەڕاوە، بەڵام پێی سەیر بوو کە تەنیا دوو کەس لە پرسەکەی‌دا بەشدارییان کردبوو!

## بەرەی داهاتوو

توند وەکوو با، بە سەر زەوی‌دا دەخوشی و بیری دەکردەوە. (بەشی زۆرتری ژیانی بە بیرکردنەوە تێپەر کردبوو. زۆرتر لە نێو خەیاڵدا دەژیا). سروشتی خۆش دەویست. حەزی لە با دەکرد، (حەرەکەتی تێدا دەدی). بەڵام هەمیشە هەستی دەکرد کە مرۆڤ بە باشی ناناسێ. (نە دەیتوانی بڕوای پێ بکا و نە دەیتوانی لێی بێ بڕوا بێ). ئەم مەبەستە لە ڕۆمانەکەشی‌دا ڕەنگی دابۆوە. (دونیای خەیاڵیشی داگیر کردبوو. زۆرتر لە نێو کتێب‌دا دەژیا، بەڵام کەمتر دەینووسی). لە بیری بوو کە سووژەی ئەم ڕۆمانە لەگەڵ یەکەمین منداڵی لە دایک بوو. (ئێستا کە منداڵەکەی بیست ساڵ بوو، ڕۆمانەکەی ئەمیش تازە بە کۆتایی گەیشتبوو). ئەمجارە دروست بیستەمین جار بوو کە بە ڕۆمانەکەوە بەرەو چاپخانە وەڕێ‌دەکەوت، بەڵام هەموو جارێ لە نزیک وێ پەشیمان دەبۆوە و دەگەڕاوە. کاتێک بەرهەمێکی لاوازی دەخوێندەوە، (لە جیاتی ئەوەی ڕێز بۆ خۆماندووکردنی خاوەنەکە دانێ)، بێزی لە خاوەنەکەی هەڵدەستا. هەموو جارێ کە دڵنیا دەبوو بەرهەمەکەی خۆی بەهێزە، وەڕێ‌دەکەوت. لە ڕێگادا ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی بە سەر دەکردەوە. کەم‌کەم لێیان سارد دەبۆوە. کە دەگەیشتە نزیک چاپخانە، بێزی لە

خۆشی هەڵدەستا و دەگەڕاوە. ئەمجارەیان نەیدەویست پەشیمان بێتەوە، بۆیە هەم توند دەڕۆیی ـ توندتر لە هەمیشە ـ و هەم هەوڵی دەدا بیر لە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی نەکاتەوە. ئەو ڕۆمانە بەرهەمی نۆزدە جار سووتان بوو. هەموو جارێ کە بە سەریدا دەچۆوە، ئاداری بە سەر پاداریەوە نەدەهێشت و نوسخەیەکی تازەی لە ڕوو دەنووسیەوە. پاشان نوسخە کۆنەکەی ئاگر دەدا و چاوی دە ئاورەکە دەبڕی. ئەو ئاورەی زۆر پێ جوان بوو. لە نێو ئاگرەکەدا وشەکانی خۆی دەناسیەوە. دەیزانی ئێستا کام وشەیە دەسووتێ یا کامەیانە بە دووکەڵی ئاگرەکە دەخنکێ. پاش سووتاندن، خۆڵەمێشەکەی بە با دەسپارد و چاوی لێ دەکرد هەتا با، سووتووی دوایین وشەی لە بەرچاوی ون دەکرد.

ئەمجارەیان لە هەموو جارێک دڵنیاتر بوو. خاترجەم و پشت گەرم. هەستی دەکرد کە ئیتر پەشیمان نابێتەوە، بەڵام فکرێک ئازاری دەدا. تەنیا یەک نوسخەی لە ڕۆمانەکەی هەبوو. دەترسا کە نەکا کارەساتێک بقەومێ، هەم خۆی تێدا بچێ، هەم ڕۆمانەکەی. ئەڵبەت ڕەنگە ئەگەر ئەو ڕۆمانە نەبا، ژیانی خۆی بەلاوە گرینگ نەبا، لە خۆی نەدەترسا. هەرگیز ژیانی خۆی بەلاوە گرینگ نەبوو. بەڵام نەیدەویست ڕۆمانەکەی لە نێو بچێ. ڕۆمانەکەی خۆش دەویست، نوسخە سووتاوەکانیشی هەمیشە لە بەرچاوی بوو. هەر لە سەرەتاوە بە یەک شەمچە هەموو ڕۆمانەکانی سووتاندبوو. کاتێک کە نۆزدەهەمین نوسخەی ئاور تێبەردا، بۆی دەرکەوت کە دەنکی تێدا نەماوە. شەمچەکەی فڕێ دا و بە خۆی گوت: ئەوە ئاخرین ئاورێکە کە بە وشەی خۆم دەیکەمەوە. پێی خۆش بوو

بۆخۆی بمری، بەڵام دوا نوسخەی ڕۆمانەکەی بمێنێتەوە. چونکە زۆر لەوەی دەترسا چاوی بە چاوی کەسێک بکەوێ کە ڕۆمانەکەی خوێندوتەوە. زۆر جاران بڕیاری دابوو دوای چاپی ئەم بەرهەمە، خۆی لە ژوورێکدا زیندانی بکا، یا بچێ بۆ شوێنێک کە کەس نەیناسێ. نەیدەزانی ئەو ترسەی لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ: لەوەیکە ناوبانگ دەربکا و خەڵک بیناسن و سێرەی لە سەر هەڵنەگرن؟ لەوەیکە خەڵک لە پاش خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بێزیان لێی هەستێ؟ لەوەی کە پێیان وابێ خاوەنی ئەم ئەندێشەیە لە دونیای واقیعیشدا دەبێ شێت بێ؟ لەوەیکە ...؟

ئەو تەنیا ئەوەی دەزانی کە لە چاوی خەڵک دەترسێ، بۆیە هەرگیز سەیری سیما و ڕواڵەتی کەسی نەدەکرد. هەوڵی دەدا چاو لە دەروونیان بکا. بیریان بناسێ، بەڵام تا زیاتر دەروونی خەڵکی دەناسی، لە جیاتی ئەوەی ترسەکەی کەم بێتەوە، زیاتر ترس دایدەگرت. ئەمجارە، تەنیا جارێک بوو کە نەترسانە وەڕێ کەوتبوو، بەڵام ئەمجارەش ترسی تەسادوف خستیەوە یادی ژن و منداڵەکانی:

لەم تەسادوفەدا دەمرم. ڕۆمانەکەم لە تەنیشتم دەکەوێ. ژن و منداڵەکانم دەگەنە سەرم. وریا، یەکەمین منداڵم، دەفتەرەکەم هەڵدەگرێتەوە. ئەویان ئەدەبدۆستە. دەزانێ کە من ئەم ڕۆمانە دەنووسم. پاشان دار و نەدارەکەم دابەش دەکەن. وریا هیچی ناوێ جگە لە ڕۆمانەکە. هەموو گاڵتەی پێ دەکەن، بەڵام ئەو، ڕۆمانەکە چاپ دەکا. تیراژی ڕۆمانەکە بە

سورعەتی با دەچێتە سەر. من دەبمە بە ناوبانگ‌ترین نووسەر و ئەویش دەبێتە دەوڵەمەندترین میراتگر.

زۆری نەمابوو بگاتە چاپخانە. پازدە کیلۆمیتر. لاقی بە گازیەوە نا. توندتر و توندتر. دە کیلۆمیتر. پێنج کیلۆمیتر. لە دوور چاوی بە کامیۆنێک کەوت. کامیۆنی چاپخانە بوو. پڕ لە کتێب. لە خۆشییان گەشکە بوو. هەستی کرد کە کتێبەکەی ئەویش ئاوا لە چاپ دێتە دەرێ. هەموو ئازای لەشی سەمای دەکرد. خەریک بوو باڵی دەگرت. ڕۆحی دەیەویست بفڕێ و لە دونیا هەڵکەنرێ. حاڵێکی سەیری بە سەردا هات. لە هیچ شتێک نەدەترسا. هیچ شتێکی نەدەدیت جگە لە ماشێنی کتێبەکان. لێی نزیک و نزیک‌تر بۆوە و لەپڕ تەقەیەک هات، وەک دونیا خەراب بووبێ. وەک مەرگ و ژیان وێک کەوتبن. چووە ژێر کامیۆنەکە.

ئەو هەواڵە بە گوێی بنەماڵەکەی گەیشت. خێرا هاتنە سەری. شین و گابۆڕ ساز بوو. سەعات و پوول و ئەنگوستیلەیان هەڵگرت. جەنازە گوێزراوە. لە دوایین کات‌دا وریا چاوی بە دەفتەرێک کەوت. هەستی کرد دەیناسێتەوە. بیری بۆ لای ڕۆمانەکەی باوکی چوو. بێتوو ئەو بێ، چی لێ بکەم. ئەگەر دڵنیا بوایەم هیچ‌کەس نایخوێنێتەوە چاپم دەکرد، بەڵام ئاخ لەبەر چاوی خەڵک.

ڕۆمانەکە لە سەر زەوی بەجێ‌ما، هەر تاوناتاوێک، با لاپەڕەیەکی هەڵدەداوە.

## ...؟

هەرکەس خــۆی لە شــوێنێک دۆزیــوەتەوە، ئەویــش خــۆی لە ئاوێنەیەکدا دۆزیبـۆوە. ئەگەر کەسێک لێـی پرسـیبا چەنـد سـاڵە دەو ئاوێنەیەدا دەژی؟ بێ‌شک دەیکوت چەندهەزار ساڵە. ئەگەر لێیان پرسیبا چۆن یەک کەس دەتوانێ چەندهەزار ساڵ بژی، خێرا دەیکوت کە بـاب و باپیرەکانم مردوون، تەمەنی ئەوانیش بە من گەیشتووە.

ئەو ئـاوێنەیە گەورەتـرین شـانازیی ئەو بـوو. کاتێـک لە بەرابەری ڕادەوەستا، نە برسیایەتی لە بیر دەما و نە تینوایەتی. تەواوی فکر و زکری ئەوە بوو کە بتوانێ ئەو ئاوێنەیە بپارێزێ. ئەگەر هەستی کردبا شـوێنێکی ئاوێنەکە ژەنگی هەڵێناوە، هەتا پاک‌پاکی دەکردەوە، ئـارام و قەراری لــێ هەڵــدەگیرا. نەیدەهێشــت تەنــانەت هەڵمــیش لە ڕوخســاری ئـاوێنەکە بنیشێ.

ئەو پێی وابوو هەر خۆیەتی و ئاوێنەکەی. نەیدەزانی کە لە شوێنێکی نادیارەوە چاویان تێ‌بڕیوە و سێرەی لە سەر هەڵناگرن. هەرچەنـد هـیچ زیانی بۆ ئەوان نەبوو، بەڵام ئەوان پێیان خۆش نەبوو کە ببینن کەسێک لە دەور و پشتیاندا ئاوا بە خۆی دەنازێ. پێیان خۆش بــوو ئەو غــروورەی بڕووخێنن. دەیانزانی تەواوی هیوا و هومێدی، ئاوێنەکەیەتی.

***

ئاگای لە هیچ شتیک نەبوو. خەریکی خاوین کردنەوەی ئاوینەکەی بوو؛ لەنەکاو دەنگیکی یەکجار توند ڕایچڵەکاند. دەتکوت بە چەند دەستان بەردیکی گەورەیان بە ئاوینەکەدا داوە. دوای نیشتنەوەی ترس و لەرزەکەی، چاوی هەڵینا؛ وەک شیتانی لی هات، ئاوینەکە ببوو بە چەند پارچە. چاوی لە ئاوینەیەکدا بوو، دەستی لە ئاوینەیەک، پیی لە ئاوینەیەک و ...

خۆی نەدەناسیەوە. دەتکوت بەردەکە وەخۆی کەوتووە و لەتوپەتی کردووە. ئەو خۆی هەمیشە وەک کەسایەتییەکی پتەو دیبوو، بەڵام ئیستا، کە چاوی لە خۆی دەکرد، ترس دایدەگرت. وەک جاران ویستی لە پیش ئاوینەکە قەدەم لیدا. هەنگاویکی هەڵینا، بەڵام دەستی لە لایەکی دیکە دەبزووت و چاوی دەیڕوانییە شوینیکی دیکە و هیچ بەشیکی لەشی، بەشەکەی دیکەی نەدەگرتەوە.

خیرا لە ئاوینەکە نزیکتر بۆوە. بەشیکی شکاوی هەڵگرتەوە و لە سەر جیگای خۆی داناوە. کەیفی ساز بوو. پیی وابوو بە ئاسانی دەتوانی پیکیانەوە نیتەوە. بەڵام لەگەڵ کورتترین جووڵە، سەر لە نوی ئەو بەشە کەوتە سەر زەوی. هیچ چارەی نەما. دەستی کرد بە گریان. هەرچەند هیچکەس ئاگای لە گریانەکەی نەبوو، بەڵام ئەگەر چاویشیان پی کەوتبا، لەجیاتی ئەوەی ڕوحمیان پیدا بی، پیکەنینیان پی دەهات. چونکە لەو ئاوینە شکاوانەدا ببوو بە شتیکی سەیروسەمەرە. کە لە گریانەکەی بۆوە، پڕی دا بەردیکی گەورە و هەڕای کردە ئەولا و ئەولای. هیچکەسی بۆ نەدۆزراوە. نەیزانی کی بوون بەردەکەیان هاویشت. ئەوەندە بە

شـــارەزایی خۆیـــان شـــاردبۆوە، دەتکـــوت بەشـــێک بـــوون لەو تەمەنە چەندهەزار ساڵەی خۆی. ئـاخرەکەی زانـی گەڕان بـێفایـدەیە. ئەوان هەرکە ئاوێنەکەیان شکاندبوو، ڕۆیشتبوون. زانیبوویان کە تازە ناتوانێ بە خۆی بنازێ.

گەڕاوە لای ئاوێنەکەی. بڕیاری دا بیپارێزێ. دەسـماڵەکەی جـارانی هەڵگرت. ویستی ژەنگی گۆشەیەک بسڕێتەوە؛ بەڵام هێشتا تەواو نەببوو کە چاوی بە ژەنگی ئاوێنەکەی دیکە کەوت. بۆ لای ئەمیان چـوو، بەڵام ئەوی دیکە و ئەوی دیکە.

ئیتـر لەو ڕۆژەوە کـار و پیشـەی هەر ئەوەیە. بەڵام هەرچـی دەکـا، ناتوانێ پێش بەو ژەنگە بگرێ و دەترسێ ڕۆژێک بێ و خۆشی لە نێو ئەو ژەنگەدا ون بێ.

...؟

ـ تۆ بڵێی هیچ کەس بە قەد ئێمە دڵخۆش بێ؟
ـ نا، هیچ کەس، هیچ کەس بەڵام ...
ـ بەڵام چی؟
ـ بریا ئەمنیش لەو ڕۆژە ڕەشە دەرهاتبام.
ـ نا، قەد باسی شتی وا مەکە. با هەر ئاوا بێ، کە هەی. مـن قەد بیـر لە چاکبوونەوەی تۆ ناکەمەوە.
ـ بۆ؟
ـ دەترسێم.
ـ لە چی؟
ـ لە زۆر شت. نازانی چەند ساڵ بـوو لە کەسـێک دەگەڕام کە منـی خۆش بوێ.
ـ پێم وابوو هەر من وام!
ـ تۆش وەک من بووی؟!
ـ هەتا ماوەیەک پێش.
ـ دۆزیتەوە؟
ـ بەڵێ.

ـ کێیه؟

ـ تۆ.

ـ ئاخ ئەگەر وشەی "تۆ"ت لە دەم دەرنەهاتبا، شێت دەبووم.

ـ من لە تەواوی تەمەنمدا چاوەڕوان بووم. دەترسام یەک کەسیش نەبێ بمدۆزێتەوە.

ـ سەیرە. منیش پێم وا بوو ناتوانم هیچ کەس بدۆزمەوە.

ـ تۆ هیچ کەست نەدۆزیبۆوە؟

ـ ئاخر ....

ـ ئاخری ناوێ. پێم خۆش نییە لێم بشاریەوە.

ـ تەنیا یەک کەس. ئەویش دەیزانی کە من خۆشمدەوێ. وەسەر خۆی نەدەهێنا. تەنانەت نیگاشی لە من دەدزییەوە.

ـ بە کوێ گەیشت؟

ـ ڕۆژێک لە کۆڵان تووشم بوو. بێئەوەی چاوم لێ بکا، بەستەیەکی بچووکی وەدەستی دام. خەنی بووم. کردمەوە. ئاوێنە بوو. ئاخ نازانی چەند ناخۆش بوو.

ـ بۆ ناخۆش؟

ـ لە ئاوێنە زیزم. ئاوێنەکەی ئەویشم فڕێ دا. پڕ بوو لە بێزاری.

ـ بۆ؟

ـ لە ئاوێنەدا جوان نیم. زۆر ناحەزم دەکا. وەک ژنێکی گرۆیم نیشان دەدا. تەمەنم دەباتە سەر. دەمکاتە کچێکی قەیرە. هەر ئاوێنە لە من ناوەشێتەوە نا.

ـ پێم سەیرە. دەنا ئەمن هەمیشە بە ئاواتم ئاوینەیەک ببینم.

ـ نا ... نا ... قەد ئەو ئاواتە مەخوازە.

ـ بۆ؟

ـ دەترسێم.

ـ لە چی؟

ـ لە زۆر شت.

ـ باشە لە چی؟

ـ نەکا چاوت چاک بێتەوە و تۆش ئاوینەیەکم پێ بدەی!

# هەڵبژاردن

بۆ هەڵبژاردنەکەی ئەودیو

کزەبایەکی ساردی بەیانی هەر دووک دەستی پێ دەگیرفانی نابوو؛ تەنیایی ڕێگای بیرکردنەوەی بۆ خۆش کردبوو. بە لانی کەمەوە ئەوە هەزارەمین جار بوو کە بە شەقامەکەدا شۆڕ دەبۆوە. خشپەیەک لە پشت سەری هات، وەک خشپەی وەرینی گەڵایەک. ئاوڕی نەداوە. دوای چەند هەنگاوی دیکە، خشپەیەکی دیکە و ئەمجارەیان کاغەزێک بە سەما کردن نیشتە سەر شەقامەکە. پێش ئەوەی پێی لە سەر دانێ، چاوی بە وێنەی سەر کاغەزەکە کەوت. لەنەکاو وەبیری هاتەوە کە ئیمڕۆ یەکەمین ڕۆژی هەڵلاوبگری کاندیداکانە. درێژەی بە ڕێگاکەی دا، بەڵام نەیزانی کە پێی لە وێنەکە نابوو یا نا؟

چەند هەنگاوێک خوارتر چاوی بە لاوێکی چاردە پازدە ساڵە کەوت کە بە تفەنگێکی بادی، سیرەی لە چلۆوکی دارێک گرتبوو. ترس وەک باران بە سەر باڵای دا باری. کەوتەوە بیری سەردەمی منداڵی؛ کە کوڕی ژاندەرمێکی جیرانیان بە قۆچەقانی لە سینگی سیروویەکی ڕاکێشا و سیرووەکە بە باڵەفڕکێ مەودای نێوان ئاسمان و زەوی پێوا. لە لای

خۆی، فڕینی سەربەرەوژێری ئەو سیرووەی نـاو نـابوو سـەمای مەرگ. ئەو بیرەوەرییە نەیهێشت لەوە زیاتر خـۆڕاگری، خێـرا خـۆی گەیانـدە کوڕەکە، لوولەی تفەنـگەکەی گـرت و بە سـەری‌دا گوڕانـدی: ئەوە چ دەکەی؟

تـرس وەک تەرزە بە سـەر بـاڵای کـوڕەکەدا بـاری. پێـی وابـوو لایەنگری لە ... دەکا. کـابرا بـۆ ئەوەی دڵنیـا بـێ کە باڵنـدەکە هەڵفڕیـوە سەری بەرز کردەوە، بەڵام چـاوی بە وێـنەی کاندیـدایەک کەوت کە بە سەر لکی داریکەوە هەڵیانواسیبوو. پێکەنی. پێکەنین وەک کـوڵکەزێڕینە لە دەم‌وچاوی‌دا کەمانەی بەست. تفەنگەکەی بەردا و وەڕێ کەوت.

کابرا هێشتا چەند هەنگاوێک دوور نەکەوتبۆوە کە گوێی لە دەنگـی تفەنگەکە بوو، بەڵام ئاوڕی لێ نەداوە. چاوی لە دەوروبەری خۆی کـرد. دەیان کەس لەوبەرئەوبەری شەقام چاویان تێبڕیبوو. دەتکـوت دەیـان ساڵە دەیناسن. نیگاکانیان پڕ بوو لە پاڕانەوە. وەک ئەوەی شـتێکیان لێـی بوێ.

کەمێک هەنگاوەکانی توندتر کرد. دەیەویست خۆی لە ئەو نیگایانە بدزێتەوە. تەنانەت بڕیاری دا چاو لە هـیچ لایەک نەکـا و تەنیـا بـڕوانێتە ڕێگای خۆی، بەڵام ئەوەشی بۆ نەچووە سەر.

کاتێک لە پێچی شەقامەکە بای دەداوە، چاوی بە کۆمەڵێـک وێـنەی دیکە کەوت. لە جێگـای خـۆی وێشـک هەڵـگەڕا. لە نێـو ئەو وێنـانەدا وێنەی کەسێک هەبوو کە لەمێژ بوو دەیناسـی. کەسـێکی زانـا، کە بە دڵ

خۆشی دەویست و متمانەی پێی هەبوو. وێنەکەی وەک ئەوانی دیکە نەبوو. کەمێک بچووکتر بوو.

وردی و زۆری نووسراوەی ژێر وێنەکە ناچاری کرد لێی نزیک بێتەوە. مەودای ئەوەندە کەم کردەوە کە وشەکان لە پێش چاوی ساغ بوونەوە. لە تاوان هەردووک ئەژنۆی شکانەوە. کەمێک داما و پاشان بە زۆری خۆی بە سەر قاچەکانی دا سەپاند و درێژەی بە ڕێگاکەی دا. لە ڕێگادا نووسراوەکەی وڕێنە دەکردەوە: بە بۆنەی کۆچی دوایی ... مەجلیسی پرسەیەک بەڕێوە دەچێ ...

هەرگیز مەودای نێوان ماڵ و ئیدارە ئەوەندە لە بەر یەک نەچووبۆوە.

کاتێک دەرگای ئیدارەکەیانی وەبەر چاو کەوت، هێزێکی هاتەوەبەر. هێشتا لە دەرگاکە زۆر نزیک نەببۆوە کە تارمایی وێنەیەکی دیکە لە پێش چاوی کەوتە ڕێشکە و پێشکە. نزیکتر بۆوە. ئیتر ئەمجارەیان بڕوای بە چاوەکانی خۆشی نەمابوو. خاوەنی ئەم وێنەیەی دەناسی. هەر نە تەنیا ئەو، ئاشنای هەموو خەڵکی شار بوو. بە «حەمەشێت» ناوبانگی دەرکردبوو. لە هەر شوێنێک چەند کەسێک کۆببانەوە، حەمە شێت قسەی بۆ دەکردن. قسەی وا کە ئەگەر عاقڵێکیش کردبای شێتیان دەکرد. چاوێکی دیکەی لە وێنەکە کرد. لە خۆوە دوودڵ بوو. بە خۆی کوت نەکا ئەوە کەسێکی دیکە بێ کە زۆر وەک حەمەشێت دەچێ. بەتایبەت کاتێک چاوی بە ناوەکەی کەوت کە بە خەتێکی درشت نووسرابوو: محەممەدی عالم، ئەم دوودڵییەی زیاتر بوو.

بە هەر شێوەیەک بوو خۆی گەیاندە بەرپرسی ئیدارە، بە بیانووی نەخۆشی منداڵەکانی، حەوتوویەکی ئیزن وەرگرت. یەکڕاست گەڕاوە ماڵێ و بڕیاری دا کە لەو ماوەیەدا خۆی لە شار و شەقام و وێنە و کاندید و ... بدزێتەوە. ڕووی لە سروشت و گوندە دوورکەوتووەکان کرد و لە دوایین ڕۆژدا گەڕاوە. هەرچەند لە ماوەی هەڵبژاردندا خۆی شاردبۆوە. بەڵام سەیر دڵەکوتەی بوو بۆ ئەوەی بزانێ کێ هەڵبژێردراوە. کاتێک دەرگای ماڵە خۆیانی کردەوە، پێش ئەوەی پرسیار بکا، وڵامەکەی لە دەم خێزانی وەرگرت: کاک محەممەدی عالم بە زۆرترین دەنگەوە دەرچوو.

ئەو وڵامە هەستێکی سەیری پێ بەخشی. هەستێک کە نەیدەزانی نیشانەی خۆشییە یا ناخۆشی و لە حاڵێکدا کە هەوڵی دەدا تازە بیر لەو مەسەلەیە نەکاتەوە، ئەو پرسیارە دەستی لە بەرۆک نەدەکردەوە: کە ئایا ئەوە حەمەشێت بوو، یا زۆر وەک ئەو دەچوو؟

# کوردستان

توند هەڵدێ. وەک ئاسکێک کە ڕاوچی شوێنی هەڵگرتبێ. توندتر، دەڵێی دەیەوێ بفڕێ و بەر لە فڕین دەور هەڵدەگرێ. دڵۆپێک ئارەقە بە سەر گنجەکانی نێوچاوانی‌دا دەدا. هێندەی نەماوە بتکێتە خوار. سووکە ئاوڕێک دەداتەوە. دەوەندەیەک لێی نزیک دەبێتەوە ... نزیک‌تر ...

هەتا پشتی گەرم کردەوە. ئێستا ئیتر سێبەری خەنیمەکەی وەپێشی کەوتووە. شەرم لە خۆی دەکا. لە شەرمان کەم دەمێنێ ببێتە دڵۆپێک ئاو. دڵۆپە ئارەقەکەی نێو چاوانی دەتکێتە خوار.

بە ناچاری چاوی دە سێبەرەکە بڕیوە. ئەو سێبەرە لە بەرچاوی دەڵێی جندۆکەیە و سەما دەکا. خۆ دەکوتێ هەتا بیگاتێ. بە هەموو هێزیەوە هەڵدێ. وەک باڵندە باڵ لێ دەدا بەڵکوو بتوانێ بفڕێ. ئای چەند خۆش دەبوو توانیبای ...

دڵخۆشیی خۆی دەداتەوە:

"با باڵیشم نەبێ، ڕەنگە پیاو بتوانێ بە لاقەکانیشی بفڕێ. تا دەتوانم، دەبێ هێندە توند هەڵێم، لاقێکم نەگاتەوە سەر زەوی ئەوی دیکەیان هەڵگرم. دەبێ لە حەوای لاق لێ دەم".

هەروا چاوی دە سێبەرەکە بڕیوە کە دەوەندەکە بە دوای خۆیدا دەیکێشێ. وەدوا کەوتووە. تووڕەیە. چاوەکانی ئاوریان لێ دەباری و چیرەچیری ددانەکان دێ. دەڵێی لە داخان ئێسک و پەراسووی "غیرەت"ی تێک دەقرمێنێ. سەر هەڵدێنێ. نیگاکانی بەرەو خەتی کۆتایی دەڕۆن و ... لە خەتەکەش تێدەپەڕن. ئای بریا هەنگاوەکانی وەکوو تیشکی چاوەکانی، تیژ ڕۆیشتبان.

ڕایەڵی نیگا کۆ دەکاتەوە و تا پێش دەمی خۆی دێنێتەوە. هەر دووسەد میترێکی ماوە. ئەگەر هەروا بچێتە پێش دۆڕاوە. لە خەیاڵیا زەوی زار لە بەر یەک دەباتەوە و هەڵیدەلووشێ. هەست بە نامۆیی یەکی سەیر دەکا. تەنیا لە وڵاتێکی نامۆ. ناهومێدی سەری پێ دادەخا. لەنەکاو چاوی بە نووسراوەکەی سەر کراسە وەرزشیەکەی دەکەوێ: پارێزگەی کوردستان.

ورەیەکی تازە پەیدا دەکا. دەڵێی منداڵێکی لە دایک هەڵبڕاوە و لەپڕ تووشی دایکی دەبێتەوە. وەخۆ دێتەوە. پەنجەکانی بۆ لای لەپی دەست خوار دەکاتەوە. گەرووی ناهومێدی دەکوشێ ... دەیخنکێنێ ...

کاتی ماڵاوایی دێتەوە بیر: دایکی چاوەکانی بە چەند دڵۆپ فرمێسکی دڕدۆنگی شوشت و باوەشی بۆ کردەوە. خۆی هاویشتە نێو باوەشی. دایکی پێی گوت: ڕۆڵە گیان، هیوادارم هاتیشیەوە، بە سەربڵێندی باوەشت بۆ ئاوەڵا کەم..

دەنگی بلێندگۆ وەک نەشتەر لە هەموو ئازای بەدەنی ڕۆچوو، وەخۆی هیناوە:

"چی وای نەماوە بۆ هێلی کۆتایی، تاوێکی دیکە ..."

ئیتر ئارەقەی لەشی بە دڵۆپ نەدەژمیردرا. کراسەکەی تەڕ ببوو. تەڕایی کراسەکەی، ناوی کوردستانی بە سەر قەلبیەوە نووساندبوو. دڵی زۆر بە توندی لێی دەدا. گوێی بۆ شل کرد. دەنگی دڵی وەک جاران نەبوو. دەنگێک نەبوو. دەتکوت ملیۆنەها دڵە. ڕاچەنی، کاتێک زانی دڵی هەموو کوردستانە لە نێو دڵیدا لێ دەدا، وردە وردە هەنگاوەکانی بەهێز بوون. ئیتر هەنگاوی دوو کەس، سێ کەس، دەیان کەس نەبوو ... هەنگاوی هەموو کوردستان بوو بەرەو پێشیان دەبرد.

لە خەتی کۆتایی نزیک دەبۆوە. مەودای دەگەڵ دەوەندی پێش خۆی کەم بۆوە و هانکەهانکی هەناسەکەی گوێ لێ دەبوو. توندتر هەڵدەهات. ئەوەندە توند کە ئیتر هەستی دەکرد وردەوردە لە زەوی جوێ دەبێتەوە و بە لاقەکانی دەفڕێ. لە حەوای لاق لێ دەدا.

دەگەڵ خەنیمەکەی لە یەک خەتدا بوون و دەگەڵ خەتی کۆتایی تەنیا دوو هەنگاویان مەودا بوو. دایکی وەبیر هاتەوە و باوەشە ئاوەڵاکەی. باوەشی ئاوەڵای هەموو نیشتمان. دوو هەنگاوەکەش هاویژران ... کێبەرکێ کۆتایی هات. دەوەندە کوردەکە لە خۆ چوو. ئاگای لە خۆی بڕا. بلێندگۆکە کەوتە هاوار ...

سروەی ژمارە ٥١، ساڵی ١٣٦٩

# پوولْدان

ڕێبوارەکان بەلەز بە لامدا تێدەپەڕین. هێندێکیان بارستی کۆلەباری خەم و پەژاە پشتی چەماندبوونەوە و زامی ئاواتە خنکاوەکانیان جەرگی بریندار کردبوون. بە نێوچاوانی پڕ گرنجەوە کە وێنەیەک بوو لە ژیانی سەختڵەتیان، بە بەرچاومدا ڕادەبردن. نۆرەی دەستەیەکی دیکە دەهات. ئەوانەی کە تامی خەمیان نەچێشتووە و ئێش و زامیان نەدیوە. لەولای شەقامەکە پیرەپیاوێکی ماندووی داماو، دەستی لە ئەژنۆ وەرینابوو و لە نیزیک کتێبە تۆزاوی و پەڕپووتەکانی دانیشتبوو و بیری دەکردەوە و بەو تاسەیەوە کە بۆ کوتاڵفرۆشێکی بە تێرو نەبووە، جەرگی جەرگی دەخواردەوە.

پێم لە ڕۆیین و چاوم لە ڕوانین نەدەوەستان. هە کە وا دەڕۆیشتم وەبیرم هاتەوە دەبێ بچم ماشین بە کرێ بگرم و برا چکۆلە نەخۆشەکەم بەرمە لای دوکتۆر لە شاری ورمێ. بۆ وەرگرتنەوەی پوول بەرەو بانک وەرێکەوتم. سەردەمی گۆڕینی کۆپین بوو، خەڵک بە نۆبە دەچوون بۆ ژوور. چوومە ناو سەفەکە، منداڵێک هەشت ساڵانە لە پێش من ڕاوەستابوو، پوولدانێکی سوور و جوانی بە دەستەوە بوو، هەڵیدەخولاند، تێی ڕادەما، لێی ورد دەبۆوە. دەتکوت چاوەڕوانە

پوولدانەکە قسە بکا. هەرکە شەقەی پوولەکانی گوێ لێ دەبوو، بزەیەکی دەهاتە سەر لیو. ئەوجار لە کەلینی پوولدانەکەوە دەیڕوانییە پوولەکانی. ئەو پوولانەی کە تمەن تمەن کۆی کردبوونەوە.

تافی منداڵیم دەهاتەوە بیر و ئیرەییم بەو منداڵە دەبرد. چون پێیم وابوو دەتوانێ بەو پوولدانە پڕ لە پوولە بە ئاواتی منداڵانەی خۆی بگا. جارجار هەناسەیەکی ساردی هەڵدەکیشا و خونچەی پشکووتووی لیوی دەژاکا. دەمیک بە بزە و دەمیک بە کەسەر و کزەی دڵ سەرنجی دەدا. هەستم بەوە کرد کە ئەوەندە پوولە ناتوانێ ئاواتەکەی بەدی بینێ و بیر کردنەوە لە ئەو مەسەلەیە دڵی ساوا و ناسکی دەشکێنێ. لە لای دانیشتم و کوتم:

ـ کوری چاک، ناوت چییە؟

کوتی:

ـ ئارام

کوتم:

ـ ئەی بۆ دایکت و باوکت لەگەڵت نەهاتوون؟

کوتی:

ـ باوکم کارگەرە و دایکم ... دایکیشم مردووە.

وشەی «دایکیشم مردووە» وەکوو ئاگریک، پۆلووی دامرکاو و لەگڕکەوتووی دڵی پڕ کوڵی گەشاندەوە و فرمیسکی پێ هەڵوەراند. لە پرسیارەکەم پەژیوان بوومەوە و بۆ لاواندنەوەی دڵی زامداری، دەستم کرد بە قسە:

ـ قەیدی نییە ئارام گیان، هەزاران کەس وەکوو تۆ دایکیان نەماوە، بەڵام پیاوانە ڕاوەستاون و گەرچی خەمی دایکیانە، بەڵام فرمیسکی بۆ نارێژن. تۆ چەند ساڵی دیکە دەبی بە پیاو. دەزانی پیاو بە کێ دەڵێن؟ بەو کەسە بتوانێ لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێ و جگە لە خودا پاڵ وەکەس نەدا. ئەگەر ئەورۆ ئەتۆ لەگەڵ دایکت هاتبایە ئێرە، منداڵ بووی کەچی ئێستا تەنیا هاتووی. ئەتۆ ئەورۆ پیاوێکی، چونکە کاری پیاوێک دەکەی. بەڵام ئەگەر دەگەڵ دایکت هاتبای منداڵێک بووی. گەورەیی و پیاوەتی بە قەڵافەت نییە.

ئارام چاوە پڕ ئاوەکانی لە چاوم بڕی و بە هێمنی کوتی:

مامە، منداڵەکانی مەدرەسە هەموو دایکیان هەیە، بێجگە لە من، هەر ئەمن بێ دایکم. ئەوێ ڕۆژێ، ڕۆژی دایک بوو. هەموو منالەکان دیارییان بۆ دایکیان کڕیبوو و دەیانبردەوە ماڵ کەچی ئەمن نەمدەزانی چ بکەم. ئاخری چەپکەگوڵێکم کڕی و چوومە سەر قەبری دایکم و کوتم:

ـ دایە گیان بریا زیندوو بای، لێچکەیەکی جوانم بۆ دەکڕی. نەڵێی ئارام ئەتۆی لە بیر چۆتەوە، نا، دایە گیان ئەتۆ قەت لە بیر ناکەم. شەو نییە خەونت پێوە نەبینم. دایە گیان ئەوشۆ زۆر زوو دەنووم هەتاکوو زووتر تۆ ببینم. تۆ خوا لە بیرت نەچێ دایە گیان بێیە کنم.

ئەگەر ئارام لەوە زیاتر درێژەی بە قسەکانی دابا، خۆم پێ ڕانەدەگیرا، بۆیە قسەکانیم بڕی و کوتم:

ـ باشە دایکت بۆ مرد.

کوتی:

ـ سێ مانگ لەوەی پێش بوو دایکم دووگیان بوو، ڕۆژێکی زۆر نارەحەت بوو، بابم چوو مامانی هێنا، بەڵام دایک تاولەتاوی خەراتر دەبوو، مامانەکەش دەیکوت: هیچ نییە. ئاخرەکەی زۆر نارەحەت بوو، بردمان بۆ دوکتور. دوکتور پاش چەند سەعات ڕاگرتن کوتی: لێرە چارەی نایە، چونکە دەبێ عەمەل بکرێ و لێرەش نەخۆشخانە نییە. دایکمیان دە ماشینێ نا هەتا بیبەن بۆ شارێکی گەورە. منیش بە زۆر خۆم ڕەگەڵ خست، لە نیوەی ڕێگا دایکم منداڵەکەی بوو، بەڵام خۆی مرد. دەستی لە نیو دەستمدا بوو ئەگەر تەواو بوو. قەت ئەو ڕۆژم لە بیر ناچێ، لەو ڕۆژەوە من بێ دایکم، ئەو پووڵدانەش یادگاری دایکمە و بۆنی وی لێ دێ. ئەودەمی بۆی کڕیبووم قەرار بوو ئەگەر پڕ بوو دووچەرخەی پێ بکڕم. چونکە دەیزانی من دووچەرخەم زۆر خۆش دەوێ. لەو ڕۆژەوە، کە پووڵدانەم داناوە پووڵم خەرج نەکردووە و هەموو پووڵەکەم کۆ کردۆتەوە ... ڕەفیقەکانم هەموو دەزانن من پووڵم بۆ دووچەرخە کۆ کردۆتەوە، دەڵێن خۆزگەم بە خۆت و پێیان خۆشە دەگەڵم ببن بە ئاواڵ. ئاخە، قەرار بوو من سبەینێ چەرخی بکڕم، ئەویش ئەورۆ گوێم لێ بوو دەوڵەت دەیەوێ نەخۆشخانە لە شار ساز بکا. منیش پووڵدانەکەم هەڵگرت و هێنام نەخۆشخانەی پێ ساز بکەن. دەزانی بۆ مامە؟ دەزانی بۆ؟ بۆ ئەوەی کەسی دیکە دایکی نەمرێ. دایک مردن زۆر ناخۆشە مامە.

ئیتر هێزم نەمابوو. فرمێسک لە چاوانیدا پەنگی خواردبۆوە و هێدی‌هێدی دەڕژانە سەر کوڵمە گەش و جوانەکانی. بە دەنگی لەرزۆکی ئارام وەخۆ هاتمەوە کە دەیکوت:

ـ ئەرێ مامە ڕاستە دەڵێن ئەمن هەتیوم؟

گوتم:

ـ نا نا، ڕۆڵە؛ تۆ هەتیو نی. هەتیو ئەو کەسەیە باوکی نەبێ. ئەگەر ئەوجارەی منداڵان وایان پێ کوتی نارەحەت مەبە. چونکە تۆ نابێ لە بیرت بچێ کە پیاوی. پیاو بە قسەی منداڵان پەرۆش و تووڕە نابێ. نابێ قەت بۆ دایکت فرمێسک برێژی.

کوتی:

ـ نا، مامە ئەمن بۆ دایکم ناگریم، چونکە بوومەتە پیاو. بۆیە دەگریم دەڵێم: بریا چەند ساڵ پێش تر نەخۆشخانەیان ساز کردبا ...

سروەی ژمارە ١٥، ساڵی١٣٦٦

# ئاڵبۆمی وێنە

سەرنجێک: هێندێک لەم وێنانە پێش‌تر لە کتێبی «ڕازی مانەوەی خاک»
کۆکراوەی هادی حەبیبی‌دا بڵاو بوونەتەوە و لەوێوە وەرگیراون.









مارف ئاغایی







فەتاح ئەمیری ـ مارف



مارف ئاغایی ـ شێرکۆ بێکەس



١. مارف ئاغایی ٢. مامۆستا هێمن



عەتا نەهایی ـ مارف



مامۆستا جەلیلی جەلیل ـ مارف ـ سەرتیپ مەنسووری



موحسین خالیدی ـ مارف ـ سواره فتووحی



باقر پیری ـ مارف ـ قالەمەڕە ـ ؟ (خەرمانانی ساڵی ١٣٧٤)



جەلال مەلەکشا ـ مارف ـ فەرەیدوون ئەرشەدی



فەتاح ئەمیری - شەفیع خزری - محەمەد حەمەباقی - مارف



ڕەسووڵ وەیسی - مارف



مارف ـ بارام وەلەدبەیگی ـ ئەحمەد قازی ـ مامۆستا محەمەد قازی



مارف و هاورێکانی

خاک،
توانای کۆچی نییە
ئەوەیە ڕازی مانەوەی هەمیشەی من
لەم وڵاتەدا.



ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوە